# جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# جووته وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا

## کەوسەر عەزیز ئەحمەد گەلاڵی



کتێب: جووته وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا
دانانی: کەوسەر عەزیز ئەحمەد گەلاڵی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٤٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# جووتەوشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا

**١- ناونیشانی باسەکە:**

هەروەک ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (جووتەوشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا) دەری دەخات دیاردەی جووتەوشە لە کوردیدا دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەدا. باسەکەمان سەراپا دەبێ لەوەدا کە تەنیا لایەنێکی دیاردەکە ناگرێتە خۆی بەڵکو لە بارەی هەموو لایەنەکانی جووتەوشەوە دەبێت. لایەنی واتاسازی و ڕستەسازی و وشەسازی. هەر لەبەر ئەمەشە کە ناونیشانەکە بەرەڵڵا بەجێ هێڵراوە. خاڵێکی گرنگی تر کە لە ناونیشانەکەدا دیاری کراوە ئەوەیە کە جووتەوشە بەجۆرێک لە وشەی لێکدراو دادەنێن. دیارە مەبەست لە زمانی کوردی دیسان لە ناونیشانەکەدا هاتووە. زاری کوردی ناوەڕاست، کە هەندێ کەس بەکرمانجیی خواروو و هەندێ کەسی تر بەسۆرانی ناوی دەبەن. بێ گومان لەبەر ئەوەی کوردی ناوەڕاست یەکێکە لە دوو زارە سەرەکییەکەی کوردی. بەکارهێنانی «زمانی کوردی» لە ناونیشانەکەدا لە جیاتی «زاری کوردی ناوەڕاست» لە ڕووی زانستەوە زۆر لە کێشەکە ناگۆڕێت، بەڵام گرنگە ئەوەش بزانرێ کە مەبەست لە زمانی کوردی لێرەدا زاری کوردی ناوەڕاستە و نموونە و ڕاستییەکان و لێکۆڵینەوەکە هەمووی لە بارەی ئەم زاراوە دەبێت.

**٢- مەبەستی باسەکە:**

زاراوەی «جووتەوشە» زاراوەیەکی لێڵ و پڕ لە تەمە و پێویستی بەوە دەبێت کە لە چەند دیاردەیەکی ڕێزمانی نزیک خۆی جودا بکرێتەوە. بۆ نموونە زۆر جووتەوشە هەیە وەک (باڵا بەرز، گەنم ڕەنگ، پچڕ پچڕ) یان



(بەروبووم) کە هەرچەندە لە دوو وشە پێک هاتوون و بەوشەی لێکدراویش دەژمێردرێن، بەڵام ئەم جووتە وشانە نین کە بەتەواوی دەبنە تەوەری ئەم کارە وەک (کردە و کۆشە)، (جڕ و جانەوەر)، (مار و مێروو)، (بڕ و بیانوو)، (ئاین و ئۆین)... هتد.

جگە لەوەی ئەم جووتەوشە لێکدراوانەی کە لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەدا لێک دەدرێتەوە بەشێکیان بەئامرازی بەیەکەوە گرێ دراون، واتای وشەکانی هەموویان لە کۆی واتای هەردوو کەرتەکەوە نەهاتوون. بەشێوەیەکی تر واتای جووتەوشە لە یەکێک لە کەرتەکاندا دەبینرێت و کەرتەکەی تر جەخت دەکاتە سەری و پتر ڕوونی دەکاتەوە. هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین، کە جووتەوشە بەلای ئێمەوە وشەی وەک (بەروبووم)، (قەتل و عام) ناگرێتەوە چونکە ئامرازی بەستن لەو وشانەدا ڕۆڵی ئیزافە دەبینێ: (بەروبووم) بەواتای (بەری بووم) یان (بەری عەرد) و (قەتل و عام) بەواتای (کوشتنی خەڵک) دێت. دیسان جووتەوشە بەلای ئێمەوە وشەی وەک (باڵا بەرز) و (گەنم ڕەنگ) ناگرێتە خۆی. هەرچەندە ئەمانەش لێکدراون و لە دوو کەرت یان دوو وشە پێک هاتوون، چونکە نەک هەر لەم وشانەدا ئامرازی بەستن نییە، بەڵکو لەم جووتە وشانەدا یەکێک لە کەرتەکان دیارخەرە و کەرتەکەی تر دەرخەر. لەم جۆرە وشانەی لێرەدا بەجووتەوشە دەژمێردرێن، پەیوەندی نێوان دەرخەر و دیارخەر ڕۆڵ نابینی. کەواتە مەبەستی سەرەکی باسەکە ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی جووتەوشەیە، چونکە تا ئێستا زمانەوانەکان بێ هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سنووری زاراوەکە، لەم بارەیەوە هەندێ ڕاستییان تۆمار کردووە. جووتەوشەی لێکدراو بەلای ئێمەوە ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی دەبێت تێدا بێت:

١- هەردوو کەرتەکە بەیەکەوە یەک واتا دەدەن بەدەستەوە.

٢- هەمیشە ئەم دوو کەرتە بەیەکەوە دێن.
٣- بەگشتی ئامرازێکی بەستن لە نێوانیاندا هەیە.
٤- دوو کەرتەکە پاش و پێش ناکەن.
٥- هەر کەرتە خۆی دەبێ بەسەرە (دەرخراو)، واتە دوو دەرخراو پێکەوە دێن.
٦- دوو کەرتەکە لە یەکتری ناترازێن، واتە هیچ وشەیەکی تر ناچێتە نێوانیانەوە (بڕوانە بەشی دووەم بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سنووری جووتەوشە).

### ٣- بایەخی باسەکە و ڕادەی پێویستی:

بایەخی باسەکە لەوەدایە کە کەلێنێکی گەورەی زمانەوانی کوردی دەگرێتەوە و کەڵک بەزمانی کوردی دەگەیەنێت بەوەی «لایەنێکی گرنگی وشەسازی زمانەکە دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکە. جگە لەمەش جووتەوشە لە کوردیدا تایبەتی و سەربەخۆییەکی گرنگی هەیە چونکە لە خۆیاندا چەندین ڕووداوی کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی ڕۆژانەی کورد بەدرێژایی مێژووی دەخەنە بەردەست، چونکە لەو دیاردە زمانییانەی کە لە ناو مێژووی خەڵکدا سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن و قاڵ دەبن.

### ٤- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا ڕێبازێکی وەسفی بابەتی گیراوەتە بەر. واتە مەبەستی یەکەم لێرەدا شیکردنەوەی ئەو کەرەستانەیە کە کوردی لەڕەوتی جووتەوشەدا دەمانداتێ. شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم جووتە وشانە لەگەڵ هەست و باوەڕی لێکۆڵەردا نەبووە و لێکۆڵەر لە دوورەوە لە دیاردەکە دەکۆڵێتەوە دەستی تێوەر نەداوە، واتە لێکۆڵەر ڕێگا بەخۆی



نادات حەز و هەستی خۆی بێنێتە ناو باسەکەوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە تەنانەت زۆر جاریش پشتی بەنموونەی خۆی نەبەستووە و پەنای بردۆتە بەر نموونەی زمانەوانی و نووسەرەکانی پێشتر، جگە لەو نموونانەی کە لە پەند و شیعری کوردیدا بەدەستی خستوون. بابەتی ڕێبازەکە لەوەشدا دەردەکەوێ کە لێکۆڵەر نەک هەر لە دوورەوە کەرەسەکە شی دەکاتەوە بەڵکو دەیەوێ لە ڕوانگەی نوێ و جیاوازەوە سەیری جووتەوشە بکات و لێی بکۆڵێتەوە. هەر بۆیە لە کاتێکدا کە بەسەر کارەکانی تردا بەوردی چۆتەوە و هەڵی سەنگاندوون، لە هەمان کاتیشدا بەهیچ ڕوانگەیەکی ئەمانەوە خۆی نەبەستۆتەوە و بەچاوێکی ڕەخنەییەوە لە هەموو دیاردەکە دەڕوانی.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو یاسا و تێبینییانەی لێکۆڵەر دەربارەی نموونەکانی بەردەستی خستۆتە ڕوو بەتەنیا هەر لەسەر ئەم نموونانە پیادە نابێت، بەڵکو بۆ دیاردەی جووتەوشە بەگشتی دەبێت: واتە نموونە شیکراوەکانی مشتێکن لە خەوارێک، کە نموونەکان شی کرانەوە، هەموو دیاردەکە دەکەوێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە لە سەرێکی ترەوە بابەتییە: لەوەدا کە یاسا و تێبینییەکان بەدەرەوەن و زمانەوانی تر، بەهۆی نموونەی ترەوە خۆی دەتوانێ پاساوییان بدات و ڕاستییەکان ببینێ. واتە لە هەر شوێن و هەر کەسێ هەمان ڕێباز بگرێتە بەر دەگاتە هەمان ئەنجام.

بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوە و باسەکانی پێشتر دەربارەی جووتەوشە، ئەم لێکۆڵینەوە سەرپایە (شامل)، واتە گرنگی بەهەموو لایەنەکانی دیاردەکە داوە، نەک هەر لایەنی ڕستەسازی و واتاسازی و وشەسازی، بەڵکو ڕۆڵی جووتەوشە لە فەرهەنگ و دەوڵەمەندکردنی وشەی کوردیدا دراوەتە بەر لێکۆڵینەوە.

**٥- سەرچاوەی نموونەکان:**

سەرچاوەی هەندێ لە نموونەکان هەوڵدانی خۆمن بەهەڵبژاردنی ئەمانە لەگەڵ قسەپێکەری تری کوردیدا تاقی کراونەتەوە و کە گومان لە بوونیاندا نەماوە، نموونەکانی تر هەموویان لە پەند و شیعری کوردییەوە وەرگیراون و لە شوێن خۆیاندا ئیشارەت بەسەرچاوەکانیان دراوە. دۆزینەوەی نموونەی لەبار کارێکی ئاسان نییە و هەندێ جار دەست ناکەوێ. هەر لەبەر ئەوە نموونەم لە قسەی خەڵکەوە وەرگرتووە. ئەمەش لە زانستی کارەکە کەم ناکاتەوە چونکە لە خۆدەرهێنان (استنباط) ڕێگەیەکی باوەڕ پێکراوە لە زمانەوانیدا.

**٦- بەشەکانی نامەکە:**

جگە لە پێشەکی کە چەند سەرنجێک دەربارەی ناونیشانی نامەکە و مەبەستی لێکۆڵینەوەکە و ڕێبازەکەی و سەرچاوەی نموونەکان دەخاتە ڕوو نامەکە کراوە بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم:

بریتییە لە پیاچوونەوەیەکی وردی هەموو ئەو کارانەی کە پێشتر لە بارەی جووتەوشەوە کراون. هەر کارە لە چەند لاپەڕەیەکدا پێشکەش کراوە، لە دواییدا بەدرێژی کەموکورتی و چاکەکانی لێک دراونەتەوە. لە ڕێزکردنی کارەکانی پێشتردا مێژووی بڵاوکردنەوەیان ڕەچاو کراوە و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە گرنگی هەریەکەیان لە چوارچێوەی مێژوویاندا دەربکەوێ. ئەوەی لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە هەمان دیاردە چەندین زاراوەی بۆ بەکار هاتووە وەک جووتەوشە، وشەی لێکدراوی بەستراو، جووتە ناو، ئاوەڵ وشە، لێکدراوی ناوبەناو... هتد. دیسان خاڵێکی گرنگ



لە بارەی ئەم کارانەی پێشوو ئەوەیە کە زۆربەیان بریتین لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی نموونەی جووتەوشە لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەی واتاکانیان و تۆمارکردنیان بەمەبەستی لەناونەچوون یان ڕزگارکردن لە فەوتاندن. ئەم لێکۆڵینەوانەی کە هەوڵی شیکردنەوە و شیکارکردنی دیاردەکەیان داوە و ویستوویانە بابەتیانە و لە ڕووی تیۆرییەوە لە تایبەتی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی دیاردەکە بدوێن. ژمارەیان کەمترە و ئەمانەش هەریەکەیان بەزۆر جەختیان لەسەر لایەنێکی جووتەوشە کردووە و لایەنەکانی تریان خستۆتە پشتگوێ. بەمە هیچ کام لەم لێکۆڵینەوانە ئەو سەراپاییەیان تێدا نییە کە لەم نامەیەدا دەبینرێ. ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەم تاکە نامەیە تا ئێستاکە هەموو لاپەڕەکانی بۆ جووتەوشە تەرخان دەکات.

بەشی دووەم:

بۆ ڕێزمان و سینتاکسی جووتەوشە لێکدراو تەرخان کراوە. پێشەکی هەوڵی ئەوە دەدەین وەسفێکی ڕێزمانی جووتەوشە پێشکەش بکەین کە ئەمانە لە لێکدراوی تر جودا بکاتەوە، ئەمە گەورەترین و گرنگترین بەشی نامەکەیە و چەندین سەرباس دەگرێتەوە: تایبەتمەندەکانی جووتەوشەی لێکدراو: تایبەتی ڕێزمانی. ڕۆڵی ئامرازی بەستن، گرنگی ڕێزمانی دیاردەکە، واتە ڕۆڵی جووتەوشە لە ڕستەی کوردیدا. هەموو بەشەکە ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێ کە جووتەوشە وەک دانەیەکی ڕێزمانی ڕەفتار دەکات کە کەرتەکانی لە یەکتر ناترازێن و جودا نابنەوە پاش و پێش ناکەن، جۆرەکانی جووتەوشە و ئەرکی دووبارە و چەشنەکانی دووبارە و پۆڵکردنی دووبارە... هتد. لە ڕووی ڕستەسازیشەوە بەزۆری کەرەسەیەک پێک دێنن: گرێ ناوی، کە وەک هەموو گرێیەکی ناوی جگە لە ڕۆڵی بکەر و بەکار و تەواوکەر دەشتوانێ ببێتە سەربار (ئاوەڵگوزارە) لە ڕستەدا.

**بەشی سێیەم:**

پێشـەکی باس لە لێڵ و ڕوونی واتای جـووتەوشـە، واتا گـشـتـییـەکەی دەکەین، دوایی دێینە سەر پەیوەندییە واتاییە جیاجیاکانی کەرتەکانی جـووتەوشە و پەیوەندی نێـوان ئێـدیەم و جـووتـەوشە، لێرەدا پۆلێنکردنێکی واتایی دووبارە و جووتەوشە بەستراو بۆ یەکەم جار دەخەینە ڕوو.

لە کـۆتایی بەشەکـان فەرهەنگۆکێک دەربارەی جـووتەوشە دەخـەینە ڕوو بەپێی حـەرفی هێـجـای کـوردی و کـۆمـەڵێک لە هۆنراوەی کـوردی بەبەکارهێنانی جووتەوشە لە زمـانی کوردی و کولتـووری کوردیدا پیشان داوە. بەدوایی ئەم بەشـەدا ئەنجـام و کـورتەیەکی باسـەکـە بەعـەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بەنامەکە دێ.

## بەشی یەکەم

## پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی
## پێشتر لە بارەی جووتەوشەوە نووسراون

**سەرەتا:**

جووتەوشە یەکێکە لەو بابەتە زمانییانەی تا ڕادەیەک لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکییەوە فەرامۆش نەکراوە. لەبەر ئەوە جووتەوشە کەرەستەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ و چالاکی زمانی کوردییە و بەبەردەوامی لە ئاخاوتن و وتووێژی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێ، بۆیە زمانەوانانی کورد و بێگانە سەرنجی خوێنەریان بۆ ڕاکێشاوە.

ئەگەرچی ئەم بابەتە لە ژێر ناوی جیاجیا و زاراوەی جۆربەجۆر و بۆچوونی جیاوازدا خراونەتە ڕوو و لێ کۆڵراوەتەوە، بەگشتی دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەک فەرامۆش نەکراوە و باش ئاوڕی لێ دراوەتەوە. بەڵام نەگەیشتوونەتە ساغکردنەوەیەکی تەواو، وا ئێستاش لە خوارەوە لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە دەدوێین، کە کەم یان زۆر لەم دیاردەیە دواون و چەمکێکیان لێ ڕوون کردووەتەوە.

بەدوایی خستنە ڕووی بۆچوونی هەر نووسەر و زمانەوانێکیشدا بەتێروتەسەل بیر و سەرنجی خۆمان دەربارەی لێکۆڵینەوەکە دەخەینە ڕوو تا نرخ و پلەی زانستی دیاری بکەین. واشمان بەباش زانی بەپێی مێژووی بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکان هەڵسەنگاندنی باسەکەمان دامەزرێنین، تاوەکو شوێن و جێگەی هەریەکەیان بەگوێرەی دەوروبەرەکانیان لە زمانەوانی کوردیدا دیاری بکەین.



موککەرەم ڕەشید لە ژێر سەرباسی (دەربارەی جووتەناو لە زمانی کوردیدا)[1] هەندێ ڕاوبۆچوونی لە بارەی چەند نموونەیەکی جیاجیاوە خستووەتە ڕوو، کە بەتایبەتمەندی زمانی کوردی لە قەڵەم داون و بەبەڵگەی دەوڵەمەندی و کۆنیی زمانەکە دایناون. دەکرێ کۆی بۆچوونەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێنە ڕوو:

١- هەندێ لەو وشانە بەتەنیا بەکار نایەن، وەک: «زەبروزەنگ، گرژومۆن».

٢- بڕێکیان لە شێوەی ڕەگ یان بناغەی چاوگ دان، وەک: «جموجۆڵ، وتووێژ».

٣- ئەو جووتە وشانەی مۆرفیمی (او، اگە، ەو، ان) دەچێتە سەریان یان نێوانیانەوە بۆ مەبەستی دووبارەکردنەوە بەکار دێن، کە بەشێکیان بە(ناوگر)ی دادەنێن وەک: پێچاوپێچ، دەماودەم، پشتاوپشت، بەرانبەر، سەرانسەر، قوڕقوڕاگە... هتد.

٤- بەشێک لەو جووتە وشانە بۆ ناونانی هەندێ لە یارییەکان بەکار دێن وەک: «غارغارێن، تۆپ تۆپێن... هتد». ئەمەش بەهۆی پاشگری «ێن».

٥- کۆمەڵێکیان ئەگەرچی جووتەناون، بەڵام لە بنجدا دوو چاوگی دژ بەیەکن وەک: «هاتوچۆ، بگرەوبەردە، هاموشۆ».

٦- دەستەیەک لەم جووتە ناوانە بەشی یەکەمیان واتادارن، هەرچی بەشی دووەمیانە واتایان نییە، وەک: «خەستوخۆڵ، خڕوخۆڵ، نەرمونۆڵ... هتد».

٧- چەندێکیان بەمەبەستی ڕوودانی لە دوای یەکی شت بەکار دێن وەک:

---

(١) موککەرەم ڕەشید، جووتەناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان)، ژ ٤٠ - ٤١، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٢ - ٣٣.

«ورده ورده، کەم کەم، پەیتا پەیتا» ئەمانە بەتەنیا بەکارنایەن ئەگینا مەبەستەکە دەگۆڕێت وەک: «ورد» بەتەنیا مانای بچووک دێت (ورده ورده) بەواتای لەسەرخۆ دێت... هتد.

٨- هەندێ لە وشە یان ناو هەیە دووبارە دەبنەوە بەڵام پیتی یەکەم وشەی دووەم دەگۆڕێتەوە بەپیتی (م) کە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بەجووتەوشە نییە چونکە ئەگەر ئەمانەمان بەجووتەوشە دانا ئەوە هەموو وشەیەک دەبێتە جووتەوشە کە ئەمەش نەبووە نەکراوە لە هیچ زمانێکدا.

٩- ئەو جووتەناوانەی دەنگی سروشتین لە پێکهاتنیاندا وشەی یەکەم دووبارە دەکرێنەوە و پیتی (ە) دەیبەستێت بەیەکەوە. بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم جۆرە جووتە ناوانە بدەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەشی دووەم لابرا، دەبێتە ناوی ئەو دەنگەی مەبەستە وەک: «تەقەتەق، گرمەگرم،... هتد» دەبێ بە(تەقە) کە لە چاوگی (تەقین)ەوە هاتووە، پاشگری (ە)ی چۆتە سەر. نووسەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (هەرچەندە لەو جووتە ناوانە بکۆڵینەوە ئەوەندەی تر سەرنجمان ڕادەکێشن چونکە دەورێکی باڵایان لە زمانی کوردیدا هەیە و سەربەخۆیی دەردەخەن و نموونەی بەرزی و پێشکەوتووی زمانەکەن. ئەم جووتە ناوانە بەپێی ڕۆژگار و بەدرێژایی پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە ئێستا)[١].

هەروەها یارمەتیمان دەدەن کە لەو وشانەی سەربەخۆییان نییە بکۆڵینەوە کە لە ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە گۆڕاون بەپێی گۆڕانی ڕۆژگار و پەرەسەندنی دەبێت ئەو جووتە ناوانە بگەڕێنەوە سەر ئەو وشە بنجەی

(١) موککەڕەم ڕەشید، دەربارەی جووتەناو لە زمانی کوردیدا: گۆڤاری (بەیان) ژ ٤٠ – ٤١، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٢ – ٣٣.



لێوەی هاتوون یان هاوبەستی یەک بوون، بەهۆی ئەم جووتە ناوانەوە سەدەها وشە لە فەوتان و لەناوچوون و ون بوون پارێزراوە و لە زمانی قسەکردندا ماونەتەوە[١].

موککەڕەم ڕەشید لە ڕووی واتای جووتەناوەوە ئەم خاڵانەی دەستنیشان کردووە:

أ- بەشێکیان ناوی دەنگی سروشتی دەردەبڕن وەک (هاژەهاژ، گرمەگرم).

ب- ئەو جووتەناوانەی لە دوو بەش پێک دێن و مۆرفیمی (و) بەیەکەوە دەیانبەستێت، ناوی دووەمیان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناوی یەکەم وەک (نەرمونیان، زۆروزەبەند).

ج- کۆمەڵێک جووتەناو، ناوی دووەمیان لە ڕوودانی ناوی یەکەم دێنە ئەنجام وەک (ساردوسڕ، گەرموگوڕ) بەڵام بەشی دووەمی ئەم وشانەش واتادارن وەک کە دەڵێن (دەستی سڕ بووە).

د- ئەو جووتەناوانەی لە وشەیەک و دژەکەی پێک دێن وەک (پڕوپووچ) (پڕ) مانا دەبەخشێت، بەڵام پووچ بەواتای شتێکی بێ بایەخ بەیەکەوە مانایەکی تر دەبەخشێت.

هـ- هەندێ جووتەناو پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە و بەیەکەوە دەبەسترێن و بەردەوامییەکیان پێ دەبەخشێت وەک لەڕولاواز، قیروسیا... هتد.

و- ئەوانەی بەشی دووەمیان مانای نییە وەک: گورجوگۆڵ، نەرمونۆڵ، سفتوسۆڵ، دووبارە موککەڕەم لە گۆڤاری بەیانی حوزەیرانی ١٩٧٧ لە ژێر سەرباسی (لیستەیەک جووتەناو)[٢].

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٢ – ٣٣.

(٢) موککەڕەم ڕەشید، لیستەیەک جووتەناو، گۆڤاری (بەیان) ژ ٤٢–٤٣، بەغدا، ١٩٧٧ ل ٢٢–٢٣.

نووسەر نزیکەی دوو سەد و شەست جووتە ناوی هێناوە و بەپێی پیتی هیجای عەرەبی ڕیزی کردوون لەگەڵ ئەو پیتانەی لە نووسینی کوردیدا هەن. بۆ ئەوەی ئەو جووتە ناوانە لە ون بوون و بیرچوونەوە ڕزگار بکات و ببێ بەکەرەستەیەک بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی دەکەن.

هەرچەندە کارەکەی نووسەر لە هەردوو ژمارەکە وەکو سەرەتایەکی لێکۆڵینەوە لە جووتەوشە، تا ڕادەیەک سوودبەخشە و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە لە هەموو بۆچوونەکانیدا بەتەواوی مەبەستی پێکابێ.

ئێستاش خاڵە سەرنەکەوتووەکانی دەستنیشان دەکەین:

١- لە خاڵی یەکەمدا موککەڕەم دەڵێ ئەم جووتەوشانە بەتەنیا بەکار نایەن بەڵام لە کوردیدا ئەوەتا ئەگەر لێکیان کەینەوە بەتەنیا بەکاردێن بەڵام واتاکانیان دوورن لە واتای جووتەناوەکە وەک:

گرژومۆن: بەیەکەوە ئاوەڵناوە هەریەکەشیان بەتەنیا مانای خۆی هەیە وە لە زمانی کوردیدا زۆر باوە، کە دەڵێن:

پیاوەکە ڕووی گرژە. ] کەواتە (گرژ)یش و (مۆن)یش مانایان هەیە.
ئەم ئافرەتە مۆنە. ]

واتا بەمانای مرومۆن دێت.

هەروەها زەبروزەنگ:

زەبر: خوا بەسەبرە، بەڵام بەزەبرە.

زەنگ:

(زەنگ) شەش حەوت واتای هەیە یەکێکیان کە (تیژوتوند) (کە مانای دەنگدانەوەی کارەکە دەگەیەنێ).

زەنگ: قوتابییەکە زەنگەکەی لێ دا.



و بەیەکەوە هەمان مانا دەبەخشێ کە لەم هۆنراوەدا نیشانی دەدەین.

لێرەش لە نێو زەبروزەنگی زاڵمدا
لە نێو ساچمە و دووکەڵی ناپاڵمدا

(هێمن، ل ١٦٥)

٢- لە خاڵی دووەم و سێیەمدا سەرکەوتووانە بۆ باسەکە و نموونەکانی چووە، بەڵام (سەرانسەر):

١- جووتەناو نییە و جووتە ئاوەڵفرمانە.

٢- پتر بەواتای (گشت، هەموو) دێت.

لە خاڵی شەشەمدا بەڕای موکەرەم کە کەرتی یەکەم مانای هەیە و کەرتی دووەم لە (پیتی یەکەمی) ناوی یەکەم و پاشگری (ۆڵ) پێکهاتووە بەڵام بۆ نموونە خەستوخۆڵ، نەرمونۆڵ، خڕوخۆڵ.

هەرچەندە (نۆڵ) ئەگەرچی بەتەنیا ناوترێ، بەڵام واتای هەیە بەمانای (لووس و ساف)[1].

لە خاڵی حەوتەمدا هەندێ جووتەناوی هێناوە بەمەبەستی ڕوودانی لە شوێنێکی شتەکە بەکاردێت وەک ئەمانە هەمووی جووتەناو نین لەبەر ئەوە ئاوەڵفرمانی لێکدراون و جۆریان زۆرە.

١- دووپاتکردنەوەی ئاوەڵناو وەک: جوان جوان، هێدی هێدی.

٢- دووپاتکردنەوەی ئاوەڵناو بەیارمەتی ناوبەندی (ە) وەک: وردە وردە.

٣- دووپاتکردنەوەی ناو وەک: دەستە دەستە، پۆل پۆل.

٤- دووپاتکردنەوەی ژمارە وەک: یەک یەک، دوو دوو.

٥- دووپاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان وەک: خێرا خێرا، زوو زوو... هتد.

(١) هەژار، هەنبانەبۆرینە، فەرهەنگ کردی فارسی، یک جلدی، سروشت، تهران، ١٣٤٩ (١٩٩١) ل ٨٥٨.

لە خاڵی هەشتەم و نۆیەمدا سەرکەوتووانە بۆ کارەکەی چووە. لە بەشی دووەمی کارەکە موکەرەم دووبارە لە ڕووی ڕۆنانی جووتەناوەوە چەند خاڵێکی دەستنیشان کردووە لە زۆریاندا سەرکەوتووانەیە، لە خاڵی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) بەڵام لە خاڵی حەوتەمدا دووبارە لە بەشی دووەمی کارەکەیدا دووبارەی کردۆتەوە لە (گورجوگۆڵ، نەرمونۆڵ، سفتوسۆڵ... هتد) بەشی دووەمیان مانای نییە بەڵام بەشی دووەمیان مانای هەیە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

لە خاڵی هەشتەمدا ئێمە ناتوانین بڵێین مانایان نییە، چونکە زۆری نموونەکانی نووسەر دەستنیشانی کردووە کە لە کۆندا لە زمانی کوردیدا واتادار بوونە بۆ نموونە (شڕووڕ) هاروهاج، لەتوپەت[1].

لە جووتە وشەی (شڕووڕ)دا بەدی دەکرێ ئەوەتە هەریەکەیان بەتەنیا مانای خۆی هەیە، بەڵام بەیەکەوە مانا ئەسڵەکەیان ون کردووە وەک:

پەرژینی بەگوڵ بێ دوو کوڕم هەن
دوو بێکەسی زۆر شڕووڕم هەن

(ئەحمەدی خانی، ل ٣٦)

لەتوپەت
لەت: مانای خۆی هەیە
خەیارەکەی لەت کرد (بەمانا کردی بەدوو بەشەوە)
پەت: گوریسەکەی پەت پەت کرد.
پەت: بەهەمان شێوە بەمانا کردی بەچەند بەشێکەوە.
بەیەکەوە

(١) موککەرەم ڕەشید، جووتەناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان) ژ ٤٠ – ٤١، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٢ – ٣٣.



ئەو بکرێ بەخەنجەران لەتوپەت
بۆ تۆڵەی مەم دەبێتە دەرفەت

(ئەحمەدی خانی، ل ٨٣)

بەشێک لەم جووتەناوانە لە ڕواڵەتدا وامان بۆ دەردەکەوێ کە پەیوەندییان نییە بەیەکەوە بەڵام دوای وردبوونەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە وەک (ئاڵوگۆڕ) بەواتای شت گۆڕینەوە (ئاڵ) بۆ چەند واتایەک بەکاردێت بەڵام لێرەدا لە (ئاڵشت) وەرگیراوە کە تورکییە (گۆڕ) لە ڕەگی چاوگی (گۆڕین) بەهەمان شێوە جووتەناوی (گێل و گەوج، زەبروزەنگ)[1] ئەم جووتەناوانەی لە دوو بڕگە پێک دێن بەدووبارەکردنەوەی بڕگەی یەکەم وەک (بولبول، لاولاو) لەوانەیە ئەم جۆرە لە زمانی ترەوە هاتووەتە زمانی کوردییەوە. لێرەدا ئەگەر ئەمانە لە زمانی ترەوە وەرگیراوە بەڵام زمانی کوردی لەم نموونانەی زۆرە وەک (لۆلۆ، گەزگەز، گڕگڕ، چین چین، کوت کوت... هتد)[2] کە ئەمانە مانای تایبەتی دەبەخشێ بۆ نموونە:

لۆلۆ: بەگشتی دێت بۆ پێستی مرۆڤ وەک پێستی لەشی وا سووتاوە لۆلۆ بووە.

یان ئەگەر مرۆڤەکە قەڵەو بێ وە گۆشتی لەشی بکەوێتە سەریەک دەڵێن: پیاوەکە گۆشتی لۆلۆ وەستاوە.

واتا قات قات بەسەریەکدا کەوتووە... پێستی گۆشتی لەشی کەوتۆتە سەر یەک. لێرەدا نووسەر ئەو جووتە ناوانەی دابەش کردووە بەشێوەیەکی

(١) موککەرەم ڕەشید، جووتەناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان)، ٤٠ – ٤١، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٣٢ – ٣٣.

(٢) د. نەسرین فەخری، جووتەوشە لە زمانی کوردی، ڕۆشنبیری کوردی، العراق، ٢٦/١٠/١٩٨٣، ژ ٣، ل ٧.

ڕێکوپێک بەهۆی دەستوورێک بەسەر چەند کۆمەڵێکدا کە هەریەکە لەم کۆمەڵانە خاسیەتی خۆی هەیە، چۆنیەتی دروستبوونی لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا کە بەڵگەی ڕەسەن و کۆنی و سەربەخۆیی ئەم زەمانە زیاتر دەچەسپێنێت.

گرنگی باسەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە یەکەم کەس بوو توانیویەتی باسێکی تایبەتی بخاتە دەست خوێندەوارانی کورد پێش ئەو لەگەڵ بابەتی تری ڕێزمانی باس کراوە بەڵام ئەم تایبەتمەندییە نەبووە، لە بەشی دووەمی باسەکەدا کۆمەڵێ جووتەناوی هێناوە لە شێوەی فەرهەنگۆکی بچووکی سروشتی دروست کردووە و ڕیزی کردوون بەپێی ئەلفوبێی هێجای عەرەبی و پیتی کوردی.

نووسەر تا ڕادەیەک سەرکەوتووانە بۆی چووە هەرچەندە لەم خاڵانەدا پێویستی بەزیاتر ڕوونکردنەوە هەیە:

١- موککەڕەم دەبووایە بەلای کەمی دەستنیشانی چەند سەرچاوەیەکی بکردایە. کە ئەم جووتەناوانەی لێ وەرگرتووە لە هەردوو ژمارەکەدا.

٢- هەوڵی نەداوە ئەو خاڵانەی کە دووبارە دەبنەوە لە هەردوو بەشەکەدا ڕێکیان بخات.

٣- لێرەدا سەرباسەکە (جووتەناو لە زمانی کوردیدا) بەڵام ئەم جووتەوشانە تەنیا ناو نین بەڵکو ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ڕەگی چاوگ، ناو... هتد.

٤- لە بەشی دووەمی نووسینەکەیدا لیستەیەک لە جووتەوشەی هێناوە بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی بەرفەرە و پێویستی بەفەرهەنگێکی تایبەتی سەربەخۆ هەیە بۆ ئەوەی بتوانین هەموو ئەو جووتەوشانە لە ناو کەڵ و کەلتووری زمانەکەماندا هەیە کۆ بکرێتەوە. نەک بەلیستەیەک کە نووسەر دەستنیشانی کردووە.



ئەحمەد سەلام لە باسەکەیدا (جووتەناو یان ئاوەڵ وشە)[1] لە زمانی کوردیدا ڕەخنە لە بۆچوونەکانی موکەرەم ڕەشید دەگرێت و دەڵێت:

١- زاراوەی ئاوەڵ وشەی بەکارهێناوە لە بری زاراوەی (جووتەناو).

٢- لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا ئەم دیاردەیە هەیە وەک (دایر مادایر) سد و مد... هتد.

٣- زەبروزەنگ، گرژومۆن، دەموچاو، لەڕولاواز، شانومل... هتد ئەمانە بەوشەی لێکدراودا دادەنێ بەم چەشنە پۆلێنیان دەکات.

أ- لە دوو ناو پێک هاتوون بەهۆی ئامرازی (و) پەیوەندی لێک دراون وەک: زلوزەلام، دەموچاو، شانومل... هتد.

ب- دوو ئاوەڵناو ئامرازی (و) پەیوەندی پێک هاتوون (نەرمونیان، گرژومۆن، لەڕولاواز).

ج- دوو ئاوەڵفرمان پێک هاتوون وەک (شەو و ڕۆژ، پشتاوپشت... هتد).

٤- جووتەناوی (وتوویژ) لە ڕەگی (وتن و بیژین) پێک هاتووە بەڵام ئەحمەد سەلام دەڵێ لە (لێ، بێژان) پێک هاتووە، نموونەی بۆ ئەوە هێناوە وەک (ئەڵێم، بڵێم، بڵێ)، (ئەبێژم، ببێژم، ببێژە).

لێ ڕەگی چاوگی (وتن، بێژ) ڕەگی چاوگی (بێژان)ە.

ئەو وشانەی دووبارەکراونەتەوە بەیارمەتی پاشگری (ێن) وەک غارغارێن، پەت پەتێن... هتد نە (جووتە ناو، ئاوەڵ وشە) نین بەڵکو ئاوەڵناوی لێکدراون.

٥- لە خاڵی چوارەمدا نووسەر بەرپەرچی موکەرەم دەداتەوە کە نموونەی (هاتوچۆی) بەچاوگ یان ڕەگی چاوگ داناوە، هەردووکیان هەڵەن چونکە هەموو ڕەگێک ناوە لێرەدا بۆ نموونە کە دەڵێین:

---

(١) ئەحمەد سەلام، (جووتە ناو یان ئاوەڵ وشە) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان)، ژ ٤٣ - ٤٤، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٥١ - ٥٢.

هاتوچۆ لێرە مەکەن. وەک ناو ڕەفتار دەکات.

٦- لە خاڵی پێنجەمدا تایبەتی ئەم ناوانە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ کە بڕێکی زۆری ئەم جووتە ناوانە ناوی یەکەمی واتای تەواوی هەیە وە بەپێچەوانەشەوە لێرەدا ئەحمەد سەلام دەڵێ هیچ مەرج نییە ئەم ئاوەڵ وشانە بەشی یەکەمی واتای تەواویان هەبێ و بەشی دووەمیان هیچ واتای نەبێ وەک سەرماوسۆڵ، سەرومڕ، ئاسمانوڕێسمان، یان بەپێچەوانەوە بەشی دووەمیان واتای هەیە وەک (ختوخۆڕایی، چڕوچاو، کتوکوێر... هتد).

٧- ئەو ناوانەی کە مەعنەوین بەئاوەڵگوزارەیان دادەنێ هیچ پەیوەندییەکیان بەئاوەڵ وشەوە نییە و سەرباسی خۆبەتی وەک (قرتەقرت، چرکەچرک، تریقەتریق، بۆڵەبۆڵ... هتد).

ئەو ناوانەی هێناوە وەک (زۆروزەبەند، دەل بیبەر) لێرەدا وشەی (دەل بیبەر) بەهیچ جۆرێ بۆ ئاوەڵ وشە ناشێ، ئەسڵی وشەکە (دلل بیبر)ی تورکییە کە مانای (بیبەری توون).

ئەحمەد سەلام بەهەمان شێوەی موکەرەم چەند نموونەیەکی هێناوە بەئاوەڵ وشەیان دادەنێ کە وشەی یەکەمیان مانای هەیە وشەی دووەمیان بەتەنیا مانایەکی سەربەخۆ واتا نادەن بەدەستەوە وەک چاڵوچۆڵ، ماچوموچ، شڕوڕ، بەزموڕەزم، لاتولاواز، لەتوپەت... هتد.

لێرەدا جووتەوشەی لاتولاواز

لاواز: بەتەنیا مانای هەیە وەک: مناڵەکە لاوازە.

بەپێچەوانەوە هەن وشەی یەکەمیان سەربەخۆ هیچ مانایەکی نادەن بەدەستەوە مەگەر بەیارمەتی وشەی دووەم مانایەک دروست بکەن، یان هەردوو وشەکە پێکەوە ئەوسا مەبەستێک دەبەخشن. وەک (لفتونوێ، چڕوچاو، ختوخۆڕایی، مشتومڕ، کتوکوێر) پێناسەی ئاوەڵ وشە بەم جۆرە



دەکات: (بەو واژەیە (لفظ) دەوترێ کە لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی وشەکان پێک دێت بەمەرجێ هەریەکە لەو وشانە سەربەخۆ هیچ مانایەک نەبەخشن).(١)

لێرەدا نووسەر ڕەخنە لە کارەکەی موکەرەم دەگرێت، بەڵام هەردووکیان سەرکەوتووانە بۆ هەندێ بۆچوونەکان چوون، نووسەر لە خاڵی سێیەمدا لە لقی (ج) کە باسی چۆنیەتی دروستبوونی ئاوەڵ وشە دەکا لە دوو ئاوەڵفرمانی پێک دێ، ئەممەش هەڵەیە ئاوەڵفرمانی لە ڕستەدا دەردەکەوێ تەنیا چەند ئاوەڵفرمانێک هەیە وەکو (لەسەر، لە خوار، لە لا، لە ژێر،... هتد).

کە پێناسەی ئاوەڵ وشە دەکات مەرج نییە ئاوەڵ وشە هەموویان بەتەنیا واتا ببەخشن، هەندێکیان واتایان هەیە هەندێکی تر ئێستا واتا نەبەخشن بەڵام کاتی خۆی واتادار بوونە. ئاوەڵ وشەی (نەرمونۆڵ، سفتوسۆڵ) بەتەنیا نایەن هەروەها باسی ئامرازی لێکدانی جووتەوشەی نەکردووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی هەموو نموونەکان بەئامرازی (و) لێکدراون بێجگە لە ئامرازەکانی تر.

هەرچەندە ئەحمەد سەلام ڕەخنە لە کارەکەی موکەرەم دەگرێت و زاراوەیەکی نوێ بۆ بابەتەکە دادەڕێژرێت، لە ژێر ناونیشانی (ئاوەڵ وشە) بەڵام لە ڕووی تێڕوانینی ورد بۆمان ساغ دەبێتەوە کە (جووتەوشە) بۆ ئەم مەبەستە زۆر ڕاستترە لە ئاوەڵ وشە چونکە لە زمانی ئینگلیزی (Twin-word) بەکاردێت و لە عەرەبی (الکلمات المزدوجة). (التوائم). ئەحمەد سەلام بەپێچەوانەی موکەرەم ڕەشید ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەک کردووە کە سوودی لێ وەرگرتووە.

(١) ئەحمەد سەلام، جووتەناو یان ئاوەڵ وشە، لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان)، ژ ٤٣ - ٤٤، بەغدا ١٩٧٧، ل ٥١ - ٥٣.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەسەر باسێکی لە کتێبەکەی (مۆرفۆلۆجی)[1] بەشی یەکەم (ناو) ئاماژەی بۆ ناوی لێکدراو کردووە، لە نموونەکانیدا باسی چۆنیەتی پێکهاتنی کردووە بەیارمەتی (ئینتەرفیکس "ە" "و" "بە") لە ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان پێک دێن لە نموونەکاندا.

١- ڕەگی فرمان و وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی ئینتەرفیکسی (و) وەک: کوڵوکۆ.

٢- دووپاتکردنەوەی ناوێک بەیارمەتی ئینتەرفیکسی (ە) وەک: قرچەقرچ، ملچەملچ، قیژەقیژ.

٣- دوو ڕەگی فرمان بەیارمەتی ئینتەرفیکسی (و) وەک: هاتوچۆ، گفتوگۆ.

ئیشارەتی بۆ ئەوە کردووە کە لە زمانی کرمانجی ژوور و فارسیدا بەهەمان شێوە دروست دەبن. لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بۆ ئەم باسە چووە، چونکە مەبەستی تەنیا دەستنیشانکردنی ئەو ئینتەرفیکسانەیە کە ناو لێک دەدەن و ناوی دارێژراو و لێکدراو دروست دەکەن، جووتە وشەکان بۆ مەبەستی ناوی لێکدراو بەکارهێناوە.

د. کامل بەسیر لە کتێبی زاراوەی کوردیدا لە بەشی سێیەمدا باسی ڕێبازی لێکدان دەکات و دەڵێ (زمانی کوردی هەروەک لە زانستی مۆرفۆلۆجیدا باوە زمانێکی (لەصقی)یە واتە بەیەکا نووساوە، یاخود ژمارەیەکی زۆر لە وشە دەربڕینەکان ناسادە و لێکدراون)[2] ئەم تایبەتییەی زمانی کوردی چەسپاوە کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە زۆربەی

(١) د. ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆجی ناو)، بەغدا ١٩٧٩، ل ١٣٥ - ١٣٦.

(٢) د. کامل حەسەن بەسیر، زاراوەی کوردی، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، سلێمانی، ١٩٧٩ ل ٦٢.



ناو فرمانەکانی لەسەر بناغەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار و کۆمەڵێک نموونەی هێناوە، باسی ئامرازەکانی لێکدانی کردووە لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا، لە خاڵی دوانزەمدا باسی جووتەوشە دەکات کە بەدووپاتکردنەوەی ناوێک بەیارمەتی ئامرازی (ە) وەک دەنگەدەنگ، قڕەقڕ، منجەمنج. ڕێگاکانی دروستبوونی ئەم جووتەوشانەی کۆڵیوەتەوە و بەشێک لە لایەنەکانی جووتەوشەی دیاری کردووە. د. نەسرین فەخری لەم دیاردەیە دەدوێ بەجووتەوشە ناویان دەبات، بەشێکە لە وشەی لێکدراو (جووتەوشە پڕۆژەی باسێکی فراوان و وردە لێکۆڵینەوەی ئەم وشانە دەگرێتەوە کە دوو بەدوو دەچنە پاڵ یەک بۆ ئەوەی بەرواڵەت جووت بن و لە ناوەڕۆکدا یەک واتا دروست بکەن)[1].

ئەم جووتەوشانەی دابەش کردووە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر چەند کۆمەڵێکدا، هەریەکە لەم کۆمەڵانە خاسیەتی خۆی هەیە لە چۆنیەتی دروستبوونی ڕواڵەت و گەیاندنی ئەو مەبەستەی دەیەوێت، بەڵگەی ڕەسەن و کۆنی سەربەخۆیی ئەم زمانە زیاتر دەچەسپێنێت .ئەم جووتەوشانەی کردووە بەدوو بەشەوە لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە هەریەکە بەجیا لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانی کردوون، ئامرازەکانی لێکدانی ئەم جووتەوشانەی دەستنیشان کردووە، باسی کۆمەڵێک جووتەوشە دەکات لە زمانی کوردی و عەرەبی هەر کۆمەڵە تایبەتە بەزمان و نەتەوەی خۆی، بۆ نموونە بیلبیلە، زەمزەمە، لاولاو، گرگر، ئەمە لە کوردیدا، زلزل، صفصاف، وسواس... هتد، لە زمانی عەرەبیدا. هەروەها بەراوردی جووتە برگەی لە هەردوو زمانەکەدا کردووە بەپێی توانا لە ڕووی واتاوە ئەم جووتەوشانە دەورێکی باڵا دەبینن لە دروستکردنی واتای نوێ و بەخشینی سەدەها وشە بەزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی.

(١) د. نەسرین فەخری، زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی جووتەوشە لە زمانی کوردیدا، عێراق، ڕۆشنبیری کوردی، ١٩٨٣، ژ ١ - ١١.

بەشێکی لەم جووتەوشانە لەیەکچوونی ڕواڵەت و ناوەڕۆک دەردەخات وەک خڕوپڕ، تەڕوبڕ... هتد. بەشێکیان ئەوە دەردەخەن کە وشەی دووەم ئەنجامی یەکەمە وەک (گەرموگوڕ، ساردوسڕ،... هتد).

د. نەسرین کارەکەی لە جێی خۆیەتی و هەوڵێکی زۆری داوە بۆ پاراستنی ئەم جووتەوشانە لە ونبوون، بەیانزە زنجیرە یەک لە دوای یەک کۆمەڵێک لە جووتەوشەی هێناوە لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا دابەشی کردوون و چۆنیەتی دروستبوونیانی دەستنیشان کردووە و کەرەستەیەکی زۆری کۆکردۆتەوە و شی کردوونەتەوە.

محەمەد مەعرووف لە ژێر ناوی (وشەی لێکدراوی بەستراو)دا[1] لە هەندێ لایەنی جووتەوشە دەدوێ و دایاندەنێ بەبەشێک لە وشەی لێکدراو، گرنگترین سیمای لێکدراوی بەستراو لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەبڕێ:

١- کەرتە پێکهێنەرەکانی لە هەمان بەشی ئاخاوتن دەبن.

٢- مەرج نییە ئەو وشەی دروست دەبێ لە بەشە ئاخاوتنی کەرتەکانی بچێت.

٣- لە دوو کەرتی پێکهێنەر دروست دەبێ و ناکرێ زیاتر بێت.

٤- جێگەی کەرتەکانی بەزۆری ناگۆڕێن.

٥- کەرتەکان لە یەکتری دانابڕێن و کەرەستە ناچێتە نێوانیانەوە.

٦- گەر فراوان بکرێن دیارخەر دەچێتە دوای وشەکەوە.

٧- هەردوو کەرەستەکە لە ڕووی واتا و سینتاکسەوە وەک یەک دانە ڕەفتار دەکەن هەروەها لە ڕووی فۆرمەوە لێکۆڵینەوەکەی چەندین

(١) محەمەد مەعروف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤٢.



شێوەی جووتەوشە دەخاتە ڕوو وەک ئەوانەی کە لە فۆنیمی یەکەمدا لەیەک دەچن (لەشولار)، ئەوانە دوو فۆنیمی سەرەتایان هاوبەشە (قاپوقاچاخ)، ئەوانەی سەرەتای کەرتی دووەم فۆنیمێکی نزیکی سەرەتای کەرتی یەکەمە (پەرشوبڵاو) یان ئەوانەی سەرەتا و کۆتایی یەکەم و دووەمیان لە یەکتر دەچێ.

دیسان لێکۆڵینەوەکە چەند پەیوەندییەکی واتای نێوان دوو کەرتە پێکهێنەرەکەی جووتەوشە دیاری دەکات وەک پەیوەندی دژ واتایی (دەر و ژوور) پەیوەندی گرتنەوە (پارە و پوول) پەیوەندی هاوواتایی (خزم و خوێش) پەیوەندی تەواوکردن (ژن و پیاو) یان جیاوازی (زەرد و سوور).

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تاکە لێکۆڵینەوە بایەخی بەشوێنی یەکەم و دووەمدا بێت. لەم ڕووەوە وای بۆ دەچێ کە شوێنی یەکەم بایەخێکی زیاتری هەیە لە شوێنی دووەم چونکە واتا بەزۆری لە کەرتی یەکەمدا کۆ دەبێتەوە، کەرتی دووەم لە ڕووی واتاوە تەنیا ڕۆڵی خەستکردنەوە (تأکید) دەبینی و زۆر جار واتای ئەو لە واتای سەراپای وشەکە ناگۆڕێ.

ئەم گرنگییە بەتایبەتی لەو جووتەوشانەدا هەستی پێ دەکرێ کە کەرتەکان پەیوەندی هاوواتای کۆیان دەکاتەوە لەمانەدا سەراپای واتاکە پڕ بەپڕی لە کەرتی یەکەمدا دەبینرێ «ڕقوکینە، لەڕولاواز، کۆتوزنجیر، نەرمونیان). هەندێ جاریش کەرتی دووەم هێندە لاوازە کە لە فەرهەنگی زماندا شوێنی بۆ دانانرێ (سووکوسۆڵ، خواروخێچ، نەرمونۆڵ، پانوپۆڕ، ئێسکوپروسک).

لە هەموو ئەم خاڵانەش گرنگتر ئەو تێبینییانەیە دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی شوێنی یەکەم. لێرەدا نووسەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لە دابەشکردنی شوێندا هەرچەندە زۆر هۆکار ڕۆڵ دەبینێ بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە شوێنی یەکەم بەزۆری بۆ ئەو کەرتە دادەنرێ کە سووکە

واتا ژمارەی برگەکانی کەمن. بەواتایەکی تر لە ڕیزبوونی جووتەوشەدا کەرتی کورت پێش دەکەوێ و کەرتی درێژ دەکەوێتە دواوە (جرِوجانەوەر، تەختوتاراج، ناونیشان، تەنگوچەڵەمە... هتد).

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی لێکدراوی بەستراو لە ڕستەدا و ئەو ڕاستییە روون دەکاتەوە کە ئەم لێکدراوانە دەتوانن وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان لە ڕستەدا بەکاربێن. یەکێک لە کەموکورتی لێکۆڵینەوەکە بەگشتی لەوەدایە کە تەنیا لایەنی سینتاکسی بەزۆری بەسەرکردۆتەوە تەنیا لەو لێکدراوانەش دەدوێ کە بەئامرازی (و) بەستراون و ئەوانی دی پشتگوێ خستووە. لە ڕووی ترەوە لێکۆڵینەوەکە تێروتەسەل و تێبینی ورد دەخاتە ڕوو.

لە (کتێبی فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردیدا)[١] مامۆستا تەها فەیزی زادە بەپێی ئەلفوبێی عەرەبی فەرهەنگێکی لەم وشە دووانیانە داناوە. بەڕای نووسەر ئەم فەرهەنگە تاقە فەرهەنگە کە سەربەخۆ بێ لەم ناودووانانە بدوێ، ئەو جووتە ناوانەی لەم فەرهەنگەدا لە ڕووی واتاوە بەچەند جۆرێک دەستنیشان کردووە و ناویشی بۆ داناون، لەم ناوانەی کە بۆی دیاری کردوون:

١- ئەو جووتە ناوانەی کە بەدوای یەکدا دێن وەک (گاوگۆل) بەدووانە ناوی بردوون لەبەر ئەوەی کە وەک منالی دووانە بەدوای یەک دادێن.

٢- هەندێ ناو ناوی پێشوو پاشوو واتای سەربەخۆیان هەبێ و بەو دووانە دەگوترێ تێکخراوی ڕێک وەک (بۆنوبەرام، بەروپشت).

٣- هەندێ تێکخراو (تابع) بێ واتا بێ یا واتای هەبێ بەڵام تێکخەر

(١) تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی) چاپی یەکەم، ١٣٤٧.



(متبوع) نەگرێتەوە پێی دەڵێن (تێکخراوی نارێک) وەک (ژەنگوژار، ڕێگاوبان) ئەو ناوانەی کە بەپیتی (م) دەست پێ نەکرابێ دەبێتە تێکخەر (متبوع) و دوای دانانی (و) تێکخەر وشەیەکی تر ساز دەکەن لە جێگای تێکخراو (تابع) دایدەنێن کە پێیان دەڵێن (زرِە تێکخەر) وەک باران و ماران، بەفر و مەفر، کتێب و متێب.

مامۆستا لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا چاوگی (چوون)ی کردۆتە سەرمەشقی چەند فرمانی (فعلی) لێ ساز کردووە، بۆ هەر فرمانێک ڕستەیەکی هەڵبژاردووە و بەهەمان شێوە ناوی (دەست)ی وەرگرتووە، مەبەستی لەمە ئەوەیە کە زمانی کوردی زمانێکی ئیشتقاقیە دەتوانین لە وشەیەک سەدەها وشە دروست بکەین.

نووسەر دوای ئەوەی ئەم جووتە ناوانەی بەپێی ئەلف و بێ ڕێکخستووە نموونەشی بۆ هەریەک هێناوە، کە لە پەند و هۆنراوە و چیرۆکی کوردی دەرهێناوە ئەمەش سەلماندنێکی گەورەیە بۆ جووتەوشە لەگەڵ بوونی زمانی کوردیدا جووتەوشە هەبووە میللەتی کورد بەکاری هێناوە. بەڵام لێرەدا:

١- ئاماژەی بۆ چۆنیەتی لێکدانی جووتەوشەکانی نەکردووە لە ڕووی چۆنیەتی لێکدانیان.

٢- تێکەڵییەکی کردووە لە جووتەوشە لەگەڵ دارشتنی وشە لە زمانی کوردی چونکە ناوی کتێبەکەی وشە دووانەییە بەڵام هەمووی لە ڕووی واتاوە شی نەکردۆتەوە بەشەکانی لە یەکتر جیا نەکردووە بۆ ئەوەی بزانین ئەم ناوە دووانانە چەند جۆریان هەیە چۆن پێکهاتوون.

٣- دەستنیشان نەکردنی ئامرازی پەیوەندییەکان بۆ بەستنی جووتەوشە لە باسەکە دەچێتە دەرەوە بۆ وشەی دارِێژراو و لێکدراو و لە نموونەکانیدا دەستەواژە و وشەی لێکدراوی تێکەڵ کردووە. جووتەوشەی لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جیا نەکردووە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ژێر سەرباسی (لێکدراوی ناو بەناو)دا[1] چەند تێبینییەکی وردی لە بارەی جووتەوشەوە تۆمار کردووە کە کورتەکە لەم چەند خاڵەدا کۆ دەکەینەوە:

١- ئەم لێکدراوانە لە هەموو جووتەوشەیەک دەگرێتەوە بەجۆرێک لە وشەی لێکدراو لە قەڵەم دەدا. لێرەدا تەنانەت ئەو وشانەی کە کتومت کەرتەکانیان دووپات بوونەوە هەر بە(لێکدراوی ناو بەناو) دانراوە وەک (برپرە، فیت فیتە، حول حولی، سەرسەری، جرەجر،... هتد) هەر کەرتەش دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەکەیان وەک (برین، خولانەوە،... هتد) دیسان ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە بەشێک لەم جووتەوشە سەرچاوەیان بزرە (مەرمەر، بەربەر،... هتد).

٢- بەپێچەوانەی محەمەد مەعرووف م. مەسعوود ئەو لێکدراوانەی دوو وشەیین لە ژێر ئەم کۆمەڵەدا داناوە، جا بەئامرازی (و) بەسترابن یان ئامرازی تر وەک (شارەوشار، دزاودز... هتد). یان بەبێ ئامراز (دەم دەم، کزەکز، بژەبژ) مامۆستا جەخت دەکاتە سەر دوو جۆر لەم وشانە لە ڕووی واتاوە یەکەم: ئەوانەی کە دەنگێک دەگەیەنن (ناوی دەنگ) وەک: (گڤەگڤ، فیکەفیک، تەپەتەپ،... هتد). دووەم: ئەوانەی (ناوی واتان)[2] وەک: (چەڵتەچەڵت، چەنەچەن) بەڵام ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە چۆن ئەم دوو کۆمەڵە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، چونکە هەر وەک دەبینین (چەڵتەچەڵت، چەنەچەن) دیسان واتای دەنگیش دەگەیەنن.

تێبینییەکی گرنگی تری مامۆستا لەوەدایە کە (ئەم جۆرە قاڵبە لە نیوە ڕێگای بەینی سادە و لێکدراو، چونکە دووپاتبوونەوەی تێدایە لە سادەیی

(١) مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوان، لە چاپکراوی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ١٩٨٨ ل ٣٢٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.



دەشوورێت دوو وشەی لێکدراوی واتاداریش نین تا ببن بەلێکدراو. پێوانەکردن لەم جۆرە قاڵبە بەدووپاتبوونەوەی وشەیەکی لە بنەڕەتدا واتای ئاشکرای نەبێ و یا بەدەگمەن واتای هەبێ چ ڕووناکاییی بۆ بەرهەنگاوی وشەسازی بەرەو ئامانجێکەوە ببات)[1].

لێرەدا هەرچەندە مامۆستا بەپێچەوانەی زۆربەی زمانەوانەکانی ترەوە ئەم جۆرە وشانە بەلێکدراو دانانێت، بەڵام هیچ ناوێکی تریشی لێ نەناون و جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە هەموو وشەیەکی لێکدراو دەبێ کەرتەکان سەربەخۆ بن. بەمە خۆی ناچار دەکات کە دەیان وشە بەلێکدراو نەژمێرێ وەک (جروجانەوەر، پەت پەتین، حازروبزر،... هتد).

هەروەها مامۆستا تێبینی ئەوەش دەکات کە ئەم وشانە لە قاڵبی خۆیاندا دەمێننەوە بێ ئەوەی ژمارەیان زیاد بکات مەگەر زیادکردنێکی هەست پێ نەکراوی خۆڕسک، واتا ئەم وشانە مێژوویی دروست بوون و ئەم ڕێگایەی دروستکردنی وشە ڕێگایەکی بڵاو نییە وشەی نوێ دروست ناکرێ. هەر لەبەر ئەم زری و بێ بەری ئەم وشانەشە کە مامۆستا وای لا پەسەندە ئەم وشانە بخرێنە (چوارچێوەی فەرهەنگۆکی سەربەخۆوە)[2].

شایانی تێبینییە کە مامۆستا لە وشەی لێکدراوی ناو بەناودا لە چەند شوێنێکدا کەوتۆتە هەڵەوە کە ئێمە لێرەدا تەنیا لە دووانیان دەدوێین:

یەکەم: هەرچەندە مامۆستا ئەو لێکدراوانە بە(ناو بەناو) ناو دەبات کەچی دەیان نموونە دەهێنێتەوە کە ئاوەڵناو و کەرەسەی تر کاری تێدا دەکەن وەک (بەدبەخت، سوورگوڵ، سەرسەخت، چاو بەرەو ژێر، چنگ لەسەر شان) دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە هەندێ لەمانە تەنانەت دوو کەرتیش نین.

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

دووەم: مامۆستا بە(سەرنجێکی سەرپێ لە یەکەم نیگاوە)[١] بۆی دەردەکەوێت کە وشەی لێکدراوی دوو کەرتی ئەگەر کەرتێکی ئەندامی زیندەوەر بوو ئاوەڵناوەکەی دوا دەکەوێت وەک لە نموونەی (سەرسەخت، دەست بڵاو، چاوقایم، پشت ئەستوور... هتد). ئەم تێبینییە لەگەڵ دەیان نموونەی تردا ڕێک ناکەوێ وەک (دووزمان، دووسەرە، باڵادەست، دوودڵ... هتد).

مامۆستا ئاواز حەمە سدیق لە نامەی ماجستێریدا لە بەشی یەکەمی نامەکەیدا باسی ڕیزبوونی کەرەستە لە وشەی لێکدراو و لێکدراوی بەستراو دەکات. پێناسەی وشەی لێکدراو دەکات (لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێک دێت، یان دوو وشەی واتادار یان زیاتر یەک دەگرن بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراوی نوێ)[٢] باسی ڕێگاکانی دروستبوونی وشەی لێکدراو دەکات و دووپاتکردنەوەی وشە بەبێ ئاماژەکردنی ئامرازی بەست. هەر لە هەمان بەشی یەکەمدا باسی ڕیزبوونی کەرتەکانی وشەی لێکدراوی بەستراو دەکات.

گرنگی شوێنی یەکەم لە ڕووی واتاوە لە دوو خاڵی گرنگ دەستنیشان دەکات:

١- ئەوانەی کە کەرتەکانیان هاوواتان بەلابردنی کەرتی دووەم لێکدراوە کە ناشێوێت وەک (کۆتوزنجیر، ئاخوداخ).

٢- ئەوانەی کە کەرتی دووەمیان زۆر بێ واتا بێ، ماناکەیان لە کەرتی یەکەم دێت وەک: (ئێسکوپروسک، قەرزوقۆڵ).

گەلێک نموونەی تری دەربارەی وشەی لێکدراو هێناوە و باسی لە

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

(٢) ئاواز حەمە سدیق، ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین،١٩٩٦،ل١١-١٤.



پەیوەندی نێوان کەرتەکانی وشەی لێکدراو کردووە.

لێرەدا مامۆستا ئاواز باسی وشەی لێکدراو دەکات کە لە پێناسەکەیدا دەڵێ: لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێک دێن بۆ دروستکردنی لێکدراوی نوێ بەڵام:

١- زۆری نموونەکان بەهۆی ئامرازی (و) بەستن لێکدراون کەچی باسی ئامرازەکانی لێکدراوی نەکردووە.

٢- لە نموونەکانی وردوخاش، ئێسکوپروسک، قەرزوقۆڵ... هتد.

لێرەدا (خاش، پروسک، قۆڵ) مانایان نییە بەتەنیا لەبەر ئەوە ئەمە پێچەوانەی پێناسەکەی سەرەوەیە کە دەڵێ لە دوو وشەی واتادار پێک دێن.

## بەشی دووەم

### ڕێزمانی (سینتاکسی) جووتەوشە

**هێماکان:**

ج = جووتەوشە.
أ = کەرتی یەکەم.
ک/ Ø = ئامرازی یان بەبێی ئامراز (سفر).
ب = کەرتی دووەمی جووتەوشە.
* = نیشانەی هەڵەیە.
> = بەمانای گشتی جووتەوشەکە.
____ = بەمانای هەڵەیە.
ک = کار.
ن = ناو.
∂ = نیشانەی بڕگەیە.

**١- سەرەتا:**

هەروەک باسمان کرد زاراوەی «جووتەوشە» زاراوەیەکی لێڵ و پڕ لە تەمە، زمانەوانانی کورد لەسەر واتای ڕێک نەکەوتوون. ئێمە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین پێناسەیەک بۆ ئەو جووتەوشانە دابنێین، کە ئەم کارە لێکدانە و لێکۆڵینەوەیان دەگرێتە ئەستۆ.

بەدوای ئەوەشدا سنوور و تایبەتییەکانی جووتەوشە دیاری دەکەین و ئەو لێکدراوانە لە دەستەواژە و لێکدراوی تر جیا دەکەینەوە. دواتر لە ڕووی فۆرم و واتاوە پەیوەندیی نێوان کەرتەکان نیشان دەدەین. پاشان ڕیزبوونی



کەرتەکان و پێش کەوتن و پاش کەوتنیان و ئەو هۆکارانەی لەم پرۆسەیە یان (باسە)دا ڕۆڵ دەبینن، دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لە کۆتاییشدا دەوری لێکدراوەکان لە ڕستەدا ڕوون دەکەینەوە.

**٢- پێناسەی جووتەوشە:**

بەلای ئێمەوە جووتەوشە بەو جۆرە لێکدراوە دەگوترێ، کە لە دوو مۆرفێمی لێکسیکی یان (ریشەیی) پێک هاتبێت و بەیاریدەی ئامراز، یان هیچ یاریدەیەک خرابنە پاڵ یەکتری و بەئاسانی بێ گۆڕینی واتا و شێواندنی پاش و پێش کردن بەکەرتەکانی. سەرپاکی ڕۆنانەکەیان و پێکهاتنەکەیان سەر بەهەمان بەشی ئاخاوتن بن و وەک یەکەیەکی ڕێزمانی و سیمانتیکی ڕەفتار بکەن، واتە ئەگەر جوولاّن ئەوە دەبێ پێکەوە بجوولێن و بەهەردوو پارچەکەش یەک واتا بەدەستەوە بدەن.

بەدوایی پێناسەی جووتەوشەی لێکدراوی بەستراودا دەتوانین هاوکێشەیەکی وەک ئەوەی خوارەوە بۆ هەموو ئەو جووتەوشانە دابڕێژین، کە کارەکەیان دەگرێتە ئەستۆ:

ج = أ + ک یان Ø + ب[١]

لێرەدا مەبەست لە (أ) کەرتی یەکەمی جووتەوشەکەیە، (ب)ش بۆ کەرتی دووەم دانراوە. ئەو دوو کەرتە دەبێ هەبن و هەرگیز لانادرێن و بەئاسانیش پاش و پێش ناخرێن مەگەر بەدەگمەن هەبێت. مەبەست لە (ک/) ئامرازی لێکدانی کەرتەکانە و (Ø)ش نیشانەی نەبوونی ئامرازە. جووتەوشە نیشانەی (ج)ی بۆ دانراوە و پێکهاتەکە دەگرێتەوە چونکە وەک پێکهاتێک ڕەفتار دەکات لە ڕووی ڕێزمان و سیمانتێکەوە، واتە لە کاتی

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٣٨.

جوولاندنی لە وشەدا کەرتەکان ناترازێن و جیا نابنەوە و هەر مانایەکیش هەڵگرێت ئەوە بەهەردوو کەرتەکە هەڵیان گرتووە و واتاکە بەیەکەوە کەرت ناکرێ.

### ٣- سنووری جووتەوشە و جوداکردنەوەی لە دیاردەکانی نزیکی:

ئەو پێکهاتانەی لێرەدا بەجووتەوشە ناوبراون، لە سروشتیاندا لە دەستەواژە و وشەی لێکدراو و ئیدیەم نزیک دەبنەوە، چونکە ئەم دیاردە زمانییانە یەک باس و بابەتن.

پێشەکی وا بەپێویست دەزانین، جووتەوشە لەمانە جودا بکەینەوە:

أ- جووتەوشە و دەستەواژە:

دەستەواژەی کوردی چەندین جۆری هەیە، بەوێنە: کام ژن؟ ئەو پیاوە، دوو کەس، پیاوی باش، ناوی تۆ، گەلێ کەس، قەڵەم و شەتڵ،... هتد هەرچەندە ئەم نموونانە لە ڕواڵەتدا لە جووتەوشە دەکەن و لە فۆرمدا لەگەڵ (جروجانەوەر) و (نم نم) و (پایزە برا)...دا جیاوازییان نییە، بەڵام ئەو بۆچوونەی لێرەدا پیادە کراوە هیچ کام لەو ڕۆنانە جووتەوشە نین و دەستەواژەن. دەکرێ جووتەوشە لەو خاڵانەی خوارەوەدا لە دەستەواژەی ئاسایی جیا بکرێتەوە:

١- بەپێچەوانەی کەرتەکانی دەستەواژە، کەرتەکانی جووتەوشە، کە ناو بن نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ وەرناگرن. بەواتایەکی دی نیشانەکان دەچنە سەر کۆتایی جووتەوشەکە وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

(أ) دەستەواژە

١- کوڕێکی مامۆستاکەم لێرە بوو.

٢- ژنە مامۆستاکان لێرەن.



٣- ژنێک و پیاوێک لێرەن.

(ب) جووتەوشە

٤- تەنگێک و چەڵەمەیەکی دروست کرد.

٥- جرێک و جانەوەرێکە بۆ خۆی.

نموونەکانی (ب) ئەوە دەردەخەن کە جووتەوشە وەک یەک یەک دانە ڕەفتار دەکەن و نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی وەری ناگرێ، هەر بەدوایانەوە دەلکێ نەک بەکەرتی پێشەوە. بەپێچەوانەوە ئەو دەستەواژانەی کە لە ناو پێکهاتوون هەردوو کەرتەکەیان یان یەکێکیان دەتوانێ نیشانە وەربگرێت:

٦- مۆمێک و چرایەکی داگیرساند.

٧- مۆمەکە و چراکەی داگیرساند.

٢- بەپێی پێناسەکەی ئێمە ژمارەی کەرتەکانی جووتەوشە لە دووان تێ ناپەڕێ. بەپێچەوانەوە ژمارەی کەرتەکانی ئەو دەستەواژانەی بە(و) پێکەوە دەبەسترێن، بێ سنوورن. واتە دەتوانرێن درێژ بکرێنەوە و تاکە هێز، کە کۆتاییان پێ بهێنێ توانستی قسەکەر و وزەی گوێگرە، بۆ نموونە:

٨- ڕاخەرێک و چەند کورسییەک و مێزێک و... م کڕی.

٩- ناردوومە بۆ کتێب و قەڵەم و پەڕە و... هتد.

٣- بەئاسانی دەتوانرێت دەستکاری بەکەرتەکانی دەستەواژەی بەستراو بکرێت، واتە پاش و پێش بخرێت، بێ ئەوەی واتای دەستەواژەکە تێک بچێت، بەڵام لە جووتەوشەدا جێ گۆڕینی کەرتەکانی بەئاسانی ئەنجام نادرێت و زۆر جار پاش و پێش خستنیان دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی جووتەوشەکە:

١٠- (أ) ئەو پیاوانە مشت و مڕیانە. (مشت و مڕ/جووتەوشە)

(ب) ئەو پیاوانە مڕ و مشتیانە.

١١- (أ) بیروڕامان یەکە. (بیروڕا/جووتەوشە)
(ب) ڕا و بیرمان یەکە.
١٢- (أ) چرایەک و مۆمێکی داگیرساند. (چرا و مۆم/ دەستەواژە)
(ب) مۆمێک و چرایەکی داگیرساند.
١٣- (أ) لق و پۆپی دارەکەی هێنایە خوارێ. (لق و پۆپ/جووتەوشە)
(ب) پۆپ و لقی دارەکەی هێنایە خوارێ.

٤- لەبەر ئەوەی دوو کەرتەکەی جووتەوشە پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە دەبن بەیەک لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە ڕەفتار دەکەن، بۆیە کەرتی تر لە شێوەی وشەدا بێت، یان ڕستە، ناچێتە نێوانیانەوە و لە یەکتری نایان ترازێنێ. وەک ئەم نموونانە ڕوونی دەکەنەوە:

١٤- کیژێکی نەرم و نیانە.
١٥- کیژێکی نەرم و زۆر نیانە.
١٦- کیژێکی نەرم و تا بڵێی نیانە.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، کەرتەکانی دەستەواژە بەئاسانی لە یەکتر جودا دەبنەوە و وشە و تەنانەت ڕستەی تر دەچێتە نێوانیانەوە:

١٧- مۆمێکی گەورە و چرایەکی بۆ ناردین.
١٨- خانوویەکی گەورە و زەویوزارێکی زۆری هەیە.
١٩- مۆمێک و وابزانم چرایەکی بۆ ناردین.

٥- کەرتەکانی جووتەوشە ئەگەر پێویستی بەفراوانکردن بێت بەهۆی دیارخەرەوە بەئاسانی فراوان ناکرێت، بەڵکو دەبێت دیارخەرەکە بچێتە دوایی یان پێش هەموو پێکهاتەکە. واتا هیچ دیارخەرێک ناتوانێ هەر بۆ بەشی یەکەم بگەڕێتەوە:

٢٠- مشتومڕێکی گەورە لە بارەی ئەو کێشەیەوە کرا.
٢١- چ مشتێک و کام مڕ لەم بارەیەوە کراوە؟



٢٢- چ مشتومڕێک لەم بارەوە کراوە؟
٢٣- مشت و ئەم مڕەی ناوێت.

هەرچی کەرتەکانی دەستەواژەیە بەئاسانی تاکە تاکە فراوان دەکرێن، بێ ئەوەی ڕێزمانی ڕستەکە بشێوێ.

٢٤- ئەم چرایە و ئەو مۆمەم هەرزان کڕی.
٢٥- چەند مۆمێک و دوو چرای بۆ ناردین.
٢٦- کام دراوسێ و چ پیاوێک فریامان کەوت!.

٦- (ئەو پەیوەندییە واتاییەی لە نێوان کەرتەکانی جووتەوشەدا هەیە، پەیوەندییەکی سنووردارە، واتە بریتییە لە پەیوەندیی دژ واتایی و هاوواتایی و هۆ و ئەنجام وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ: (شەو و ڕۆژ، هاتوچۆ، دژ واتا)[1] پەرت و بڵاو، خزم و خوێش، پارە و پول، سەر و پۆتەڵاک (هاوواتا) سارد و سڕ، گەرم و گوڕ، (هۆ و ئەنجام).

بەپێچەوانەوە، پەیوەندییەکی واتایی ئەوتۆ لە نێوان کەرتەکانی دەستەواژەدا بەدی ناکرێ، کە بیری ئەوەمان بداتێ پێشبینی بکەین، کام کەرەستە دەتوانن دەستەواژە دروست بکەن، یان بەیەکەوە لە دەستەواژەیەکدا بن. بەم جۆرە لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە (کانی) و (ئاو) جووتەوشە دروست بکەن و (گەڵا) و (بەرد) دروستی ناکەن، ئەم دووانەی دوایی بەئاسانی لە دەستەواژەدا کۆ دەبنەوە.

٢٧- گەڵا و بەردی نزیک خانۆکەکان لە دوورەوە زەرد دەچوونەوە.

٧- هیچ لە کەرتە پێکهێنەرەکانی جووتەوشە لانادرێت، واتا هیچ کەرتێکیان بەتەنیا فڕێ نادرێت بەبێ ئەوەی واتاکە نەگۆڕێت وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا.

٢٨- کیژێکی نەرم و نیان و دراوسێیەکی نەرم و نۆڵ بوو.

٢٩- کیژێکی نەرم و نیان و دراوسێیەکی نۆڵ بوو.

بەپێچەوانەشەوە لە لێکدانی دەستەواژەدا دیارخەری کەرتەکان بەئاسانی لادەبرێ.

٣٠- چەند مۆمێک و چەند چرایەکی کڕی.

٣١- چەند مۆمێک و چرایەکی کڕی.

٣٢- کام برا و کام خوشک فریامان دەکەوێ؟

٣٣- کام برا و خوشک فریامان دەکەوێ؟

لەو دەستەواژانەشدا کە کەرتەکانیان ناون، دیسان کەرتێک لادەبرێ بەڵام واتاکە دەگۆڕێ.

٣٤- من گوڵێک و قەڵەمێکم بۆ هێنا و ئەویش گوڵێک و چرایەک.

٣٥- من گوڵێک و قەڵەمێکم بۆ هێنا ئەویش گوڵێک و چرایەک.

٣٦- من قەڵەمێکم بۆ هێنا و ئەویش گوڵێک و چرایەک.

٨- لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە، جووتەوشە بەوە لە دەستەواژە جودا دەبێتەوە، کە تاکە یەک هێزی سەرەکی وەردەگرێ و دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی بەهێزی دووەم کەرت. لەمەدا جووتەوشە وەک هەموو لێکدراوێکی تر ڕەفتار دەکات. لە دەستەواژەدا یان هەموو کەرتەکان هێزیان دەکەوێتە سەر (بۆ نموونە ئەگەر هەموویان ناو بن، یان یەکێکیان هێزی سەرەکی و ئەویتریان لاوەکی «پلە دوو» وەردەگرێ). وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ:

(أ) کەس و کار — جووتەوشە

تەنگ و چەڵەمە — هێزی سەرەکی

سووک و سۆل



(ب) دار و بەرد — دەستەواژە

ئەم پیاوە — هێزی سەرەکی

چەند پیاو — هێزی سەرەکی

ب- جووتەوشە و لێکدراوی تر:

هەرچەندە جووتەوشە لە هەندێ ڕووەوە لە وشەی لێکدراو دەچێ[1] ئەم دوو دیاردەیە لە چەند باردا لە یەک دەکەن، بەڵام جووتەوشە تایبەتێتی خۆی هەیە و هەمیشە دەتوانرێ بەوردی لە لێکدراوی تر جودا بکرێتەوە. تایبەتییە هاوبەشەکانی لێکدراو و جووتەوشە لەم ڕووانەی خوارەوەدایە:

١- جووتەوشە و وشەی لێکدراو لە هەر جۆرێک بێت پتر لە کەرتێک پێک هاتوون: شل و مل، نم نم (جووتەوشە)، دارخورما، تیربرژانگ، خۆفرۆش (وشەی لێکدراو)ن.

٢- لە هەردووکیاندا وشەکان یان کەرتەکان جێگۆڕکێ ناکەن:

* خورما دار، * برژانگ تیر، * کاڵ چاو، * بەرز باڵا، (وشەی لێکدراو).

* مل و شل، * سڕ و سارد، * چو و هات، * جانەوەر و جڕ، (جووتەوشە).

٣- کەرتەکانیان لە یەکتری دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن.

* دارێک و خورما
* دارەکە خورما
* دارەکان خورما
* خۆ زۆر فرۆش

(وشەی لێکدراو)

(1) Lehmann, 1972. 13

* مل زۆر شل
* جڕ و کەم جانەوەر — جووتەوشە
* پەرش و زۆر بڵاو

بەهەمــوو کــەرتەکــان یەک هێــزی ســەرەکی وەردەگــرن: دارخــورمــا ، تیربرژانگ، شل و مل.

٤- جووتەوشە و وشەی لێکدراو دەبنە تاکە وشە (Lexicalized)[1]، واتە وەک یەک وشە لە مێشکدا کۆ دەبێتەوە و گۆڕانی واتاییـان بەسەردا دێت بەوەی واتاکانیـان لە کۆی واتای کەرتەکانیانەوە نایەن و هەندێ جار پێشبینی ناکرێت. بۆ نموونە (قەڵەم بڕ) پەیوەندییەکی وەهای لەگەڵ (قەڵەم)دا نەماوە و بۆ جۆرێکی تایبەتی لە چەقۆ بەکار دێ - واتە لە بنچینەدا بەو جۆرە چەقۆیە گوتراوە، قەڵەمی پێ دادراوە. هەروەها جووتە وشەیەکی وەک (کونەبا) بەواتای پیاوێکی درۆزن وەک کونی با درۆ هەڵدەڕێژی، لێرەدا بەمەجاز و تەشبیە بەکارهێنراوە، پەیوەندییەکی زۆری بە(کون) و (با)وە نەماوە هەرچەند لە بنەڕەتیشدا لە (کون) و (با)وە هاتبێت.

٥- جووتەوشە و وشەی لێکدراو توانستی ناونانیان تێدا نەماوە، واتە کەرتەکانیان، بەتایبەتی ئەو کەرتانەیان کە سەرە نین ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شتەکانی دەوروبەر. بۆ نموونە وشەیەکی وەک (قەڵەم) لە وشەی لێکدراوی (قەڵەمبڕ)دا باس لە قەڵەمێکی ئاشکرا ناکات.

لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە هاوبەشانەدا جووتەوشە لە زۆر سەرەوە لە وشەی لێکدراو جودا دەکرێتەوە. خاڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی گشتی لە ژمارەی کەرتەکان دایە! جووتەوشە هەرگیز لە پێکهاتندا لە دوو کەرت تێ ناپەڕێ، بەڵام وشەی لێکدراو هەندێ جار (لە کوردیدا زۆر کەم)

(1) Lyons, 1969;



لە دوو کەرت تێ دەپەڕێ (بۆ نموونە: بن بەردەقیلە، بن بەردۆک، چاوەڕوان نەکراو).

جگە لەو خاڵە جیاکەرەوە گشتییە (کە زۆر جار بێ سوودە، چونکە بەزۆری جووتەوشە و وشەی لێکدراو هەر لە دوو کەرت پێک دێن).

جووتەوشە لە هەموو جۆرەکانی تری وشەی لێکدراو جودا دەبێتەوە. (یەکێک لە جۆرە دیارەکانی وشەی لێکدراو لە کوردیدا، ئەو چەشنەیە کە یەکێک لە کەرتەکانی دیارخەر و ئەویتریان کاکڵە، یان سەرەی لێکدراوەکەیە. کەرتەکانیش یان بێ یارمەتی یان بەیارمەتی (ە)ی ئیزافە بەیەکەوە بەستراون)[1]

وەک: دارسێو، هیزەڕۆن، بەردەنوێژ، کەڵەپیاو... هتد. ئەم جۆرە بەوە لە جووتەوشە جیا دەکرێتەوە کە دوو کەرتەکەی لە بایەخدا وەک یەک نین، واتا یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوی تر، بەم پێیە (دارسێو) جۆرێکە لە (دار) و (کەڵەپیاو) چەشنێکە لە (پیاو)... هتد. وشەی (دار) و (پیاو) و (هیزە) سەرەن، یان کاکڵەن، وشەی (سێو) و (کەڵە) و (ڕۆن)یش پاکەوتەن (تابع). ڕۆنانەکە هەمووی کاکڵەیین واتا یەک چەقیان هەیە کە وشە سەرەکەیە:[2]

هیزەڕۆن > هیزە

دارسێو > دار

کەڵەپیاو > پیاو

ئاشکرایە کە ئەم جۆرە لێکدراوە لە دوو ڕووەوە لە جووتەوشە جودا دەبنەوە:

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤١.

(٢) هەمان سەرچاوە ل ١٤٠.

١- له جووتەوشەدا هەردوو پارچەکە بەهایان هەیە و هیچیان نابنە پاشکەوتەی ئەویتر، واتە هەردوو کەرتەکە سەرەن، بۆ نموونە لە (پڕوپووچ)دا، نە (پڕ) پاشکەوتەی (پووچ)ە و نە (پووچ) پاشکەوتەی (پڕ)ە و هەریەکە بۆ خۆی سەرەیە، بەهەمان چەشن (شڕوپڕ) و دەیان جووتەوشەی دی.

ئەم جووتەوشانە هەر واتایەکیان هەبێت، بەهەردوو وشەکە هەڵیان گرتووە و تەنیا بەیەکێکیان ئەنجام نادرێ و هەردوو کەرتەکە گرنگن.

٢- لەم جۆرە لێکدراوانەدا بەزۆری (ە) ئیزافە کەرتەکان بەیەکترەوە دەبەستێ. گەرچی وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێ هەندێ جاریش بێ یارمەتی ئامراز ئەو پێکهاتەیە پێک دێن. کەواتە جووتەوشە یان بێ یارمەتی پێک دێن، بۆ نموونە (نم نم، کوت کوت)، یان بەهۆی ئامرازی بەستنی (و)ەوە بەو پێیە هەندێ جار جۆری ئامرازەکە، جووتەوشە و وشەی لێکدراو جودا دەکاتەوە:

| وشەی لێکدراو | جووتەوشە |
|---|---|
| کەڵەشێر | جڕوجانەوەر |
| تەڕەپیاز | شل و مل |
| کەڵەپیاو | سفت و سۆڵ[١] |


لەو بارانەدا کە هەردوو وشەی لێکدراو و جووتەوشە بێ یارمەتی ئامراز دروست بوون، ئەوە دەشێ لە ڕێگەی خاڵی یەکەمەوە جودا بکرێنەوە، یان بەهۆی پەیوەندی واتای نێوان کەرتەکانی جووتەوشەوە بناسرێتەوە.

(١) تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشەدووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی)، چاپی یەکەم، ١٣٤٧ ل ٧٤.




| وشەی لێکدراو | جووتەوشە |
|---|---|
| باڵابەرز | هاژەهاژ |
| هیزەڕۆن | قاسپەقاسپ |
| گەردن بلوور | گرمەگرم |

هەرچی ئەم وشە لێکدراوانەیە، لەبەر ئەوەی لە دیارخەر و دیارخراوی (سەرە) پێک هاتوون، بەجۆرێکی تر لێک دەدرێنەوە، بەڵام ئەوە لەگەڵ جووتەوشەدا ناکرێ:




بەڵام




(جۆرێکی تر لە لێکدراو ئەوانەن، کە بە(کورتە) ناو دەبرێت و ئەمانە بریتین لە ناوێک و کارێک. ناوەکەیان دەستەواژە ناوییەکە، یان لە ڕۆڵی بکەردا دەبن یان بەرکار)[١].

تایبەتییەکی ئەم لێکدراوە کورتانە لەوەدایە کە هەندێ جار واتایەکی زیاد لە ئەنجامی لێکدانەکە پەیدا دەبێ کە واتای ناوی بکەرە. نموونە:

(١) محەمەد مەعروف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا، ١٩٨٩، ل ١٤١.

(١) بەرگدروو = بەرگ + دروون

ناو
بەرکار ] + کار

واتا = ئەو کەسەی کە بەرگ دەدوورێ

(٢) چێشت لێنەر = چێشت + لێن (لێنان) + ەر

ناو + ڕەگی کار + پاشگری ناوی بکەر

واتا = ئەو کەسەی کە چێشت لێ دەنێ.

(٣) ڕۆژهەڵات = ڕۆژ + هەڵهاتن

ناو
بکەر ] + ڕەگی کار

(ئەم لێکدراوە کورتانە بواریان نییە تێکەڵ بەجووتەوشە بن، چونکە دوا کەرتی ئەم وشانە هەمیشە کارن و کاریش هەرگیز نابێتە تاکە کەرتێک لە جووتەوشە، واتا جووتەوشە لەوانەیە لە دوو ناو یان دوو کار یان دوو ئاوەڵناو پێک بێت، بەڵام هەرگیز لە دوو پۆلی جیاواز دروست نابێت)[1]، وەک ناوێک و کارێک یان ناوێک و ئاوەڵناوێک... هتد.

| | وشەی لێکدراوی کورت | جووتەوشە |
|---|---|---|
| بریتییە لە | ناو + کار | ناو + ناو |
| | | ئاوەڵناو + ئاوەڵناو |
| | | ڕەگی کار یان قەدی کار + ڕەگی کار |

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.



| نموونە | | |
|---|---|---|
| | دارتاش | کەس و کار |
| | خۆکرد | سووک و سۆڵ، تاریک و ڕوون |
| | خواکرد | هات و چۆ |

(جۆرێکی تر لە وشەی لێکدراو ئەوانەی کە بەلێکدراوی (خاوەندی) ناو دەبرێن. هەرچەندە ئەم لێکدراوانە بەزۆری لە کوردیدا بەهۆی ئامرازی (ی) ئیزافەوە بەجۆرێکی تر لێک دەدرێنەوە، ئەم لێکدراوانەیە هیچ شتێکمان دەربارەی واتا گشتییەکەی لێکدراوەکە بۆ ڕوون ناکاتەوە، بەواتایەکی تر واتای لێکدراوەکە زۆر لێڵە و لە ئەنجامی کۆکردنەوەی واتا پارچەکانەوە وەرنەگیراوە و بەڵکو لە لێچوواندنەوە یان خوازەوە هاتوون).[1]

ئەم جۆرە لێکدراوانە ئیدیەمن، لەبەر ئەوە واتا پیتی و واتای خوازەیان هەیە، هەرچەندە واتا خوازەییەکەیان زاڵە بەسەر واتاکەی تردا. بۆ نموونە وشەیەکی لێکدراوی وەک (مەڕەگێژ) بەواتای (مەڕی گێژ) نایەت، بەڵکو بەو کەسە دەگوترێ کە (بێ دەسەڵاتە). لێکدراوی تری ئەم بابەتە: دەم پیس، دڵ ڕەق، دڵ تەڕ... هتد. ئەم جۆرە لێکدراوانە زیاتر بواریان هەیە لەگەڵ جووتەوشەدا تێکەڵ بن و جودا نەکرێنەوە، بەڵام دیسان گەڕانەوە بۆ پەیوەندی واتایی کەرتەکان و جۆری ئامرازەکە و بەشە ئاخاوتنی کەرتەکان، ئەم توانایە دەدات کە ئەم جۆرە لێکدراوانە لەم جووتەوشە جودا بکرێنەوە، ئاسانترین ڕێگە لە ئارادا بەلای منەوە لێرەدا پشت بەستنەوە بەواتای پێکهاتەکە، تا وەکو واتای ڕۆنانەکە لە واتای کەرتەکانەوە دوور بێت، ڕۆنانەکە لە وشەی لێکدراو نزیک دەبێتەوە و لە جووتەوشە دوور دەکەوێتەوە چونکە جووتەوشە ئیدیەم دروست ناکەن.

(١) هەمان سەرچاوە ل ١٤١.

٤- پەیوەندی نێوان أ و ب لە هاوکێشەی جووتەوشەدا:

لێکدانەوەی پەیوەندی شێوەیی (شکلی) و واتایی لە نێوان کەرەسەکانی وشەی هاوجووتدا سەرەتایەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جووتەوشەوە. شایانی زانینە کە دووجۆر پەیوەندی لە ئارادا هەیە:

أ- پەیوەندی شێوەیی

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی لە جووتەوشەدا ئەوەیە کە بەپێچەوانەی وشەی لێکدراو و دەستەواژە و ئیدیەم کەرتەکانی زۆر جار لە شێوە لە یەکتر دەچن ئەگەر کتومت یەک بن. ئەم لێکچوون و دووپاتبوونەوەیە لە جووتەوشەدا هۆکارێکی گرنگە بۆ چەسپاندنیان لە بیر و مێشکی قسەکەردا. لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ جوداکردنەوەی جووتەوشە لەوانە ڕێزمانەکانی تر. لێکچوون و نزیکبوونەوە لە شێوەی کەرتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- دووبارەبوونەوەی کەرتی یەکەم بەهەموو فۆنیمەکانیەوە وەک لە (نم نم، ئەنجن ئەنجن، تک تک، ورد ورد، کوت کوت،... هتد).

لە جۆرێک لەمانەدا تەنیا ئامرازی لێکدان دوو وشەکە جیا دەکاتەوە: ڕوو بەڕوو، کۆڵان بەکۆڵان، یەکە بەیەکە[1].

لە جۆرێکی تر لەم جووتەوشانەدا گۆڕانێکی فۆنەتیکی کەم لە کەرتی یەکەمدا ڕوویداوە: سەرانسەر، بەرانبەر (بەرامبەر)، شاخەوشاخ هەندێ جار گۆڕانەکە لە کەرتی دواوە دایە: جاڵجاڵۆکە، خاڵخاڵۆکە (لەمانەدا کەرتی دووەم «-ۆکە»ی بچووککردنەوەیان وەرگرتووە و هەر لەم شێوەیەشدا دەبینرێت (واتە: خاڵ خاڵ لە ئارادا نییە)، شلپەشلپ، قرمەقرم، گێڤەگێڤ، (لەمانەدا کەرتی دواوە فۆنێمێکیان لە دەست داوە).

(١) د. نەسرین فەخری، زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی جووتەوشە لە زمانی کوردیدا، عێراق، ڕۆشنبیری کوردی، ١٩٨٣، ژ ١ - ١١.



لێرەدا یەکێک لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی جووتەوشە وا پێ دەچێ ئەوە بێت کە تا بێت بەبزوێن (بەتایبەتی بەبزوێنی «ە») دواییان بێت بەمەرجێک مۆرفیمێکی ڕێزمانی وایان وەرنەگرتبێ کە بەبزوێن دوایی بێت (بڕوانە خاڵخاڵۆکە).

٢- جگە لەم شێوەیە کە کەرتی دووەم دەقاودەق کەرتی یەکەمە و هەندێ جار گۆڕانێکی کەم لە یەکەم یان دووەمدا دەبینرێ، جووتەوشەی تر نزیکی فۆنۆلۆجیان تێدا بەدی دەکرێ لەم بارانەدا:

أ- دووبارەبوونەوەی فۆنیمی یەکەمی کەرتی یەکەم لە سەرەتای کەرتی دووەمدا.

ن........... ن...............

نموونە:

لەش و لار
بەژن و باڵا
کوڕ و کاڵ
خوار و خێچ
دۆست و دوژمن

ب- دووپاتبوونەوەی دوو فۆنیمی سەرەتا وشەی یەکەم لە سەرەتای دووەمدا.

ن ن.........، ن ن.........

نموونە:

دەم و دەست
لەم و لەو
زەبر و زەنگ
ناڵەناڵ

ج- هاتنی فۆنیمێکی هاوتای فۆنیمی سەرەتای وشەی یەکەم لە سەرەتای وشەی دووەمدا (مەبەست لە هاوتا ئەوەیە کە دوو فۆنیمەکە لە یەک سیمادا جیاواز بن ئینجا سیماکە کپ و دەنگداری بێت یان شوێنی دروستبوونی یان ڕێگەی دروستبوون).

ن............، م............

(ن) و (م) لە یەک سیمادا جیاواز بن

نموونە:

پەرش و بڵاو

کەر و گا

گۆڕ و کفن

پان و بەرین

د- دووپاتبوونەوەی دوای فۆنیمی وشەی یەکەم لە کۆتایی دووەمدا:

............ ن، ............ ن

نموونە:

ماڵ و حاڵ

ئێسک و پروسک

چاو و ڕاو

شڕوپڕ

هـ- دووبارەبوونەوەی دوو فۆنیمی کۆتایی لە هەردوو بەشەکەدا:

......... ن ن، ......... ن ن

نموونە:

بەزم و ڕەزم

خان و مان



ڕێک و پێک

کەل و پەل

ن- دووبارەبوونەوەی فۆنیمێکی هاوتای کۆتایی یەکەم لە کۆتایی دووەمدا:

......... ن، ......... م

نموونە:

ترس و لەرز

کەڕ و لاڵ

مێش و مەگەز

کۆت و بەند

و- لێکچوونی سەرەتا و کۆتایی یەکەم لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دووەم:

ن......... ن، ......... ن

نموونە:

شەڕ و شۆڕ

هەراوهۆریا

دڵاودڵ

ماڵ و مناڵ

م- هەندێ جار جیاوازی نێوان دوو وشەکە تەنیا لە بزوێنی یەکەم و دووەمدا دەبێ، واتە لە هەموو فۆنیمەکانی تردا هاوبەشن.

......... ن.........، ......... ل............

نموونە:

زاق و زووق

قار و قوڕ[1]

(١) تەها فەیزی زادە ١٣٦٨ ل ٩٧.

قاچ و قوچ[٢]

قاتی و قڕی[٣]

ی- هەندێ جووتەوشە هەر لە دەنگی یەکەمدا جیاوازن

ن......، ن.........

نموونە:

ڕەند و مەند

ڕێک و پێک

ڕێژە و پێژ[٤]      (بڵاوکردنەوە)

سەر و بەر

هەموو ئەو تێبینییانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لێکچوون و نزیکی دەنگی کەرتەکانی جووتەوشە یەکێکە لە تایبەتییە گرنگەکانی کە لە هەموو دانە مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی یەکسانی تر جودای دەکاتەوە، واتە ئەو پەیوەندییە فۆنۆلۆجییە لە نێوان کەرتەکانی جووتەوشەدا دەبینرێن، لە نێوان کەرتەکانی وشەی لێکدراوی تر و دەستەواژەدا نییە و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ جوداکردنەوەی لە هەموو ئەو دانانەی لە ڕووی ڕۆنانەوە لەم دەچن لە هەمان کاتیشدا ئەم لێکچوون و دووپاتبوونەوەی دەنگ جووتەوشە دەچەسپێن بۆ فێربوون ئاسانی دەکات.

(٢) تەها فەیزی زادە ١٣٦٨ ل ٩٨.

(٣) تەها فەیزی زادە ١٣٦٨ ل ٩٨.

(٤) تەها فەیزی زادە ١٣٦٨ ل ٦٥.

تێبینی: ڕێژە و پێژ بەمانا بڵاوکردنەوە (ئەم ڕێژە و پێژە چییە) کەمێک بەجۆری کار بکە.



**٣- جۆرەکانی جووتەوشە:**

جووتەوشە لە چەند شێوەیەکی جیا جیادا بەدی دەکرێت، هەرە گرنگەکانی ئەم شێوانەی خوارەوەن:

أ- جووتەوشەی دووبارە:

مەبەست لە دووبارە "کردەی بەرهەمهێنانی کەرەسەیەکە بەخواستنی ماوەی فۆنۆلۆجی «واتە چەند فۆنیمێک یان بڕگەیەک» لە ڕەگ یان بناغەی وشەکە خۆیەوە"[١] دووبارەکردنەوەی مۆرفیمێک لەوانەیە گۆڕانی بزوێن و نەبزوێنیشی تێ بکەوێ و ڕەنگە مۆرفیمە دووبارەکراوەکەش لە شێوەی ڕەگ یا گیرەکدا بێ گرنگ ئەوەیە کە وشە بنەڕەتەکە کەرتی یەکەمی وشە داهێنراوەکە پێک دێنێ و دووبارەکە کەرتی دووەم (Bolinger, 1968, Stageberg. 1993) لە کوردیدا دووبارە هەرگیز گیرەک دروست ناکات، بەڵکو هەمیشە لە بناغەی وشەکەوە و بناغەیەکی تر دادەڕێژێ و بەهەردووکیان بەزۆری وشەیەکی جیاواز دێتە کایەوە زمانەوانی ئەمریکی ساپیر[٢] (١٩٢١) هەر لە دەمێکەوە تێبینی ئەوەی کردووە کە دووبارە لە زمانەکانی جیهاندا زۆر بڵاوە و بەو کردەیەی داناوە کە بەکار دێ بۆ داتاشینی ڕەمزی واتا ئاشکرا بۆ دەربڕینی هەندێ چەمکی وەک کۆکردنەوەی ناو، دووبارەکردنەوە، گەورەبوونی قەبارە، بەردەوامی، کارێک کە بووبێ بەپیشە - دابەش بوون... هتد.

کردەی دووبارەکردنەوە کە لەوانەیە سەراپا بێت (واتا لە هەموو زمانێکدا هەبێت)[٣] ئەرکێکی ڕێزمانی جیاوازیی لە کوردیدا پێ

(1) Katamba, 1993, 180.

(2) Sapir 1921, 76.

(3) Sapir. Ibidim.

ناسپێرێت، واته ئەرکێکی ڕێزمانی نابینێ یان وەک مۆرفیمێکی ڕێزمانی ڕەفتار ناکات بۆ نموونە: (کات، بەردەوامی، بکەر نادیار، کۆ... هتد) پیشان نادات، بەڵکو هاوبەشی دەکات لە داڕشتنی وشەی نوێیدا، ناوی، ئاوەڵناوی یان ئاوەڵگوزارەی نوێی لە کەرەسەی ترەوە:

بۆڵە، بۆڵەبۆڵ، پچڕ، پچڕپچڕ، کەم، کەم کەم. ئەم کردەیە چالاکی تەواوی لە داڕشتنی وشەی دەنگدا هەیە وەک: جریوەجریو، قڕەقڕ، جیکەجیک. لەگەڵ ئەوەشدا کە دووبارە ڕێگایەکی ئاسایی نییە لە داڕشتنی وشەی نوێیدا، ئەم کردەیە لە کوردیدا لەوە بڵاوترە کە بۆی دەچین یان دێتە بەرچاو. بەواتایەکی تر، کردەکە تا ڕادەیەک زیندووە و جارجار وشەی نوێشی پێ دروست دەکرێ، ئەوەی لە بارەی دووبارەوە تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا، دوای سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆجی پرۆ سۆدی[1] توانرا کەمێک زانیاری دەربارەی دووبارە لە زمانەوانی ئەمریکی و ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەدی بێت[2].

جگە لە تێبینی گشتی بۆ چەند سەدەیەک شتێکی وا لەم بارەیەوە لە بەردەستدا نەبوو، هەموو دیاردەکە وەک ناوگر و جێگۆڕکێ دەنگ و تواندنەوەی تەواو (هات و ڕۆشت) بەدیاردەیەکی «نازمانی و ناسروشتی»[3] دادەنرا.

لەبەر ئەوەی لەم کارەدا جارێکی تر بەتایبەتی نایەنەوە سەر دووبارە، وا لە خوارەوە چەندین تێبینی لەم بارەیەوە لە ژێر چەند سەرباسێکدا تۆمار دەکەین:

(1)-(2) Fattah, 1998, 1.
(3) Dressier, 1985, 334.



أ- ئەرکی دووبارە:

هەر وەک لە پێشترەوە گوترا دووبارە لە کوردیدا ڕێگایەکە بۆ داڕشتنی وشەی نوێ و هەرگیز لە شێوەی گیرەکدا نایەت، ڕێزمانی بێت یان داڕشتن کردەی دووبارە، بۆ نموونە، وشەی (ڕۆ ڕۆ) لە (ڕۆ)وە و وشەی (بارەبار) لە (بار)وە دادەڕێژێ. نموونەی تر وەک ئەمانەی خوارەوە دەبن:

| (سادە) دووبارەنەکراوە | دووبارەکراو |
| --- | --- |
| کەم | کەم کەم[1] |
| دوو | دوو دوو |
| بۆڵە | بۆڵە بۆڵ |
| جیکە | جیکە جیک |

ئەرکی سەرەکی واتایی دووبارە خەستکردنەوە و چڕکردنەوەی واتایە. بۆ نموونە لە (بۆڵە بۆڵ) و (چرپە چرپ) و (جریوە جریو)دا دووبارە ئەو واتای چڕکردۆتەوە کە لە (بۆڵە) و (چرپە) و (جریوە)دا هەیە چونکە ڕستەیەکی وەک:

هەمیشە بۆڵەیەتی.

لەگەڵ:

هەمیشە بۆڵە بۆڵێتی.

جیاوازییەکی واتایی گەورەیان لە نێواندا نییە، ئەوەی ڕستەکەی دوایی بۆڵەکەی گەورەتر کردووە واتا قەوارەیەکی زلتری داوەتێ.

بێگومان چڕکردنەوە یان خەستکردنەوە هەر بەواتای گەورەکردنی قەوارە نایەت، بەڵکو هەندێ جار دووبارە کەم بوونەوەی بەردەوام دەگەیەنێ وەک لە:

(1) Mac Cems 1954.

(کەم کەم)، (جار جار) یان (ناو ناو)دا دەردەکەوێ. هەندێ جار، بەتایبەتی بەدووبارەکردنەوەی ڕەگی کار، کردەیەکی بەردەوام دێتە دی وەک (پچڕ پچڕ)، (ئەنجن ئەنجن)، (ورد ورد)، (لەت لەت)، (کوت کوت)... هتد.

ب- چەشنەکانی دووبارە:

دوو جۆر کردەی دووبارە لە کوردیدا بەرچاو دەکەوێ:

١- کردەی دووبارەی تەواو و (دووبارەی پڕ).

٢- کردەی دووبارەی ناتەواو[1]

لە دووبارەی تەواودا وشەکە یان مۆرفیمەکە پڕ بەپڕی یان بەتەواوی دووبارە دەبێتەوە، واتە وشەکە کۆپی دەکرێ یان لەبەری دەگیرێتەوە. لە باری وادا ئەرکی دووبارە چڕکردنەوە و دووبارەکردنەوە دەبێ، نموونە لەم جۆرە دووبارەیە ئەمانەن: (دوو دوو) و (کەم کەم) و (کوت کوت) و (ڕۆ ڕۆ). هەروەک ئەم نموونانە دەری دەخەن کەرەسە دووبارەکراوەکە لەوانەیە ناو بێت، وەک (بۆڵە بۆڵ)، یان کار (ڕەگی کار) وەک (ڕۆ) لە (ڕۆ ڕۆ)دا، یان چەندێتی وەک (کەم) لە (کەم کەم)دا یان ژمارە وەک (دوو) لە (دوو دوو)دا، بەڵام کەمتر ڕێک دەکەوێ ئاوەڵناو بێت، وەک (ورد) لە (ورد ورد)دا.

شایانی سەرنجە کە دووبارەی تەواو دەتوانێ بەشی ئاخاوتنی وشەکە بگۆڕێ وەک لە (کەم کەم)دا کە ئاوەڵگوزارەی لە (چەندێتی)وە دروست کردووە یان لە(دوو دوو)دا کە دیسان ئاوەڵگوزارەی لە ژمارەوە داڕشتووە. دیسان هەندێ جار (ناو) لە ڕەگی کارەوە دادەڕێژی وەک (ڕۆ ڕۆ) لە (ڕۆ)وە. بەزۆری دووبارەی تەواو لە کوردیدا لە پۆلی ترەوە ئاوەڵگوزارە دادەڕێژی وەک ئەم نموونانە دەری دەخەن:

(1) Fattah, 1998: 2



| نم (ناو) | نم نم دەبارێ (ئاوەڵگوزارە) |
|---|---|
| پۆل | پۆل پۆل دێن |
| جووت | جووت جووت هاتن |
| پێک | پێک پێک دەخواتەوە |

ژمارەیەکی کەم لەو وشەی دووبارەدا، دووبارەی تەواو پۆل ناگۆڕێ: وەک (تۆپ تۆپێن)، (پەت پەتێن)، (جاڵجاڵۆکە) و (خاڵخاڵۆکە)... هتد.

لە دووبارەی ناتەواودا تەنیا بەشێک لە ڕەگی یان بناغەی وشەکە دووبارە دەکرێتەوە. زۆربەی دووبارەی ناتەواو لە وشە دەنگییەکاندا دەبینرێ. ژمارەیەکی زۆر (ئەگەر نەگوترێ هەموویان) لەم وشە دەنگییانە دەنگی کۆتایی خۆیان لە دەست داوە وەک:

| (سادە دووبارەنەکراو) | دووبارەکراو (ناتەواو) |
|---|---|
| بۆڕە | بۆڕەبۆڕ |
| تەپە | تەپەتەپ |
| جووکە | جووکەجووک |
| لەقە | لەقەلەق |
| گرمە | گرمەگرم |
| لوورە | لوورەلوور |
| هاژە | هاژەهاژ |

دووبارەی ناتەواو ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی تێدایە:[1]

١- بەتایبەتی لە ناو ڕوودەدات.

(1) Fattah, 1998: 3

٢- هەرگیز پۆلی وشەکە ناگۆڕێ، واتە وشە بەرهەم هێنراوەکەش هەر ناوە.

٣- لە زۆربەی یان هەمــــوویاندا دوا بزوێن تێ دەچێ، واتە لە وشــــە دووبارەکەدا دەرناکەوێ.

٤- ئەم بزوێنە بەزۆری بزوێنی (ە)یە.

٥- دووبارەی ناتەواو بەزۆری وشەی دەنگی دروست دەکات.

ج- پۆلکردنی واتایی دووبارە:

لە ڕووی واتاوە ئەو وشانەی بەکردەی دووبارە دادەنرێت دەبن بەچوار کۆمەڵی واتاییەوە، واتە بەسەر چوار کێڵگەی واتاییدا[1] دابەش دەبن.

کێڵگەی وشە دەنگییەکان، کێڵگەی دووبارە، کێڵگەی (بڕین) و کێڵگەی ڕێکخستن[2] جگە لەم چوار کۆمەڵەش کۆمەڵی نارێک هەن کە لەوە دەچێ دووبارەبوونەوە تیایاندا ڕەگێکی مێژوویی هەبێت و هەموو واتاکەی خۆی لە دەست دابێت وەک لە (جاڵ جاڵ - ۆکە) و (خاڵ خاڵ - ۆکە) یان (قوڕقوڕ - اگە) و (بڕبڕ - اگە).

کێڵگەی وشە دەنگییەکان چەندین وشەی وەک: قیژەقیژ، قرەقر، قڕەقڕ، بڵقەبڵق، جریوەجریو و جووکەجووک دەگرێتە خۆی. ئەم کێڵگەیە لە هەموویان فراوانترە و زیندووترە و کەرەسە دووبارەکراوەکەیان هەرگیز لە یەک بڕگە تێ ناپەڕێ.

کێڵگەی (بڕین) دیسانەوە ژمارەیەک وشەی دووبارە دەگرێتە خۆی وەک: کوت کوت، لەت لەت، ئەنجن ئەنجن، کەرت کەرت، پچڕ پچڕ، پارچە پارچە. لێرەدا کەرتی دووبارەکراوە هەندێ جار دوو بڕگەییە، بەڵام هەرگیز لە دوو تێ ناپەڕێ، کێڵگەی دووبارە چەند وشەیەکی وەک: (ناوەناو) و (جار جار) و (کەم کەم) و (بەرە بەرە) و (تاو تاو)... هتد

(1) Lehrer, 1977: 2

(2) Fattah, 1998: 3



دەگرێتەوە، ئەمانەش دیسان کەرتە دووبارەکراوەکەیان لە نێوان یەک و دوودایە و هەرگیز ناگەنە سێ بڕگە.

کۆمەڵی چوارەم، کێڵگەی ڕێکخستن یان ڕیزبوون ئەم وشانە دەگرێتە خۆی: (تک تک)، (جووت جووت)، (پۆل پۆل)، (دەستە دەستە)، (نم نم)، (چین چین).

کەرتە دووبارەکراوەکە دیسان لە نێوان یەک و دوو دان. پۆلێنە واتاییەکە و جۆرەکانی دووبارە یەکتر دەبڕن[1]: هەموو وشە دەنگییەکان دووبارەی ناتەواون، هەموو کۆمەڵە واتاییەکانی تر بەنارێکوپێکەکانیشەوە دووبارەی تەواون.

د- بەرهەمهێنانی دووبارە:

هەندێ زمانەوان جووتەوشەی دووبارە و جووتەوشەی تریش نە بەوشەی سادە و نە لێکدراو دانانێن، بەڵکو لە نێواندا ڕایان دەگرن م. مەسعوود محەمەد[2] لەم بارەیەوە دەڵێ:

«دەشت و دەشت، شاخ و شاخ، جۆگە و جۆگە، گرد و گرد، ڕۆخ و ڕۆخ.. هتد». ئەمانەش خزمی پێشوون بەڵام تێپەڕینی یەک شتی تێدایە (و) ئاوەڵکاریشن. دەمە دەم، چەڵتە چەڵت، چەنە چەن، فشە فش... هتد. هەمووی ناوی واتان و بەجۆرێک لە جۆرەکانی وەسفی زار قەڵەباڵغی بێ جێ و ڕێ دەکەن.

کزەکز، برژەبرژ، ناوی واتان پێویستی بەشیکردنەوە نییە، گژەگژ، گڤەگڤ، فینکەفینک، ڕەپەڕەپ، تەپەتەپ... هتد. هەمووی ناوی واتا جۆرە دەنگێکن جگە لە (گژەگژ) کەوا خەریکی و پڕ مەشخەڵەتی ناوماڵ دەگەیەنێت...

(1) Fattah, 1998: 3

(٢) م. مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، ١٩٨٨، ل ٣٣٠.

ئەم جۆرە قالبە لە نیوەی ڕێگای بەینی وشەی سادە و لێکدراو: چونکە دووپاتبوونەوەی تێدایە لە سادەیی دەشورێت، دوو وشەی لێکدراوی جودای واتاداریش نین تا بگەن بەلێکدراو. بەڵام ئەمە گرفتی گەورە نییە لە وشەکاندا.

بەڵام ئەگەر وەک مەکنزی و ستاگەبرگ[1] دوای ئەوە نەکەوین و داکۆک لەسەر ئەوە نەکەین کە وشەی لێکدراو هەر دەبێ لە کەرتی سەربەخۆ پێک بێت و ئەو پارچە وشانەش کە مۆرفیمێکی ئازاد پێک ناهێنن بەڵام واتای وا هەڵدەگرێ کە گیرەک لە زمانەکەدا هەڵی ناگرێ بەوشەی سەربەخۆ بژمێرێن ئەوا لەو بارەی م. مەسعوود باس دەکات (نە سادە و نە لێکدراو) ڕزگار دەبین و گومان لەوەدا نامێنێ کە دووبارە وەک وشەی لێکدراو بەیاسای گرێ پێکهێن دێتە بەرهەم و بەم جۆرەی خوارەوە:

ن ← ک. کە / ن. ن

بەشی سەرەوەی باسەکە بۆ دارشتنی ئەو وشانە دەبن کە بەلێکدانی دوو کار ناوێک بەدەست دێنن: (کار + کار) ناو وەک: (ڕۆ ڕۆ). بەشەکەی تر وشەی وەک: (ن + ن)ن (جریوە جریو) (قریوە قریو) دروست دەکەن. لێرەدا لەگەڵ هەموو ئەو فەرهەنگ نووسانە یەک دەگرن کە وشەیەکی دووبارەی وەک (خاڵخاڵۆکە) یان (جاڵجاڵۆکە) وەک وشەیەکی یەک پارچەیی تۆمار دەکەن کە بەهەموویان یەک واتا بەدەستەوە دەدەن هەرچەندە لە دوو کەرتی بناغەیی پێک هاتوون وەک ئەمەی خوارەوە:

«ن (ن خاڵ) – (ن – خاڵ). ۆکە»

بەم پێیە وشەیەکی وەک (خاڵخاڵۆکە) یان (کرکراگە) وشەیەکی

(1) Fattah, 1998: 5



دووبارەی نائاساییە کە پێک هاتووە لە (خاڵ) و دووبارەکەی، کە هەر لەم وشەیەدا دێت لە کوردیدا. نموونەی نائاسایی دووبارە، هەروەک لەو نموونەیەدا دەردەکەوێ لەوانەیە لە دوو بناغە و گیرەکێک پێک بێت.

نموونەی تر لەمانە:

بول – بول
ناز – ناز
قوڕ – قوڕ + اگە
خول – خول + ۆکە
حول – حول – ی

هـ- هەندێ لایەنی تیۆری دووبارە:

سەرزاری ڕەنگە دووبارەکردنەوە بەکردەیەکی کۆپی کردن یان لەبەرگرتنەوە بژمێرین بەوەی یاسایەک لە زماندا هەبێت کە کەرەسە وێنە بگرێتەوە و (ئەو کەرەسەیە وشەیەک بێت، یان برگەیەک یان مۆرفیمێک) بینووسێت بەپاش کەرەسە وێنە گیراوەکەوە باوەڕی وەها ڕەنگە بۆ هەموو دووبارە تەواوەکانی کوردی دەست بدات، واتە بۆ ئەو بارانەی کە هەموو وشەکە دووبارە بۆتەوە وەک لەم نموونەدا دەبینرێت:

| (سادە) دووبارەنەکراو | دووبارەکراو |
| --- | --- |
| کەم | کەم کەم |
| پۆل | پۆل پۆل |
| دەستە | دەستە دەستە |


هەروەک پێشتر گوترا دووبارەی تەواو لە زۆربەی پۆلەکراوەکاندا[1] (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار) دەبینرێت هەرچەندە ئاوەڵناو پۆلێکی

(1) Fattah, 1997


چالاک نییە لەم مەیدانەدا. دووبارەی تەواو، کە تیایاندا هەموو وشەکە وێنەی دەگیرێت و دەلکێنرێ بەوشە بنەڕەتەکەوە، جۆرێکی سادەیە لە دووبارە و کێشە تیۆری دروست ناکات و هەروەک لەم هێڵکارییە دەبینرێت:

١- دیوی ژێرەوە

٢- وێنە گرتنەوەی وشەکە




٣- لکاندن





(٤) دەرئەنجام: کەم کەم

ئەوەی دەبێ تێبینی بکرێ ئەوەیە کە دووبارەی تەواو ڕێزی ڕۆنانی پێکهاتەکە دەگرێ و ئارەزوو کەرتی لێ فرێ نادا و یان کورتی ناخاتە




سەر. هەروەک لە نموونەی دووبارەی تەواو لە کوردیدا هەیە، دووبارەی ناتەواویش زۆرە. ئەمانە سادە نین و کێشەی تیۆریش دروست دەکەن چونکە سنووری پێک هات ناپارێزن. لێکدانەوەی هەموو دووبارە ناتەواوەکانی کوردی ئەوە پیشان دەدەن کە دەنگی /ە/ تیایاندا دەکرتێ یان تێ دەچێ، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەی (هاژەهاژ)دا دەردەکەوێ:


١- دیوی ژێرەوە





٢- گرتنەوە
(کۆپی کردنی دەنگەکان)




٣- لکاندن




٤- ڕێکخستن (یاسا) (لە ڕاستەوە بۆ چەپ و لابردنی دوا فۆنیم).



٥- دەرئەنجام: هاژەهاژ

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لە کوردیدا دووبارەکردنەوە تەنیا ڕێگەی کرتاندنی دوا بزوێن دەدات و بەپێچەوانەی دووبارە لە زمانی تردا یان بەپێچەوانەی جووتەوشەی تر تەنانەت لە کوردیدا ڕێگەی ئەوە نادات کە گۆڕانی بەسەر بزوێن و نەبزوێنەکاندا بێت. تەنانەت کرتاندنی بزوێنیش هەر لە وشە دەنگییەکاندا ڕوو دەدات. جگە لەمەش دووبارەکردنەوە بۆ وشەیەک نابێت کە لە سێ بڕگە پتر بێت.

ئەم ڕاستییانەی سەرەوە وامان لێ دەکەن کە بەدوای (مەکەرمی پرینس)[١] بکەوین و باوەڕ بەوە بکەین کە گرنگ لێرەدا ئەوە نییە کە بزوێنێک لە وشەی دەنگدا تێ دەچێت بەڵکو مەترسی (خطر) لەسەر ژمارەی بڕگەیە، واتا زمانی کوردی ناهێڵێ ژمارەیەکی زۆر بڕگە دووبارە بێتەوە. ئەو یاسایەی لە دووبارەدا کار دەکات (کە بەلێکدانەوە و سەرنجدان لە ژمارەیەکی زۆر وشەی دەنگی) هەڵ دەهێنجرێ ئەوەیە ژمارەی بڕگە دووبارەکراو نابێت لە دوو تێپەڕی و لە وشەی دەنگیشدا دەبێت ئەم ژمارەیە یەکسان بێت بەژمارەی بڕگەی وشە بنەڕەتەکە کەم یەک. بەم پێیە، ئەگەر وشەی بنەڕەت لە دوو بڕگە پێک هاتبێ دەبێ دووبارەکەی یەک بڕگە بێت و ئەگەر وشەکە سێ بڕگەیی بێت، دووبارەکە دوو بڕگە بێت.

لە کوردیدا دووبارەکردنەوەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەم یاسایانەدا دەبێ:

١- دووبارە دانەیەکی فۆنۆلۆجییە کە لە هیچ بارێکدا لە دوو بڕگە درێژ نابێتەوە.

٢- دووبارە هەمیشە بەدوای وشە بنەڕەتەکەوە دەلکێ.

٣- یان هەموو وشەکە وێنە دەگرێ یان (وەک لە وشەی دەنگیدا) دوا بڕگە فڕێ دەدات بۆ ئەوەی یاسای (١) پیادەکات.


(1) Mc carmy and prince 1990.




٤- ڕێکخستن لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەڕوات - واتە لە وێنە گرتنەوەدا بڕگەی دەستە چەپ لەوانەیە تێ بچێت نەک بڕگەی تر.

بەم جۆرە بەپێی ئەم یاسایانەی سەرەوە، بۆ دەستخستنی وشەیەکی دووبارەی وەک (لوورە لوور) پێویستمان بەوە دەبێ کە بڕگە نەک فۆنیم بکەین بەبنە و بەم هەنگاوانەدا تێپەڕ بین.


أ- دیوی ژێرەوە





ب- گرتنەوەی بڕگەکان




ج- پڕکردنەوەی شوێنی بڕگەکان



د- ڕێکخستن و کردتاندنی دوا بڕگە




هـ- ئەنجام: لووره لوور (٢ بڕگە + ١)

لەو هێڵکارییەی سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەبێ بکرێ کە دووبارەکە دەبێ یەک بڕگەیی بێت چونکە (١) وشەکە دەنگییە و (٢) وشەکە لە بنەڕەتدا لە دوو بڕگە پێک هاتووە. لەبەر ئەوە وشەی وەها نابێت هەرگیز بەبنە و دووبارەکەوە لە سێ بڕگە تێپەڕ بێت، دەبێ هەنگاوی سێ (کە مەودای چوار بڕگەی داوە) جارێکی تر سەیر بکرێتەوە تاوەکو دوا بڕگە فڕێ بدات وشەکە و دووبارەکەی بێنەوە ژێر یاسا گشتییەکە. کەواتە هەنگاوی چوارەم بۆ ڕێکخستنەوەی کەرەسەکانە لە ڕاستەوە بۆ چەپ تا هەر زیادییەک هەیە فڕێ بدرێ و وشەکانی پەیڕەوی یاساکە بن. گرنگیشە ڕێکخستن لە ڕاستەوە بۆ چەپ بێت، ئەگینا بڕگەی تر، نەک دوا بڕگە لەوانەیە تێ بچێت. هەموو ئەو ڕاستییانە ئەوە دەردەخەن کە لە کوردیدا وشەی دووبارە نییە بنکەی لە سێ بڕگە پتر بێت. هەروەها کەرەسە دووبارەکراوەکان نابێت لە بنکەی درێژتر بن، واتە بڕگەی زیاتر بێت.

## ٢- جووتەوشەی بەستراو:

جووتەوشەی بەستراو بریتییە لەو جووتەوشانەی کە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە) پێک هاتبن بەمەرجێ بەئامرازێکی بەستن، بەتایبەتی (و) لێکدرا بن.



ئەم جووتەوشانە وەک لە پێشەوە دەستنیشانمان کرد بەهاوکێشەیەکی (ج = أ +ک Ø + ل) دەنوێنرێن،[1] بلاوترین نموونەی جووتەوشەی بەستراو بریتییە لە: دەم و چاو، نەرم و نۆڵ، کەس و کار... هتد.

جووتەوشەی بەستراو کۆمەڵەیەکی فراوانە کە چەند کۆمەڵێکی بچووکتر دەگرێتە خۆی وەک:

١- جووتەوشەی نەگۆڕ: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە کەرتەکانیان (أ) و (ب) جێگۆڕکێ ناکەن، واتە گۆڕینی شوێنی کەرتەکان واتای وشەکە دەشێوێنێ وەک جڕ و جانەوەر * جانەوەر و جڕ، نەرم و شل * شل و نەرم، دەست و پەنجە، * پەنجە و دەست. بەم پێیە: هاتوچۆ، جووتەوشەیەکی بەستراو نەگۆڕە و بەمەش لە جووتەوشەی بەستراو بگۆڕ وەک: (قاچ و قول) کە دەبێت بە(قول و قاچ) یان (ڕاست و چەپ، چەپ و ڕاست) جیا دەبێتەوە.

٢- جووتەوشەی بەستراو بەئیزافە: ئەم جۆرە جووتەوشانە بەنیشانەی ئیزافە کە لە شێوەی بزوتنی (ە)دایە دەبەسترێن وەک: (دەنگەدەنگ). دەبێ ئەم جۆرە وشانە لە دووبارەی وەک (ورتەورت) و (لووره لوور) جیا بکرێنەوە کە بزوتنی (ە) تیایاندا بەشێکە لە وشەکە خۆی واتە کەرتی یەکەم.

٣- جووتەوشەی پات بۆوەوە: ئەو جۆرانە دەگرێتەوە کە کەرتی دووەم تیایاندا لەسەر کەرتی یەکەم داڕێژراوە، واتە دوو کەرتەکە پەیوەندییەک لە ڕوخسارییاندا هەیە. ئەمەش لە چەند شێوەیەکدا دەبینرێت هەندێکیان لە دەنگەکانی پێشەوەیاندا لە یەکتر دەچن وەک: دەمودەست، لەم و لەو، قاپ و قاچاغ، هەندێکی تریان دەنگێک یان چەند دەنگێکی

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، ١٩٨٩، ل ١٣٨.

دواوەیان هاوبەشە وەک: بەزم و ڕەزم، شل و مل، خان و مان، ئێسک و پروسک، شڕ و پڕ، هەندێک سەرەتا و کۆتاییبیان هاوبەش دەبێ وەک ماڵ و مناڵ، شەڕ و شۆڕ، هەندێکی تریش دەنگی نزیک لە سەرەتا یان کۆتایی یەکەم و دووەمدا پابەندیان دەکات وەک: کەر و گا، ترس و لەرز.

شایانی سەرنجە کە جۆرێک لە جووتەوشەی بەستراو پات بۆوەوە بەجۆرێک زیندوو و بڵاوە وەک دیاردەیەکی سینتاکسی ڕەفتار دەکات، ئەمانەش ئەو جۆرانەن کە کەرتی دووەمیان هەمیشە بەدەنگی (م) دەست پێ دەکات بەمەرجێ کەرتی یەکەمیان وشەیەک نەبێ (م)ی لە سەرەتاوە بێت. جگە لە گۆڕانی دەنگی سەرەتای وشەی یەکەم بۆ دەنگی (م) لە دووەمدا، هەموو وشەی دووەم دووبارەیە وەک: گوڵ و مڵ، قاپ و ماپ، ئەم جۆرە تا ڕادەیەک لە قسەدا دەبینرێت و هەموو بەشەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

٤- جووتەوشەی بەستراو بەئامرازی بەند: ئەم جووتەوشە بەستراوانە بەئامرازی بەند، بەتایبەتی (بە) لێک دەدرێن وەک: (دەستبەجێ)، (سەربەسەر)، (هەپروون بەهەپروون)، (جێبەجێ)، هەندێ جار ئامرازی تری بەند هاوبەشی دەکات وەک (سەر بەرەو خوار) یان (سەرلەنوێ)

جووتەوشەی بەستراو بەگشتی خاوەنی چەند تایبەتییەکی خۆیانن:

(أ) هەمیشە دوو کەرتی وشەکە بەستراون بەیەکترەوە جا ئیتر بەهۆی ئامرازی بەستنی (و) یان ئامرازی بەند یان نیشانەی ئیزافەوە بێت. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لە هەموو ئامرازەکانی بەستندا تەنیا (و) لێرەدا دەوری دراوەتێ: (دەموچاو) (* دەم یان چاو)، (* دەم بەڵام چاو)، (* دەم چونکە چاو). هەروەها لە ئیزافەشدا تەنیا (ە) نەک (ی) سەر دەردەکات (گوڵەگەنم، دەنگەدەنگ) نەک (* گوڵی گەنم)، یان (* دەنگی دەنگ). دیسان لە ئامرازە بەندەکانیشدا (بە) بەپلەی یەکەم و (لە) و



(بەرەو) بەپەلەیەکی کەمتر دەبینرێن: دەستبەجێ (* دەست تا جێ)، (* دەست بۆ جێ)، دەست بەکار (* دەست لە کار) یان (* دەست بۆ کار).

(ب) بەپێچەوانەی جووتەوشەی دووبارەوە، کەرتی دووەم یان تەواو لە شێوەدا لە کەرتی یەکەم جیاوازە، یان تەنیا دەنگێک یان چەند دەنگێکی هاوبەشی لەگەڵ یەکەمدا هەیە، واتە هەندێ جار کەرتی دووەم هەر کەرتی یەکەمە بەڵام دەبێ لە چەند دەنگێکدا جیاواز بن. لە جووتەوشەی بەستراودا هەرگیز کەرتی دووەم کوتومت دووبارە نابێتەوە (حازر و بزر)، (* حازر و حازر) یان (* بزر بزر). ئەمە وا دەگەیەنێ کە (دووبارە) کەرتەکانی ئاشکرا بەهۆی ئامرازەوە لێک نادرێن: (لوورەلوور) نەک (* لوورە و لوور).

(ج) بەشێوەیەکی گشتی جووتەوشەی بەستراو خاوەنی سەرەیەکە لە ڕووی سینتاکسەوە، واتە یەکێک لە کەرتەکانی کە بەزۆری کەرتی دووەمە دەورێکی گرنگتری هەیە لە کەرتەکەی تر. جووتەوشەی دووبارە، بەپێچەوانەوە، لە ڕووی سینتاکسی و واتاوە یەک سەرەی هەیە، هەرچەندە لە ڕۆناندا کەرەسەیەکی ئاوێتەیە. بەڵگەشمان بۆ ئەوەی کە لە جووتەوشەی بەستراودا کەرتی دووەم سەرەیە ئەوەیە کە هەموو مۆرفیمە مۆرفۆ سینتاکسییەکان بەمەوە دەلکێنی وەک: کەس و کارم، کەس و کارەکەیان، نەرم و نیانتر، نەرم و نیانترین، هاتوچۆکەر... هتد.

(د) لە جووتەوشەی بەستراودا وشەکە وردە وردە و بەرە بەرە واتا وەردەگرێ، واتە واتای وشەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی واتای هەردوو کەرتەکە لە دووبارەدا واتاکە هەر لە کەرتی یەکەمدا گیر دەبێ. کەرتی دووەم واتایەکی جیاوازی تێدا نییە و دەوری ئەوەی هەیە واتای کەرتی یەکەم خەست بکاتەوە یان داکۆکی لەسەر بکات. بەم پێیە لە جووتەوشەیەکی بەستراوی وەک (خزم و خویش) واتای وشەکە هەموو لە کۆی واتای (خزم) لەگەڵ واتای (خویش)دا هاتووە و کەم و زۆر لە ڕووی

واتاوە هەردوو وشــەکــە دەور دەبیـنن، بەڵام لە دووبارەیەکی وەک (لوورە لوور) یان (تک تک)دا هەموو واتای وشەکە هەر لە کەرتی یەکەم قەتیس بووە. لێرەشدا جارێکی تر دەبێ ئەو ڕاستییە دووپات بکەینەوە کە لەم لێکۆڵینەوەدا هەموو وشەیەکی دوو وشەییمان بە(جووتەوشە) دانەنا و بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی تەنیا ئەو دوو کۆمەڵەی سەرەوە بەلای ئێمەوە جووتەوشەیە، واتا لە جووتەوشەدا یان دەبێ ئامرازێکی بەستن یان بەند لە نێوان دوو کەرتەکەدا هەبێت یان ئەگەر وشەکە بێ ئامراز بوو دەبێ کەرتی دووەم دووبارە بێت. بەم پێیە سنوورێکی ئاشکرا و دیار لە نێوان جووتەوشە و وشەی لێکدراودا بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لە هەندێکیاندا پەیوەندی نێوان وشەکان پەیوەندی نێوان دەرخەر و دیارخەرە جا هەر کامیان لە پێشەوە بێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، لە هەندێکی تریاندا کەرتی یەکەم وەک بەرکاری کەرتی دووەم ڕەفتار دەکات، فرە واتا، فرە ڕەنگ، زمان درێژ، دووزمان، دەمی هەراش، سەرەژن، بۆرەپیاو، شۆڕەژن، گورگەبۆر، ئەسپەشێ، ڕەشەوڵاغ، خۆکوژ، دەغڵ و چین، باوەشێن، شەکرشکێن... هتد.

## ۳- هەندێک تایبەتی ئامرازەکانی جووتەوشە:

هەروەک لە پێناسەکەماندا ڕوونمان کردۆتەوە جووتەوشە هەندێ جار بەبێ ئامراز و هەندێک جاری تر بەهۆی ئامرازەوە دێنە کایەوە، بڵاوترین ئامراز لە جووتەوشەدا ئامرازی بەستنی (و)ە کە لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێ: نەرم و نیان، هەڵس و کەوت، شل و شێواو، مات و غەمگین... هتد.

بەدوای ئامرازی بەستنی (و)دا، ئامرازی پەیوەندی (بە) چالاکێکی باش دەنوێنێ وەک لە شاخ بەشاخ، سەربەسەر، دەرگا بەدەرگا... هتد.

هەندێ جاریش ئامرازی بەستنی (ە) سەرهەڵدەدات. نموونە: شەلەشەل، لەقەلەق، گرمەگرم... هتد. جگە لەو ئامرازانە، هەندێ جار نیشانەی کۆی



(-ان) و نەرێ (نە-) ئەرکی لێکدانی جووتەوشە دەبینن وەک لە:

بەرانبەر[۱]: (بەر + ان + بەر)

سەرانسەر: (سەر + ان + سەر)

جارەنەجار: (جار + ە + نە + جار)

(لەم نموونەیەی دواییدا لەوە دەچێ دوو ئامرازی بەستن لە ئارادا بێت). شایانی سەرنجە کە لە جووتەوشەدا (ئامرازی بەستنی (و) ڕەفتاری ئاسایی ئامرازێکی (بەستن) ناکات، واتا لەم وشانەدا ئامرازی (و) دەستی لە هەندێ تایبەتی ئامرازی بەستنی هەڵگرتووە و ئەمەش لە سێ لایەندا هەستی پێ دەکرێ کە دووانیان لەمەوبەر دەرکی پێ کراوە)[۲].

۱- تەنیا لە جووتەوشەدا (و) دەتوانێ دوو کەرەسەی وەها ببەستێ بەیەکترەوە کە سەر بەیەک بەشە ئاخاوتن نەبن. یەکێک لە خاڵە سەرنج ڕاکێشەکانی لە بەستنی ئاساییدا ئەوەیە کە کەرتەکان هاوپۆل دەبن وەک لەم نموونانەدا دەبینرێ:

۳۷- مناڵەکە وێنە و پوول و پارەی کۆن کۆ دەکاتەوە.

۳۸- مناڵەکە وریا و زرنگ و ژیرە.

۳۹- وریایی و زرنگی و ژیری و دڵسۆزی لە کاردا پێویستن.

لە جووتەوشەدا ئەم مەرجی هاوپۆلییە لە هەندێ نموونەدا چاوی لێ دەپۆشرێ وەک لە شیتەڵکردنەوەی (دەست و برد)دا بەئاشکرا دەردەکەوێ:

ناو + ڕەگی کار

ئاوەڵکار

---

(۱) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ۱۲٤، بەغدا ۱۹۸۹، ل ۱۳۹.

(۲) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ۱۲٤، بەغدا ۱۹۸۹، ل ۱۳۹.

٤٠- کوڕەکە دەست و برد ئیشەکەی بۆ هەڵسووڕاندم.

هەمان دیاردە لە جووتەوشەی (هەڵڵا و بگر)دا دەردەکەوێ کە کەرتی یەکەمی (ناو)ە و کەرتی دووەمی (بکەرە) کە لە ڕەگەوە وەرگیراوە.

٢- ئامرازی بەستنی (و) لە جووتەوشەدا هێزێکی نائاسایی تێدایە لەوەدا دەتوانێ بەشی ئاخاوتنی ڕۆنانەکە بگۆڕێ، واتە دەتوانێ لە لێکدانی دوو ناو ئاوەڵگوزارە دروست بکات یان لە لێکدانی دوو کار ناوێک بهێنێتە کایەوە وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

(١) ناو + ناو

ئاوەڵگوزارە

نموونە: دەم و دەست

دەم و دەست کارەکەی جێبەجێ کرد.

دەستە و ئەژنۆ

(٢) ناو + ناو

ئاوەڵناو

نموونە: هیچ و پووچ

قسەی هیچ و پووچ مەکە.

(٣) کار + کار

ئاوەڵناو

نموونە: هات و نەهات

ڕێگەی هات و نەهات بوو بۆمان.

(٤) کار + کار

ناو

نموونە: گفتوگۆ، هاتوچۆ



هاتوچۆ لێرە قەدەغەیە.

بگرە و بەردە

(٥) کار + ناو

ناو

نموونە: تەپ و تۆز

تەپوتۆز لێرە مەکە.

٣- تەنیا لە جووتەوشەدا ئامرازی بەستنی (و) دەتوانێ ئەرکی نیشانەی ئیزافە ببینێ، ئەمەش بەتایبەتی لە هەندێ وشەدا دەبینرێ کە کۆنن و لەوە دەچێ لە زاراوەکانی تری کوردییەوە هاتبن وەک زاری هەورامی کە (و) تێیدا نیشانەی لێکدانە (ئیزافە) وەک لە: قەتل و عام، واتە (قەتلی عام) قیروسیا واتە، قیری سیا = قیری ڕەش، شایانی زانینە کە دابەشبوونی ئەم ئامراز و نیشانانە بەپێی یاسا ئەڕوات، واتە ناخوازێ لە کوردیدا پێشبینی ئەوە بکرێت کام لەم ئامراز و نیشانە لەگەڵ کام جووتەوشەدا دێن یان کام جووتەوشە پێویستی بەئامراز و نیشانە نییە. بۆ نموونە: لە کاتێکدا کە (دەستە دەستە) پێویستی بەئامراز نییە، (دەست و برد) بەهۆی ئامرازی (و)وە پێک دێ و (دەستە و ئەژنۆ) بەئامرازی (ەوە) لێک دراوە و (دەستاودەست) ئامرازی (-ئاو-)ی دەوێ، هەروەها هەرچەندە (قیژە و هاوار) و (قاوقیژ) و (قیژە قیژ) لە واتادا لە یەکتری نزیکن، دووانیان ئامرازی (و)یان تێدایە و ئەویتریان پێویستی بەئامراز نییە. کەواتە وەک لەم نموونە دەریدەخەن، نە شێوەی وشەکان و نە واتاکانیان پەیوەندییان بەدابەشبوون و جۆری ئامرازەوە نییە. تەنیا یاسایەکی گشتی کە لەم لایەنەوە هەڵ بهێنجرێ ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری جووتەوشە پێویستی بەئامرازی (و) و ئەوانەی کە بەرە بەرە (تدریج) پیشان دەدەن

بێ ئامرازن وەک (وردە وردە، تۆزە تۆزە، نەختە نەختە، نم نم، بەرە بەرە، پارچە پارچە... هتد).

ئامرازی (بە) بەواتای (لە دوای) دێ وەک (چیا بەچیا، دۆڵ بەدۆڵ، وڵات بەوڵات، ماڵ بەماڵ... هتد) هەرچی ئامراز و نیشانەی ترە وەک (-ە، -ەو، -ان)، ئەمانە پاشماوەن و لە هەندێ جووتەوشەی کەمدا نەبێ نەماون، شەلەشەل، دەستەوئەژنۆ، سەرانسەر) شایانی تێبینییە کە تەنیا دوو ڕێگە بۆ دروستکردنی جووتەوشە تا ئێستاش لە کوردیدا زیندوو و چالاکن: لێکدان بەئامرازی (و) و (لێکدان بێ ئامراز).

جگە لەمەش ئامرازەکان (ئەگەر بتوانین هەمووشیان بەئامراز ناوبەرین) کۆمەڵەیەکی نارێکوپێکن. بۆ نموونە، (و) ئامرازی بەستنەوە (بە) ئامرازی پەیوەندی (ە) کە هەندێ جار سەرهەڵدەدات، لەوە دەچێ ئەو بزوێنە بێت کە لە بەستنی وشەی لێکدراودا دەوری (ی) ئیزافە دەبینێت، بەڵام لەویش جیاوازە چونکە ناکرێتەوە بە(ی) وەک لەم نموونانەدا دەبینین:

گێلەپیاو ← پیاوی گێل

تەڕەپیاز ← پیازی تەڕ

لە ئەسڵدا بەپێچەوانەن

بەڵام:

شەلەشەل ↚ * شەلی شەل

ئامرازەکەی تر (-ئان) لەوە دەچێت نیشانەی (کۆ) بێت، بەڵام دیسان ڕێی تێ ناچێت چونکە تەنیا لە جووتەوشەیەکی کەمدا سەرهەڵدەدات و ئەو وشانەشن کە پێویستیان بە(کۆ) نییە چونکە زۆربەیان وەک چەندێتی و یان ئامرازێکی پەیوەندی لێکدراو بەکاردێت وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:



٤١- ئێوە بەرانبەر ئێمەن. (ئامرازی پەیوەندی)

٤٢- بەرانبەر چەکەکەتان ئێمە ئیمانمان هەیە. (ئامرازی بەستن)

٤٣- شارەکە سەرانسەر گوڵ و باخە. (چەندێتی)

٤٤- سەرانسەر شارەکە دۆستە. (چەندێتی)

لە ڕاستیدا ئەم وشانە و چەند وشەیەکی تری وەک (خاڵخاڵۆکە، جاڵجاڵۆکە، کرکراگە) کە گۆڕانێکی دەنگی لە کەرتی دووەمیاندا بەدی دەکرێ چاکتر وایە بەتاکە وشە بژمێرین و لە فەرهەنگدا ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ، چونکە ئەگەر ئەمانە بەجووتەوشەش دابنرێن، ئەوا جووتەوشەی ئاوێزەن و ئەم جۆرە جووتەوشانە لە ڕیزی (پاشماوە) و (مردوو) دادەنرێن لەبەر ئەوەی جووتەوشەی نوێیان لەسەر دروست ناکرێت. تەنیا ئەو جۆرە جووتەوشانە زیندوون و دەبنە قالب بۆ داڕشتنی وشەی نوێ کە ئامرازی بەستنی (و) لێکیان دەدا، هەر لەبەر ئەوەشە کە لای هەندێ زمانەوان ئەم جووتەوشانە ناونراون (لێکدراوی بەستراو)[1] و هەر ئەمانەش بەجووتەوشە دەژمێرن. ڕاستی بۆچوونی وەهاش لەوەدا دەردەکەوێ کە لە وشەیەکی وەک (جاڵجاڵۆکە)دا تەنانەت یەک مۆرفیمی سەربەست نییە و وشەکە بەم جۆرەی خوارەوە کەرت دەکرێ:

(جاڵ جاڵ) + ۆکە

خۆ وشەی (کرکراگە) هەر کەرت ناکرێ، مەگەر بەزۆر (-گە) بەمۆرفیمی شوێن دابنێین و ئەوساش بۆچوونەکە وای لێ دێ:

کرکڕ + اگە

کە کەم زمانەوان پەسەندی دەکات. بەکورتی فڕێدانی ئەو وشانە لە ناو ڕیزی جووتەوشە و دانانیان بەتاکە وشە و ناردنەوەیان بۆ بەشی فەرهەنگ

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، ١٩٨٩، ل ١٤٠.

لە زماندا کارێکی پەسەندە چونکە ئەمانە زیندوو نین و بەمەش لە هەندێ یاسای بەزۆر سەپاو نەسەلماندوو دوورمان دەخاتەوە و هەروەها شیتەڵکردنەوەی دوور و ناپەسەند وەک:

جاڵجاڵۆکە = جاڵ + جاڵ + ۆکە

خاڵخاڵۆکە = خاڵ + خاڵ + ۆکە

کڕکڕاگە = کڕ + کڕا + گە

بەرانبەر = بەر + ئان + بەر

یان = بەر + ئەم + بەر

لە ئارادا نەهێڵێت:

## ٤- ڕیزبوونی کەرتەکانی جووتەوشە:

### أ- گرنگی شوێنی یەکەم لە جووتەوشەدا:

هەرچەند جووتەوشە لە دوو کەرتی وەها پێک دێ کە لە ڕووی ڕێزمانەوە یەکسان و هاوتان، واتە، هەردوو دانەکە دەبنە کاکڵە یان سەرو هیچیان لەویتر کەمتر ناوەستن، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە ئەم یەکسانی و هاوتاییە هەستی پێ ناکرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیان و سەدان جووتەوشە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە بەزۆری کەرتی یەکەم هەڵگری واتای جووتەوشەکەیە و کەرتی دووەم تەنیا واتای یەکەم خەست و تێر و پڕ دەکاتەوە و لەمەش بەولاوە هیچ گرنگییەکی واتایی تری نییە. ئەم بەڵگانەی خوارەوە ئەم بۆچوونە دەچەسپێنێ:

(١) لە هەندێ لێکدراوادا کەرتی دووەم بوونێکی فەرهەنگی خۆی نییە، واتە وشەیەکی داتاشراوە لەنگەری وشەکەی پێشەوەی گرتووە و جووتەوشەیەکی دروست کردووە و ڕۆڵەکەی هەر ئەوەندەیە و ئیتر لە زمانەکەدا نابینرێتەوە و نەچۆتە فەرهەنگەوە یان بەو واتایەی ناو



جووتەوشەکە بەکار نایەتەوە وەک کەرتی دووەمی ئەم جووتەوشانەی خوارەوە:

نەرم و نۆڵ، ئێسک و پروسک، ڕێگا و بان، ڕێک و پێک، چاو و ڕاو، خوار و خێچ، قوڕ و قەپ، پان و پۆڕ، کردە و کۆشە، هەست و نەست، تەڕ و بڕ، زەبر و زەنگ، شڕ و وڕ... هتد. شایانی تێبینییە کە هەندێ جار لە گاڵتەدا کەرتی دووەمی ئەم جووتەوشانە بەتەنیا بەکار دێ وەک:

کارێکی خێچە

زەنگ دەنوێنی بەسەرما

بەڵام واتاکانیان دەبێ لە واتای جووتەوشەکەوە وەرگیرا بێت. سەرنجی ئەوە بدە کە بەکارهێنانی کەرتی یەکەم بەتەنیا لەبەر ئەوەی واتای جووتەوشەکەی کۆکردۆتەوە ڕستەی پەسەند و ڕێزمانی دەدات بەدەستەوە:

کارێکی ڕێکە

ئێسکت دەهاڕم

زەوییەکی تەڕە

کردەی زۆر

زەبر دەنوێنی

(٢) لەو جووتەوشانەدا کە پەیوەندییەکی هاوواتایی یان دژواتایی یان گرتنەوە کەرتەکانی گرێداوە دیسان کەرتی یەکەمی لێکدراوەکە گرنگی واتایی هەیە واتە واتای هەموو ڕۆنانەکەی پڕ بەپڕی تێدا کۆبۆتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە لابردن و فڕێدانی کەرتی دووەم زۆر کەم لە واتای هەموو لێکدراوەکە دەگۆڕی، واتە تەنیا ئەو تەئکیدە لە بنەڕەتدا ئەرکی کەرتی دووەمە یان خراوەتە ئەستۆی کەرتی یەکەم وەک لەم نموونانەدا دیارە:

نەرم و نیان = نیان

خزم و خوێش = خزم

کەس و کار = کەس

کۆت و زنجیر = کۆت

حازر و بزر = حازر[١]

دەغڵ و دان = دەغڵ

هەروەها موڵک و ماڵ، زل و زەبەلاح، زوڵم و زۆر، خاک و خۆڵ، خڕ و پڕ، گاڵتە و گەپ، کێو و دەشت، کۆچ و بار،... هتد.

شایانی سەرنجە کە کەرتی دووەمی هەندێ جووتەوشە ڕۆڵێکی واتایی زیاتری هەیە لەمانەی لە سەرەوە پێشانمان دان. لە هەندێ جووتەوشەدا بەئاشکرا دیارە کە هەردوو وشەکە هەڵگری واتان وەک: مشت و مڕ، مات و مەلول، گێژ و وێژ، گیر و گرفت، گەرما و گەرم، کەڕ و کاس،... هتد. بەڵام ئەمانە بەزۆری پەیوەندی هاوواتایی و دژواتایی لە یەکی نەداون بۆ نموونە لە (گێژ و وێژ) و (کەڕ و کاس)دا، کەرتی دووەم لە ئەنجامی کەرتی یەکەمەوە دروست بووە بۆیە واتا و بوونی لە جووتەوشەکەدا گرنگە.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ئەم یاسا گشتییەی ئێمە کە بەشی یەکەمی جووتەوشە گرنگییەکی واتایی زۆری هەیە بەپێچەوانەی کەرتی دووەمەوە کە لەبەر لاوازی واتاکەی تەنانەت هەندێ جار فڕێ دەدرێ. ئەم یاسا گشتییە ئاوێزەی تێ دەکەوێ. واتە کۆمەڵێک جووتەوشە هەیە کە کەرتی یەکەم واتای نییە و هەموو واتاکە لە کەرتی دووەم دایە، بەڵام ئەم جووتەوشانە دەگەیێن وەک:

جڕ و جانەوەر = جانەوەر

(١) حازر و بزر بەڕای د. نەسرین بەمانای (بارز)ی عەرەبی دێ بەڵام لە ناو کوردەواریدا لەبەر نەزانی زمانەکەیان بۆ وشەکە بووە بە(بزر) بەڵگەش وشەی (حازر)ە کە بەکارهاتووە.



گژ و گیا = گیا

ورت و وێران = وێران

پڕ و پووچ = پووچ

کش و مات = مات

هەندێ جاریش واتای جووتەوشەکە بەئاشکرا بەسەر هەردوو کەرتەکەدا دابەش بووە و هیچیان بەتەنیا واتای جووتەوشەکە نادەن وەک:

تێکە و لێکە = سەر لێ تیواندن[١]

تەفروتونا

مڵ و مۆ[٢]

مێر و مێوان = قەڵەباڵغ

گڕ و گاڵ

بێنە و بەرە (ئازار)

دردونگ

هەڵا و بگر

کۆڵ و کۆ = خەمێکی زۆر[٣]

بەباوەڕی ئێمە بوونی ئەم چەند ئاوێزەیە لە یاسا گشتییەکە کەم ناکاتەوە کە بەزۆری واتای جووتەوشە لە بەشی یەکەمیدا کۆ دەبێتەوە و بەشی دووەم بۆ خەستکردنەوە و پڕکردنەوەی واتای کەرتی یەکەم دەبێت چونکە ئەمە لە ژمارەیەکی هەرە زۆری جووتەوشەدا دەبینرێ. ئەو وشانەی کە ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە نەکرێ وەک ئەو وشە ناوێزانەی لە سەرەوە ناویان

(١) تەها فەیزی زادە ل ٣٥.

(٢) تەها فەیزی زادە ل ١٢٥.

(٣) تەها فەیزی زادە ل ١٥٧.

هاتووە، ئەوا دەدرێنە پاڵ مێژووی زمانەکە و کاری سووڕان و تیاچوون. ئەوەی ئەم یاسایەش دەسەلمێنێ ئەو ڕاستییەیە کە تەنیا ئەو جووتەوشانەی کەرتی یەکەمیان پڕ واتایە تا ئێستا لە زمانەکەدا بەردەوام دروست دەبن وەک: ژن و من، حاجەت و ماجەت... هتد.

ب- پڕکردنەوەی شوێنی یەکەم لە جووتەوشەدا:

لەبەر ئەوەی هەروەک لە بەشی پێشتردا دەرمانخست شوێنی یەکەم بەزۆری واتای هەموو لێکدراوەکە کە هەڵدەگرێ و هەر خۆشی لە ڕووی واتاوە گرنگە بەڵگەنەویستە کە ئەم شوێنە بەهەموو کەرەسەیەک و بەشێکی ئاخاوتن پێک بێت کە واتادارن (وەک: ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار) نەک ئەوانەی کە زیاتر ئەرکێک دەبەن بەڕێوە وەک: ئامرازی بەستن و پەیوەندی و نیشاندن، چەندێتی... هتد. کەم و زۆر ئەم بەشە ئاخاوتنە ئەرکدارانە لە جووتەوشەدا بەدی ناکرێن. سەرنجێکی ئەم نموونانە بدەن:

| | |
|---|---|
| لەڕ و لاواز | (٢ ئاوەڵناو) |
| ترش و تاڵ | |
| لێدان و کوتان | (٢ چاوگ) |
| لێرە و لەوێ | (٢ ئاوەڵکار) |
| سەربان و بن بان | |
| مردم و سووتام | (٢ کار) |
| گەد و گیپاڵ | (٢ ناو) |

(سەرنجی ئەوە بدە کە «لێرە و لەوێ» لە دوو دەستەواژەی پەرتکی «عبارە جریە» «لە + ئێرە» و «لە + ئەوێ» دروست بووە، نەک لە دوو ئامراز دووبارە «ئێرە» و «ئەوێ» نەک هەر بەئاوەڵکار بەڵکو بە«ناو»یش دەتوانین ناو ببرێن).



ئەگەر بەشی یەکەم گرنگییەکی ئەوهای هەبێت، شتێکی سروشتییە کە بەهەموو کەرەستەیەک، هەندێ مەرجی تایبەتییان تێدا بێت هەروەک چۆن پۆستی گرنگ بەهەموو کەسێک ناسپێردرێت. لێرەوە ئێمە وای بۆ دەچین کە کەرتی یەکەمی ئەو جووتەوشانە دەپاڵێوین یان هەڵدەبژێرین و کەرەسەکانی جووتەوشەش لە شانکیدا (تنافس) دەبن تاوەکو ئەم ئەرکەیان پێ بدرێ. بەکورتی هەندێ هۆکار لە کردەی هەڵبژاردنی کەرتی یەکەمدا دەوری گەورە دەبینن:

١- هۆکاری وەسفی(١)

لێرەدا لەبەر ئاسانکردنی وەسفی دیاردەکە ئەو وشە شوێنی یەکەمی پێ دەسپێرێ کە بەگرنگتر دابنرێت، یان باشتر بێت خاوەنی کەرتی دووەم بێت. لەم ڕووەوە بۆ نموونە، وشەی گەرم (ئیجابی) پێش سارد دەکەوێ وەک گەرم و سارد؟، چاک و خراپ، *(خراپ و چاک)، بەرز پێش نزم دەکەوێ، سەر و خوار نەک خواروو سەروو، ستونی پێش ئاسۆیی (دەرزی و دەزوو). ناوەوە پێش دەرەوە (ناوەوە و دەرەوە)، هەموو پێش کەرت دەکەوێ (قۆڵ و بازوو) یان (ماڵ و منداڵ) نموونەی تر: گەرما و سەرما، ڕاستە و چەپە،... هتد. یەکێک لە هەرە ڕووەکانی ئەم هۆکارە لەوەدا دەردەکەوێ کە هەندێ جووتەوشە لەسەر قاڵبی ئەوانەی پێشترە، واتە ئەوانەی بەئامادەیی هەن، دادەڕێژرێن و زیاتر بریتین لە لاسایی ئەمانە. وا لێرەدا هەندێ لەم نموونانە دەخەینە بەرچاو:

١- لەو لێکدراوانەدا کە (دەم) یەکێک بێت لە کەرەسەکانی جووتەوشە، ئەوا شوێنی سەرەکی (پێشەوە) وەردەگرێ: وەک: دەم و چاو، دەم و دەست (یەکسەر)، دەم و لووت، دەم و ددان... هتد.

(١) ئاواز حەمە سدیق، ڕێزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦، ل ٤٨.

٢- وشەی (سەر) پێشەوە جووتەوشە وەردەگرێ:

سەر و پێ، سەر و بەر  بڕوانە (قوڕبەسەر، دەست بەسەر).

٣- وشەی (دار) لە پێشەوەی جووتەوشە دەبێ:

دار و دەوەن، دار و بەرد، دار و درەخت.

٤- (دەست) دەچێتە پێشەوەی جووتەوشە:

دەستە و ئەژنۆ، دەست و پل.

٥- (دەشت) لە پێشەوەی جووتەوشە دێت:

دەشت و کێو، دەشت و دەر.

٦- دەرو دەکەوێتە پێشەوەی جووتەوشە:

دەر و بەر، دەر و پشت، دەر و دوکان

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

هەڵبژاردنی کەرەسەی یەکەم لە جووتەوشەدا هەندێ جار پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە هەیە، واتە ئەوانەی زمانەکە بەکار دێنن. ئەم هۆکارە چەند ڕوویەکی هەیە:

أ- کەسی یەکەم پێش دووەم و سێیەم دەکەوێ، کەسی سێیەم دوای دووەم دێ:

وەک: من و تۆ (ئەو)    * تۆ و من

تۆ و ئەو    * ئەو تۆ

ب- مرۆڤی بەدەسەڵات لەبەر هەر هۆیەک بێت (گەورەیی تەمەن یان شوێن) پێش دەسەڵات کەمتر دەکەوێ.

میر و گزیر   گەورە و بچووک   نێر و مێ   کوڕ و کچ   پاشا و گەدا

ج- پاشکەوتە (تابع) پاش خاوەندەکەی دێ وەک:

دەم و چاو، سەر و چاو، سەر و گوێلاک، باخ و بێستان



٣- هۆکاری دوور و نزیکی لە شوێن یان لە کاتدا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە ڕیزبوونی کەرتەکان لە هەندێ جووتەوشەدا بەپێی دوور و نزیکیان یان لە کاتدا بەگشتی یان لە شوێنی قسەکەرەوە وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ: ئیستە و ئەوسا، ئێرە وئەوێ، ترس و لەرز، سارد و سڕ، هات و چۆ، بگرە و بەردە، بگر و بکوژ، ڕا و تەدبیر... هتد.

شایانی تێبینییە کە ئامرازی پەیوەندی (بە) کاتێ دوو ناوی شوێن ببەستێ، ڕیزبوونی بەپێی نزیکی و دووری دەگەیەنێ هەرچەند هەردوو ناوەکەش دووبارە کراونەتەوە، واتە لە نزیکەوە بۆ دوور دەگەیەنێ:

چیا بەچیا    (چیای یەکەم نزیکترە لە دووەم)

دۆڵ بەدۆڵ

ماڵ بەماڵ

٤- هۆکاری خواستن[١] (borrowing)

چەندین جووتەوشە هەن لە زمانی ترەوە (بەتایبەتی عەرەبی) وەرگیراون بەئامادەیی یان وەردەگێڕنە سەر کوردی و ڕیزبوونە بنچینەییەکەیە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن وەک: ئادەم و حەوا، ئاخر و ئۆخر، حەیا و حورمەت، مەدح و سەنا... هتد.[٢]

٥- هۆکاری شێوەیی (شکلی):

لە دوو کەرتەی جووتەوشە پێک دێنن بەزۆری کورتەکەیان دەپاڵێورێ بۆ

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤٦.

(٢) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤٥.

شوێنی یەکەم. کورتی و درێژی لێرەدا بەژمارەی بڕگە زیاتر دەپێورێ نەک بەژمارەی جۆری فۆنیمەکان. ئەو وشەی بڕگەی زیاترە شوێنی دواوەی دەدرێتێ و ئەوەی ژمارەی کەمترە پێشەوەی بۆ تەرخان دەکرێ.

(ئەم دەستوورە هەر لە پێکهێنانی وشەی لێکدراوی بەستراودا (واتا جووتەوشە) کار ناکات بەڵکو یاسایەکی بەربڵاوی زمانی کوردییە لە ڕیزبوونی زنجیرە ئاوەڵناویشدا بەکار دێ).

ئەم نموونانەی خوارەوە بەڵگەی هۆکاری شێوەیین: دار و درەخت، ڕەش و ڕووت، فەقیر و فوقەرا، حەیف و مەخابن، تیک و دوورمان، پیر و پیرێژن... هتد.

شایانی سەرنجە کە ئەم هۆکارە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر هۆکارەکانی تردا زاڵە حیسابی زیاتر بۆ دەکرێ چونکە کەم جووتەوشە هەیە لە زمانەکەدا کە لەم یاسایە دەرچووبێت وەک (هێلکە و ڕۆن) بەپێی هۆکاری وەسفی ڕیزبوون، واتە کەرەسەی یەکەم زیاتر بەبەرچاوەوە دەمێنێتەوە پێداچوونەوەیەک بەسەر ئەو هۆکارانەی باسیان لێ کرا دوو ڕاستی دەخەنە بەرچاو کە نکۆڵیان لێ ناکرێ:

(١) کورتی و درێژی بڕگەکان لە هۆکاری کۆمەڵایەتی دوور و نزیکی زیاتر لە ڕیزکردندا لێک دەدرێنەوە.

(٢) ڕیزبوون لەخۆوە (اعتباطی) بەپێی جۆری وشەکە یان دەقە یان (قالبە) دێرینەکەی هەیە، واتا زیاتر لێک دەدرێتەوە، بەم پێیە هۆکارەکان لە گرنگیدا بەم جۆرە ڕیز دەبن:

١- هۆکاری شێوەیی (زۆر گرنگ)
٢- هۆکاری وەسفی
٣- هۆکاری دوور و نزیکی
٤- هۆکاری کۆمەڵایەتی (کەمتر گرنگی دەدرێتێ)



کەواتە شانکیی (تنافس) تەواو لە نێوان هۆکاری یەکەم و دووەمدا دەبێ و بەزۆری یەکەم زاڵە، تەنیا لە چەندین نموونەی کەمدا نەبێ کە دووەم هۆکار خۆی بەسەر یەکەمدا زاڵ کردووە وەک لەم نموونانەدا دەبینرێ:

تەنگ و چەڵەمە
تاریک و نووتەک
تەفر و توونا
دایک و فرزەند
خۆشی و ناخۆشی
گەشت و گوزار

ب- هۆکاری وەسفی:

(ئاو و هەوا، گەرم و گوڕ، سارد و سڕ، خورما و ڕۆن، هێلکە و ڕۆن) لەم نموونە کەمانە بترازێ تەنانەت لەو وشانەدا هۆکاری وەسفی گرێیان دەدات حیسابی تەواو بۆ کورتی و درێژی کراوە لەوەدا کە کەرتەکەی پێشەوە یەک بڕگەییە بەزۆری بەم جۆرە هەر وشەیەک لە دوایەوە بێت یان یەکسان دەبێت یان درێژتر. بڕوانە وشەی: دەست، دەور، دەشت، دەم، دار، سەر... هتد. لەم جووتەوشانەدا بۆ دروستی ئەم تێبینییە:

| | |
|---|---|
| دەور و پشت | یەکسانن لە ژمارەی بڕگە |
| دەور و دوکان | |
| دەشت و کێو | |
| دار و دەوەن | کورتەکە لە پێشەوە |
| دار و دیوار | یەکسانن لە بڕگە |
| دار و بەرد | یەکسانن لە بڕگە |
| نان و نمەک | |

**شوێنی جووتەوشە لە ڕستەدا:**

شوێنی جووتەوشە لە ڕستەدا بەندە بەو بەشە ئاخاوتنەی کە لێکدراوەکە پێکی دەهێنێ، واتا بەپێی بەشی ئاخاوتنی جووتەوشە لە ڕستەدا شوێنی دەدرێتێ و پڕی بکاتەوە.

هەروەک لە پێشتردا پەنجەمان بۆ ڕاکێشا بەشی ئاخاوتنی جووتەوشە هەر ئەو بەشە ئاخاوتنەی تاکە وشەکانە، واتا بەستنی دوو ناو جووتەوشەیەکی ناوی پێک دێنێ و لێکدانی دوو ئاوەڵناو جووتەوشەیەکی ئاوەڵناو... هتد. وەک لەم نموونانەدا دەبینرێن:

(١) دوو ناو

خاک و خۆڵ (ناو)

خزم و کەس (ناو)

درۆ و دەلەسە (ناو)

(٢) ئاوەڵناو

خڕ و پڕ (ئاوەڵناو)

خوار و خێچ (ئاوەڵناو)

خەست و خۆڵ (ئاوەڵناو)

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لێکدانی دوو کار هەرگیز کار دەستگیر ناکرێت وەک چاوەڕوان دەکرێ بەڵکو جووتەوشەیەک دێتە کایەوە کە لە بەشی ئاخاوتنی ناو دەبێ وەک:

دوو کار

هات و چۆ (ناو)

گفت و گۆ (ناو)

بگرە و بەردە (ناو)



دیسان دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە هەر (کارێ) لەم لێکدراوانەدا دەتوانێ لەگەڵ کەرەسەی بەشی ئاخاوتنی تردا پێکەوە ڕێک بکەوێ و لە کاتی واشدا بەزۆری ئاوەڵناو دروست بکات وەک لە (دەست و برد) (ئاوەڵناو). بێ گومان جگە لەم سێ بەشە ئاخاوتنە، بەشی ئاخاوتنی تر وەک ئامرازەکانی (بەستن و پەیوەندی) و نیشانەکان بەتەنیا (نیشانەی، نیشان دان، چەندێتی و ڕادە... هتد). هیچ جۆرە چالاکییەکیان لە دروستکردنی جووتەوشەدا نییە و لە ئارادا نین. یەکێک لەم بەشە ئاخاوتنانەی کە لە لێکدراوی تردا دەوری کاریگەری دیاری هەیە. بەڵام لە جووتەوشەدا بزرە ڕاناوی خۆیی کە دەیان لێکدراوی وەک: خۆکوژ، خۆکرد، خۆبرد... هتد، لێ دروست دەکرێ.

شوێنی جووتەوشە بەم پێیە لە سنووری سێ یاسادا لە ڕستەدا دابین دەکرێ:

أ- ئەگەر جووتەوشەکە ناو بێت ئەوا ئەرکی ناوی پێ دەسپێرێت، واتا دەچێتە هەموو ئەو خانانەی کە ناو پڕی دەکاتەوە وەک خانەی (بکەر، بەرکار) تەواوکەری بەیاریدە و ئامرازی پەیوەندی، بڕوانە ئەم نموونانە:

١- خزم و کەسەکەی هاتوون. (بکەر)

٢- خزم و کەسەکەی دەرکرد. (بەرکار)

٣- لە خزم و کەسەکەی تووڕە بووە. (بەرکاری دوایی ئامرازی پەیوەندی)

٤- ئێمە خزم و کەسی بووین. (تەواوکەری «بوو»)

٥- پارەی خزم و کەسەکەی خوارد. (دیارخەری بەرکار)

٦- بەخزم و کەسم داناویت. (تەواوکەر)

ب- ئەگەر جووتەوشەکە ئاوەڵناو بێت ئەرکی ئاوەڵناو دەگرێتە ئەستۆ و بەدوای ناودا دێ نیشانەی ئیزافە لەگەڵیدا گرێی دەدات. دەشتوانێ خۆی جێگەی ناو بگرێت و لە هەموو ئەو شوێنانەدا بێت کە ناو تێیدا

دێن. بڕوانە:

١- کیژێکی شۆخ و شەنگی خواستووە. (دیارخەر)

٢- شۆخ و شەنگەکان بەخۆیان دەنازن. (شوێنی ناو، بکەر)

٣- لە شۆخ و شەنگەکان پرسە ناز چییە؟. (شوێنی ناو)


(بەرکاری دوای ئامرازی پەیوەندی)

دیسان وەک هەموو ئاوەڵناوێکی تر دەتوانێ ببێتە تەواوکەر کاری (بوون)

٤- کچێکی شۆخ و شەنگ بوو.

ج- ئەگەر جووتەوشەکە ئاوەڵکار بێت، ئەوا لە هەموو ئەو شوێنانەدا دێ کە بەئاوەڵکار یان ئاوەڵفرمان پڕ دەکرێنەوە وەک پێش ڕستە، دوای بکەر، پاش بەرکار (لە نێوان بەرکار و کاردا).

بڕوانە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




(ژمارە ١، ٢، ٣ ئەو شوێنانەن کە ئاوەڵکار یان ئاوەڵفرمان پڕی دەکاتەوە)

نموونە:

١- دەم و دەست منالّەکە هاتە زمان. (شوێنی یەکەم)

٢- منالّەکە دەم و دەست هاتە زمان؟ (شوێنی دووەم)

٣- پارەکەی دەم و دەست هەڵگرت. (شوێنی سێیەم)



شایانی سەرنجە کە شوێنی دواوە (دوای ڕستە) کە زۆر جار بۆ ئاوەڵفرمان یان ئاوەڵکاری شوێنی تەرخان دەکرێ وەک لەم ڕستانەدا دەبینرێ:

١- منالّەکە چووە بۆ دەرەوە.

٢- کەوەکە نیشتە زەوی.

٣- ئێمە ناچینە دەرەوە.

ئەم شوێنە کەم و زۆر بەئاوەڵکاری جووتەوشە پڕ ناکرێتەوە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جووتەوشەی ئاوەڵکار بەزۆری ئاوەڵکاری چۆنیەتی دروست دەکەن کە خۆیان کەم و زۆر لەم شوێنەدا نابینرێن:

١- کەرەکە خێرا کەوتە خوارێ. (ئاوەڵکاری چۆنیەتی)

٢- کەرەکە دەم و دەست کەوتە خوارێ. (جووتەوشەی چۆنیەتی)

٣- من دەم و دەست پارەکەت بۆ دێنم. (جووتەوشەی چۆنیەتی)

**٢- پاش و پێش خستنی جووتەوشە:**

یەکێک لە تایبەتییە گرنگەکانی جووتەوشە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە کەرتەکانی هەرگیز پاش و پێش ناخرێن، بەهیچ وشەیەکی تر لە نێوانیاندا قایل نابن. بڕوانە ڕێزمانی و نارێزمانی ئەم ڕستانەی خوارەوە:

١- (أ) کیژە بالابەرزەکە بەڕێوەیە.

(ب) * کیژە بالا زۆر بەرزەکە بەڕێوەیە.

(ج) * کیژە بەرزە بالاکە بەڕێوەیە.

جووتەوشەش بەشێوەیەکی گشتی خاوەندی ئەم دوو تایبەتییەیە، واتا نە کەرتەکانی پاش و پێش دەکەون و نە ڕێگاش بەهیچ وشەیەکی تر دەدەن لە یەکتریان بترازێنێ و دووریان بخاتەوە هەر ئەو تایبەتییەشە کە وا لە جووتەوشەی تر دەکات کە بەیەک دانەی سینتاکسی دابنرێن.

شایانی سەرنجە کە هەندێ جووتەوشە لەوە دەچێت ڕێگەی پاش و پێش کەوتن بەکەرتەکانیان بدەن وەک لەم نموونانەدا دەبینن:

| أ | ب |
| --- | --- |
| دەشت و دەر | دەر و دەشت |
| ئاوات و ئارەزوو | ئارەزوو و ئاوات |
| پۆشتە و پەرداخ | پەرداخ و پۆشتە |
| تفت و تاڵ | تاڵ و تفت |
| خێر و شەڕ | شەڕ و خێر |
| ورد و درشت | درشت و ورد |
| تەڕ و وشک | وشک و تەڕ |

هەرچەندە ژمارەی ئەو جووتەوشانەی ڕێگای پاش و پێش ناگرن زۆر کەمن لە چاو ژمارەی جووتەوشەکانی لە زمانەکەدا، ئەمە دیاردەیەکی سەیرە وەک ڤایرۆس وایە لە زمانەکەدا.

شایانی سەرنجە کە ئەم ڕێگا دانە لە چوارچێوەی یەک زار (لەهجە)دا نابێت، واتا جووتەوشە لە زارێکدا هەر یەک ڕیزبوونی هەیە ئەو جیاوازییە کاتێ دروست دەبێ کە سەرچاوەکان لە چەند زارێکەوە بێت. بۆ نموونە هەموو نموونەکانی (أ) لە زاری سۆرانییەوە وەرگیراون و هەموو نموونەکانی (ب) لە تەها فەیزی زادە وەرگیراون کە لەوە دەچێت سەر بەزارێکی یان چەند زارێکی کوردی کوردستانی ئێران بێت. لەبەر ئەوەی هەموو نموونەکانی (أ) هەر بەم شێوەیە هەن لە زاری سۆرانیدا. دەتوانین زۆر بەڕاشکاوی بڵێین جیاوازی لە ڕیزبووندا ئەگەر لە ناو دوو زار یان زیاتردا ببینرێ، لە ناو یەک زاردا بەدەگمەن ڕوودەدات. بەم پێیە جووتەوشە لە سنووری زارێکدا ڕێگە بەپاش و پێش کردنی کەرتەکان نادات و ئەمەش هەروەک هەموو وشەیەک (سادە یان ناسادە) ڕەفتار دەکات.



**٣- شوێنی نیشانەی نەرێ لە جووتەوشەدا:**

چەندین جووتەوشە بریتییە لە گوتنی وشەیەک و بەستنی یان لێکدانی لەگەڵ پێچەوانەکەی، ئەم جۆرە جووتەوشانە لە ناو نایەت، واتا ناوێک و پێچەوانەکەی بەنیشانەی (نەرێ) پێکەوە نایەن، بەڵام لە ئاوەڵناو تا ڕادەیەکی زۆرتریش لە کاردا بەکار دێن. سەرنجێکی ئەم نموونانەی خوارەوە بدە:

أ- دوو کار

کار (ئەرێ) + و نەرێ + کاری دووەم

بوون و نەبوون

بەبوون و نەبوون ئاگادارم بکە.

هات و نەهات

ئەوە ڕێگەی هات و نەهاتە.

ب- دوو ئاوەڵناو، دووەم لە ڕەگی کارەوە وەرگیراوە

کاڵ و نەکوڵیو[١]

گۆشتی کاڵ و نەکوڵیو بۆ خواردن خراپە.

ئەگەر و نەگەر

لە ئەگەر و نەگەردا کارەکەم جێبەجێ بکرێ.

نەدی و بدی

(١) تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی) چاپی یەکەم ١٣٤٧، ل ١٥٣.

## بەشی سێیەم

# واتاسازی جووتەوشە

لەم بەشەدا پێشەکی باس لە لێڵ و ڕوونی واتای جووتەوشە و واتا گشتییەکەی دەکەین. لە پاشدا دێینە سەر پەیوەندییە واتاییە جیاجیاکانی کەرتەکانی جووتەوشە. لە دواییدا کەمێک دەربارەی پەیوەندی نێوان ئیدیەم و جووتەوشە دەدوێین.

**١- تاریک و ڕوون**: بەباوەڕی ستڤن ئولمان[١] هەموو زمانێک دوو کۆمەڵە وشە جیای دەکاتەوە لە ڕووی واتاوە. وشەی ڕوون و وشەی لێڵ یان تاریک. تاریکی واتا لەو وشانەدا دەردەکەوێ کە هەر زمانە فۆرمێکی جیاوازی دەداتێ. ڕوونیش لەو وشانەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی زمانەکان بەیەک فۆرم یان فۆرمی نزیک دەری دەبڕن. ئولمان سێ جۆر ڕووناکی واتایی جیا دەکاتەوە:

١- ڕوونی وشە سروشتییەکان: لێرەدا دەنگەکان تا ڕادەیەک لاسایی واتا دەکەنەوە، واتە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان واتا و دەنگی وشەکاندا بەدی دەکرێ. شتێکی ئاسایی کە وشەی وەها لە زۆر زماندا هاوبەش بن یان لە یەکتر بچن، تەنانەت ئەگەر ئەو زمانانەش خزمەتییان نەبێت وەک وشەی (کۆکرنتی) کە لە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و هەنگاری و عەرەبی و کوردیدا لەیەک نزیکن[٢].

(1) Ullmann, 1971, 79.

(٢) وەک وشەی (کتێب) کە لە زمانە ئەوروپاکاندا بەفۆرمی جیاواز دەردەبڕێ: هەنگاری (Konyv)، ئینگلیزی (Book)، گریک (Biblos)، ڕووسی (Kniga)، فەرەنسی (Livre).



٢- ڕوونی ڕێزمانی: هەموو ئەو وشانەی بەهۆی پاشگری داڕشتنەوە لە یەکتری وەردەگیرێن بەوشەی ڕوون دەژمێردرێن. ئەمانە بەتەواوی ڕوونن و خۆیان دیاری دەکەن، بۆ هەر کەسێ کە شارەزای کەرتە پێکهاتەکانیان بێت. بۆ نموونە وشەی (پاکی) واتایەکی ڕوونی هەیە بۆ هەر کەسێ بزانێ لە (پاک) و پاشگری (-ی)وە دروست کراوە و ئەم پاشگرە ناوی نابەجەستە دادەڕێژێ. ئەم جۆرە ڕوونییە تا ڕادەیەک (نسبیە) چونکە کەرتە پێکهاتەکان خۆیان لە بنەڕەتدا تاریکن بۆ نموونە ئەگەر وشەیەکی وەک (دەستەوانە) یان (نووسەر) لە واتادا ڕوون بن، وشەی (دەست) و (نووس) هەر تاریکن. بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەمەشدا وشەی لێکدراو و داڕێژراو هەر لە وشەی سادە ناسروشتی ڕوونترە لە ڕووی واتادا. بەم پێیە وشەی (ملوانکە) یان (گوارە) لە وشەی (مل) و (گوێ) ڕوونترن.

٣- هەندێ دەربڕینی خوازە: بەکەرەسەی ڕوون دەژمێردرێن لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی لەیەکچوون داڕێژراون. بۆ نموونە، وشەیەکی لێکدراوی وەک (بنە مۆم) یان (دەست پاک) یان (زمان لووس) بەکەرەسەی ڕوون دادەنرێن چونکە لێکچوونێک لە نێوان واتای وشەکان و ناو لێنراودا (مدلول) دەبینرێ.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە[١] وای دەردەخەن کە ڕوونی و تاریکی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ و تەنانەت لەوانەشە لە ماوەیەکی مێژوویی زمانێکەوە بۆ ماوەیەکی مێژوویی تر بگۆڕێ. بۆ نموونە ئەڵمانی لەو زمانانەیە بەرەو بەکارهێنانی ئەو کەرەسانە دەڕوات کە لە ڕووی ڕێزمانەوە واتە ئاشکران. بەپێچەوانەشەوە فەرەنسی حەزی لە وشەی تاریکە. بەڵام ئینگلیزی لە نێوان هەردوو زمانەکەدایە[٢].

(1) Ullmann: 1971: 79.

(2) Ibid.

هەرچەندە لە کوردیدا تا ئێستا سەربژێرێکی وشەیی وەها نەکراوە ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە کە کوردیش زیاتر وەک ئەڵمانی ڕەفتار دەکات، واتە وشەی دارێژراو و لێکدراو زۆر بەکاردێنێ بەرامبەر ئەو وشانەی کە لە زمانی تردا (بۆ نموونە عەرەبی) لە ڕووی واتاوە تاریکن، با سەرنجێ لەم کەرەسانە بدەین.

| | |
|---|---|
| قلادە | ملوانکە |
| لفاف | مل پێچ |
| جد | باپیر، بابە گەورە |
| جدە | داپیر، دایە گەورە |

بەهەرحاڵ ئەگەر گومانێکیشمان لەم بارەیەوە هەبێت، کە دێنە سەر لێکدانەوەی واتای جووتەوشە ئەوا بەتەواوی دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەم وشانە کەرەسەی ڕوونن بەپێی دابەشکردنی و پێناسەکەی ئۆڵمان لێرەدا دوو تێبینی سەر هەڵدەدات:

١- جۆری یەکەمی جووتەوشەکە بەدووبارە ناومان بردن بەزۆری دەچنە بەشی یەکەمی پۆلکردنەکەی ئۆڵمان، واتە ئەمانە بەشێکی زۆریان وشەی سروشتین، لەبەر ئەوە واتاکانیان دەبێ ڕوون بێت چونکە لە زمانەکەدا بریتین لە لاسایی دەنگی ئاژەڵ و مرۆڤ و دیاردە سروشتییەکان وەک لەم نموونەدا دەردەکەوێ:

(١) دەنگی مرۆڤ

قیژەقیژ

منگەمنگ

منجەمنج

بۆڵەبۆڵ



(٢) دەنگی ئاژەڵ

| | |
|---|---|
| لوورەلوور | گورگ |
| قرتەقرت | مشک |
| باڕەباڕ | مەڕ |

(٣) دەنگی دیاردەی سروشتی تر:

| | |
|---|---|
| هاژەهاژ | (ئاو) |
| خڕەخڕ | (مەکینە) |
| کڕەکڕ | (دان) |
| فڕەفڕ | (فڕۆکە) |

جۆرەکەی تری جووتەوشەی دووبارە دیسان بەوشەی ڕوون دادەنرێن چونکە دەچنە بەشی دووەم، واتە لە ڕووی ڕۆنان و ڕێزمانەوە واتاکانیان ئاشکرایە لای هەرکەسێ کە واتای بەشی یەکەم بزانێ وەک ئەم نموونانە دەری دەخەن:

| | | |
|---|---|---|
| نم نم | جووت جووت | پۆل پۆل |
| کەم کەم | جار جار | تۆپ تۆپێن |

٢- هەرچی جووتەوشەی بەستراو هەیە ئەوە لە ڕووی ڕوونی و تاریکی واتاوە ڕەفتاریان جیاوازە. چونکە ئەمانەش هەر وشەی لێکدراون، واتە لەبەر ئەوەی لە دوو وشە پێکهاتوون (جگە لە ئامرازی بەستن) دیسان دەچنە ژێر کۆمەڵی دووەم و واتاکەیان لە ڕووی ڕێزمانەوە بەڕوون دەژمێرێ هەروەک لەم نموونانەدا دەبینرێ:

| | |
|---|---|
| شەڕ و شۆڕ | سووک و سۆڵ |
| لەم و لەو | نەرم و نۆڵ |
| قاپ و قاچاغ | پەرت و بڵاو |
| شڕ و پڕ | نەرم و نیان |

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ لەم وشانە و زۆر جووتەوشەی بەستراوی تر ئەوەیە کە واتای هەموو وشەکە لە واتای وشەی یەکەمەوە پێشبینی دەکرێ واتە ئەگەر گوێگر/خوێنەر واتای وشەی یەکەم بزانێت، تا ڕادەیەکی زۆر لە واتای جووتەوشەکە دەگات تەنانەت ئەگەر بۆ یەکەم جار بیبستێ. بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم دیاردەیە لە هەموو جووتەوشە بەستراوەکاندا وەها نییە. هەندێ جووتەوشەی بەستراو گۆڕانی واتایی گەورەیان بەسەردا هاتووە و واتاکانیان لە واتای کەرتی یەکەمەوە ئەنجامەکە پێشبینی ناکرێ وەک لەم نموونانەدا ئاشکرایە:

دەست بەجێ = خێرا

دەم و دەست = یەکسەر

دەست و برد = خێرا، یەکسەر

جگە لەمەش لە هەندێ جووتەوشەی بەستراودا کەرتی یەکەم تا ڕادەیەک واتاکەی لە دەست داوە، لەبەر ئەوە ناتوانێ پێشبینی واتای جووتەوشەکەیان بکات وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١- جڕ و جانەوەر (کەرتی یەکەم بێ واتایە و واتای جووتەوشەکە لە دووەمدا گرد بۆتەوە)

٢- دام و دەزگا

٣- تر و تفاق

٤- فڕ و فێڵ

دیسان لە هەندێ جووتەوشەی بەستراودا واتاکە هەرچییەک بێت بەهەردوو وشەکە دەیدەن بەدەستەوە و کەرتی یەکەم و دووەم بەتەنیا واتایەکی جیاوازی هەیە وەک لە:

١- بەند و باو



٢- دەر و دراوسێ

٣- دەم و چاو

٤- چاو و ڕاو

هەندێ جاریش وشەی دووەم لەباتی ئەوەی لە یەکەمەوە پێشبینی بکرێ بەپێچەوانە دەردەچێ یان هیچ پەیوەندییەکی وەهای نییە کە بەتەمای بین لەگەڵ وشەی یەکەمدا لە یەک وشەدا بێت، هەرچەندە بەیەکەوە واتایەک دەدەن بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

حازر و بزر

دۆست و دوژمن

ڕەنگ و بۆ

سەر و سەکوت

کەس و کار

مشت و مڕ

مڕ و مووش

هەڵس و کەوت

هەڵبەز و دابەز

**٢- پۆلکردنی واتایی جووتەوشە:**

پۆلکردنی واتایی دووبارە

أ- واتای گشتی جووتەوشەی دووبارە:

لە ڕووی واتاوە جووتەوشەی دووبارە دەبێ وەک وشەیەکی سادە سەیر بکرێت چونکە هەر واتایەک دووبارە خاوەنی بێت لە کەرتی یەکەمدا گرد دەبێتەوە و پەی پێ دەبرێ، ئەم ڕاستییە بەزۆری لەو وشە بنەڕەتییانەدا دەبینرێ کە وشەکە هەمووی پێکەوە واتا دەدەن و هەست کەمتر بەوە دەکرێ کە وشەکە دووبارە بێت وەک لە وشەی: جاڵجاڵۆکە، خاڵخاڵۆکە، پەت پەتێن، بولبول، کرکراگە... هتد. بەم پێیە زۆربەی ناوی یارییەکانی کوردی بەم شێوەیە پێک هاتوون هەرچەندە ئەم وشانە لە ڕۆناندا ناسادەن واتە وشەی (خاڵخاڵۆکە) لە (خاڵ + خاڵ + ۆکە) پێک هاتووە، بەڵام لە واتادا نەک هەر وەک دانەیەکی سیمانتیکی هەڵسوکەوت دەکات، بەڵکو هەموو واتاکە هەر لە کەرتی یەکەم دایە.

بێگومان هەموو دووبارەیەک یەکجار وەک ئەو وشانەی سەرەوە ڕەفتار ناکەن، بەڵام هەموویان بەگشتی واتاکانیان لە بەشی یەکەمدایە کەرتی دووەم زۆر جار واتاکە خەست دەکاتەوە یان چڕتر دەکات. چڕکردن و خەستکردنەوەش لە ڕاستیدا دەربڕینێکی تەمومژاوییە و بەتەواوی نازانین چی دەگرێتەوە. تەنانەت ڕێزماننووسەکانیش لەسەری ڕێک نەکەوتوون بۆ نموونە لە کاتێکدا مەکنزی[1] ئەرکی «دووبارە» بەدروستکردنی (قرە، دەنگ) دادەنێ و تەنانەت دووبارە بە(مۆرفی دەنگی) ناو دەبات لەم نموونانەدا:

١- جریوەجریو ٢- قاسپەقاسپ ٣- خرتەخرت

ئەگەر دووبارەکردنەوە نەبێ ئەوە بەردەوامییەکە پەیدا نابێت، ئەمەش بۆ

(1)Mackenzie, 1961: 141



بەردەوامییە م. مەسعود محەمەد ئەرکی دووبارە لەم شێوانەدا بەدروستکردن یان داڕشتن ناوی نابەرجەستە دادەنێ.

گژەگژ، گڤەگڤ... هەمووی ناوی واتا و جۆرە دەنگێکن جگە لە گژەگژ کەوا خەریکی و پڕ مەشغەڵەتی ناومال دەگەیەنێت[1] لەم بۆچوونەی ئێمەدا مەبەست لە خەستکردنەوە، زیادبوونی بەردەوام یان کەمبوونی بەردەوام یان دووبارەبوونەوەی واتای کەرتی یەکەمە لە بەشی دووەمی دووبارەدا. هەر لەبەر ئەمەشە وای بۆ دەچین کە کەرتی دووەم لە دووبارە واتایەکی گرنگی نییە و بەلای ئێمەوە ئەم دووبارانە نە وشەی نابەرجەستە (واتایی) دادەڕێژن و نە مۆرفیمی دەنگ یان قرەن چونکە وشەیە وەک (لوورەلوور) و (لوورە) یان (گڤەگڤ) و (گڤە) هەردووکیان وەک وشەی نابەرجەستە بەکار دێت بێ جیاوازییەکی بەرچاو. شایانی سەرنجە کە بەڕای هەندێ کەرتی دووەم لەم دووبارانەدا وەک پاشگرێکی (کۆ) ڕەفتار دەکات، واتە ئەرکی دروستکردنی (کۆی زۆرە)[2] بۆ زیادەڕۆیی، واتە (گڤە) بە(تاک) دێتە بەرچاو بەڵام (گڤەگڤ) (کۆ)یەتی و ڕێژەیەکی زیادەڕۆیی دەردەبڕێ هەروەک ئەو جۆرە کۆیە لە زمانێکی وەک عەرەبیدا.

ب- واتای گشتی جووتەوشەی بەستراو:

جووتەوشەی بەستراو نەک هەر لە ڕۆناندا بەڵکو لە واتاشدا کەرەسەیەکی ئاوێتەیە، واتە، واتای جووتەوشە بریتییە لە کۆبوونەوەی واتای کەرتی یەکەم لەگەڵ واتای ئامرازەکە و واتای کەرتی دووەم. بەم پێیە واتای جووتەوشەی بەستراو وردە وردە بەرە بەرە وشە لە دوای وشە بەتەواوی دەکەوێتە ڕوو و دەدۆزرێتەوە و دەگاتە گوێگر/خوێنەر. کەواتە

(١) مەسعود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨، ل ٣٣.

(2) Fattah, 1998: 2

واتای جووتەوشەی بەستراو، بەپێچەوانەی جووتەوشەی دووبارە لە کەرتی یەکەم یان لە یەکێک لە کەرتەکاندا گرد نابێتەوە. بەم جۆرە گوێگر لە واتای وشەیەکی وەک (بەند و باو)، (گیروگرفت) یان (درۆ و دەلەسە) بەتەواوی ناگات تا وشەکە بەتەواوی بەهەموو کەرتەکانیەوە نەگاتە گوێی و مێشکی بەیەکەوە لێکیان نەداتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە وشەیەکی وەک (بەند) یان (گیر) ئەگەر (باو) یان (گرفت) بەدوایاندا نەیەت ئەوا خاوەنی واتای تر دەبن وەک: ئەم گیرە (واتە بەخشندە نییە) یان (بەندم کرد = گرتم).

لەم ڕووەی واتاوە جووتەوشەی بەستراو بەپێچەوانەی وشەی سادەوە کە واتاکەی لە ناو خۆیەتی تا ڕادەیەک زۆر لە ڕستە دەچێت. واتە، واتای ڕستەش دیسان بەرە بەرە و وشە دوای وشە دەگاتە گوێگر/خوێنەر و تا قسەکەر هەموو ڕستەکە تەواو نەکات گوێگر بەتەواوی لە مەبەستەکە ناگات. لە هەردووکیاندا، واتە ڕستە و جووتەوشە، لە سەرەتاوە لەوانەیە گوێگر بۆ واتایەک بچێت و لە دواییدا بەواتایەکی تر وەرچەرخێت چونکە وشە لە دوای وشە واتای وشەکانی پێشتر دیاری دەکەن و هەموویان کار دەکەنە سەر یەکتری، بێ گومان ئەم تێبینییە بۆ ئەو کاتانە نابێت کە هەموو ڕستەکە بەیەکەوە واتایەک بدات، واتە ئەو کاتانەی کە ڕستەکە ئیدیۆم بێت وەک:

سکت نەسووتێ = (مناڵت نەمرێ)

دڵی پێوەیەتی = (حەزی لێ کردووە)

دەستیان کورتە = (هەژار یان نەبوون)


بێ گومان ئەگەر واتای ڕستە ئاسایی لە کۆی واتای کەرتەکانەوە نەیەن، ئەوا دوو واتایی و ناوێزەیی واتایی دروست نەدەبوو چونکە تەنیا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەموو کەرتەکانی ڕستەیەکی وەک (باوک و دایکی چەتیوەکە هاتوون) دژواتایی (تناقض) دروست بووە.



٣- جووتەوشە و ئیدیۆم:

جووتەوشە بەپێی پێناسەکەی ئێمە دانەیەکی سینتاکسی و واتاییە. واتە، فۆرم و واتا بەکار دێنین لە جیاکردنەوەیدا لە دیاردەی تر. هەرچی ئیدیەمە ئەوە دانەیەکە لە ئاستی واتاسازیدا بەڵام شتێک لە ئارادا نییە کە ڕێگە لە جووتەوشە بگرێت وەک ئیدیەم واتا بدات، چونکە تەنانەت وشەی سادە و دەستەواژە و وشەی لێکدراو و ڕستە دەگەنە ئەم پلە واتاییە[١].

هەروەها ئیدیەم لە ڕووی واتاوە هەیە لە شێوەی وشەی لێکدراو دایە، هەروەک چۆن بەزۆری لە کوردیدا لە شێوەی وشەی لێکدراو و ڕستەدا دەبینرێت وەک لەم هێڵکارییەدا ڕوون دەکەینەوە.




(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤٢.

(٢) جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ١٩٨٢، بەغدا، ل ٢٧٢.

(زمانەوانەکان)[١] چەند پلەیەک لە ئیدیەمدا بەپێی تاریکی و ڕوونی واتا جیا دەکەنەوە، بۆ نموونە، ئیدیەمی تێکچڕژاو یان ئیدیەمی پلە یەک کە بەو ئیدیەمانە دەگوترێ کە واتاکانیان لە کۆی واتای وشەکانەوە دوورە. لە شێوەی جووتەوشەدا لە کوردیدا نابینرێن. لەوانەیە جووتەوشە وشە بکاتە ئیدیەمی پلە دوو (واتە لێکدراو)، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە تەنیا یەکێک لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت، بەڵام هێشتا ڕێگە بەهەندێ یاسای ڕێزمانی دەدات بەسەریدا پیادە بکرێت و کەرتی دووەمی واتا فەرهەنگی یەکەمی خۆی دەپارێزێ. بۆ نموونە جووتەوشەیەکی وەک (تاق و جووت) بەواتای (ورد و درشت) لە ڕستەیەکی وەک:

١- هێرشیان کردە سەرمان تاق و جووتیان لێ بڕین. ئەم ڕستەیە گەیشتۆتە ئیدیەمی پلە دوو چونکە واتای ڕۆنانەکە لە واتای فەرهەنگی وشەکانەوە دوورکەوتۆتەوە، بەڵام هێشتا ئیدیەمێکی تێکچڕژاوی پلە یەکی دروست نەکردووە وەک بۆ نموونە (لە گوێی گادا نووستووە، زگی سووتاوە). ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ کە ڕۆنانەکە واتا پیتی و خوازەیی پەیدا نەکردووە، بەڵکو کەمێک لە واتا پیتییەکە دوورکەوتۆتەوە، ئەم جووتەوشەیە جیاوازە لە جووتەوشەیەکی وەک (تاڵ و تیژ) لە ڕستەی:

٢- چێشتەکە ئەوەندە تاڵ و تیژ بوو بۆم نەخورا.

کە واتاکەی زۆر ڕوونە نەگەیشتۆتە پلەی ئیدیەم، کەواتە جووتەوشە لە ڕووی واتاوە دەگۆڕێت و وەک وشەی لێکدراو و ڕستە دەتوانن بگەینە ئیدیەم، بەڵام ئەوەی لەم بارەوە ئاشکرایە ئەوەیە کە جووتەوشە (کەمتر لە هەموو جۆرەکانی «لێکدراوەکانی» تر دەبێتە ئیدیەم چونکە یەکێک لە

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، دیسان ئیدیۆم، پێداچوونەوەیەک لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی ١٥، ١٩٨٦.



تایبەتییەکانی لێکدراوی بەستراو «جووتەوشە» ئەوەیە کە هەموو واتا لێکدراوەکە لە یەکێک لە کەرتەکاندا هەڵگیراوە کەرتەکەی تر بۆ خەستکردنەوە و چڕکردنەوەی واتای کەرتەکەی ترە)[١].

ئەم هەڵکەوتەی جووتەوشە ڕێگەی ئەوەی لێ دەگرێ کە ببێتە ئیدیەم تەواو (پلە یەک) چونکە ئاسایی واتای ئیدیەم دەبێ لە کۆکردنەوەی واتای وشەکانییەوە نەهاتبێت. بەڵام ئەو سروشتەی ڕێگە لەوە ناگرێت کە ببێتە ئیدیۆمێکی پلە دوو (ئیدیۆمی لێکدراو) هەرچەندە زۆربەی جووتەوشە لە ئیدیۆم نزیک نابێتەوە وەک لەم نموونەدا دەردەکەوێ: (مات و پەشێو، ماڵ و منداڵ، لەڕ و لاواز، مێش و مەگەز، گژ و گیا، پەرت و بڵاو) هەر لەبەر ئەو هەڵکەوتەیەتی کە زۆر جار یەکێک لە کەرتەکان دەتوانێ جێگەی جووتەوشەیەک بگرێتەوە بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێ بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

١- کاتێک خێڵەکان بەرەو کوێستان دەچن کۆچ و بار وەڕێ دەکەون[٢].
٢- کاتێک خێڵەکان بەرەو کوێستان دەچن و کۆچ وەڕێ دەکەون.
٣- شوانێکی هەژاری بێ کەس و کارە.
٤- شوانێکی هەژاری بێ کەسە.
٥- شوانێکی هەژاری بێ کارە.

ڕستەی:
٤- ئەو ڕاستییە دەدرکێنێ کە لە جووتەوشەی (کەس و کار)دا واتای

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، بەغدا ١٩٨٩، ل ١٤٢.

(٢) تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدين ايوبى)، چاپی یەکەم ١٣٤٧ ل ١٥٨.

لێکدراوەکە لە کەرتی یەکەمدا کۆبۆتەوە و کەرتی دووەم تەنیا ئەو واتایەی بەشی یەکەم چڕ دەکاتەوە لەبەر ئەوە بەتەنیا خۆی ناتوانێ جێگەی جووتەوشەکە بگرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە (کەس) کە هەڵگری هەموو واتایەکە دەتوانێ بەتەنیا لە جێی جووتەوشەکە بەکار بێت بێ ئەوەی گۆڕانێکی گەورە لە ڕستەکەدا بەدی بکرێ، هەر لەبەر ئەوەی (کار) لەم جووتەوشەیەدا هەڵگری واتایەکی وەها نییە، دەتوانین بڵێین جووتەوشەی (کەسوکار) لە ڕووی واتاوە لە پلەی ئیدیۆمێکی لێکدراو دایە (پلە دوو)، چونکە یەکێک لە کەرتەکانی واتا فەرهەنگییەکەی خۆی لە دەست داوە واتای کەرتەکەی پێش خۆی چڕتر کردۆتەوە.

**ب- پۆلکردنی واتایی جووتەوشەی لێکدراوی بەستراو:**

شایانی تێبینییە ئەو پەیوەندییە واتاییانەی لە نێوان تاکە وشەکانی زمانێکدا دەبینرێت، هەر ئەو پەیوەندییانە هەموویان یان زۆربەیان کتومت لە نێوان کەرتەکانی جووتەوشەی بەستراو دووپات دەبنەوە[١] ئەم پەیوەندییە ئاساییە دەکرێن بەدوو جۆرەوە:[٢]

١- پەیوەندی واتایی ستوونی:

بریتییە لەو پەیوەندییە واتاییانەی کە لە نێوان ئەو فۆرمانەدا دەبینرێن کە لە خاڵێکی ڕۆنانێکدا لەبری یەکتر بەکار دێن. ئەمانە کۆمەڵە بەدیلێکی هۆشەکی پێک دێنن لە زماندا. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک:

منداڵەکە سەگەکە دەلاوێنێ.

وشەی (سەگەکە) پەیوەندییەکی واتایی ستوونی هەیە لەگەڵ (پشیلە،

(1) Palmar.

(٢) محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩.



ئەسپ، کەروێشک، کۆتر... هتد). هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوە و جیاوازی و پەیوەندی گشتی و کەرت لەم جۆرە پەیوەندییەن.

٢- پەیوەندی سینتاکسی یا ئاسۆیی:

بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان وشەکانی ڕستەیەکدا سەرهەڵدەدەن ئەم پەیوەندییان بەوە لەوەی سەرەوە جودا دەبنەوە کە هەردوو وشە پەیوەندارەکە لە ڕستەکەدا لە یەک کاتدا هەن. لە ڕستەیەکی وەک:

منداڵەکە بەقاچی چەپ شەقی لە تۆپەکە دا.

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان (شەق) و (تۆپ) و (قاچ) هەیە پەیوەندییەکی واتایی ئاسۆیییە. بڕوانە چی نارێکییەک بەسەر ڕستەکە دێت ئەگەر بڵێین (منداڵەکە بەشانی چەپی شەقی لە تۆپەکە هەڵدا) یان (منداڵەکە بەدەست لە تۆپەکەی هەڵدا).

ئەم جۆرە پەیوەندییە پارچەکانی تێکستەکە بەیەکەوە دەلکێنێ و واتایەکی زیاتر (فائض) بەمەبەستەکە دەدات.

هەرچەندە پەیوەندی نێوان کەرتەکانی جووتەوشەی بەستراو بەزۆری لە جۆری ستوونییە، بەڵام لە جۆری دووەم (پەیوەندی ئاسۆیی) پێویست بەهێنانەوە ناکات چونکە لە ڕاستیدا هەموو جووتەوشەیەکی بەستراو پەیوەندی هاوڕێیەتی پیشان دەدات کە لە خۆیدا جۆرێکە لە پەیوەندی ئاسۆیی، واتە هەر جووتەوشەیەکی بەستراو وەربگیرێت، دەبینین لە ڕووی ئاسۆیییەوە دوو کەرتەکە هاوڕێتیان پەیدا کردووە و لەگەڵ یەکتردا دێن، هەندێ جار پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکە هێندە داخراوە کە دوو وشەکە تەنیا لەگەڵ یەکتردا دێن وەک (حازر و بزر)، (گیر و گرفت)، (تەنگ و چەڵەمە)، (گرمە و کێشە) یان (جر و جانەوەر). هەندێ جاری تریش کەرتەکان هاوڕێیەتیان فراوانترە و لەگەڵ وشەی تریشدا دەبینرێت. زمانی کوردی لەم ڕووەوە دەوڵەمەندە بۆ نموونە وشەیەکی وەک (دار)، (دەس)،

(دەم)، (سەر)[1] ... هتد. هاوڕێیەتی لەگەڵ دەیان وشەی تردا هەیە، واتە لەگەڵیاندا جووتەوشەی بەستراوی دروست کردووە لە زۆربەی ئەم وشانەدا ئەم کەرتانە خۆیان لە پێشەوەن هەروەک بەپێوانە ساز بدرێن. لە هەندێ وشەی کەمتردا، ئەم وشانە کەرتی دووەمن، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

١- دار: دار و درەخت، دار و بەرد، دار و دیوار، دار و دەوەن.

٢- دەست: دەست و قاچ، دەست و دەم، دەست و برد، دەستبەجێ.

٣- دەم: دەم و دەست، دەم و چاو، دەم و لێو، دەم و ددان، دەم و لووت، دەم و فلت... هتد.

٤- سەر: سەر و گوێلاک، سەر و چاو، سەر و کەللە، سەر و سەکوت، سەر و ڕیش.

جگە لەمە لە جووتەوشەی بەستراو پات بووەدا، کەرتی دووەم بوونێکی سەربەخۆی نییە لە زمانەکەدا، واتە تەنیا لەگەڵ کەرتی یەکەمیاندا دێن و دەبینرێن، بەم جۆرە هاوڕێ تایبەتی کەرتەکەی پێشەوەیانن وەک لە پارە و مارە، دەرزی و مەرزی، شار و مار، برا و مرا... هتد.

ب- پەیوەندی واتایی:

جگە لە پەیوەندیی شێوەیی یەکێک لە تایبەتییەکانی جووتەوشە بوونی پەیوەندی واتایی جۆراوجۆرە لە نێوان کەرتەکانیدا.

دیسان ئەم پەیوەندییە دەست دەدات بۆ جیاکردنەوەی لە دانەکانی تر بۆ نموونە لە کاتێکدا پەیوەندیی واتایی ڕۆڵ دەبینێ لە لێکدانی کەرتەکانی جووتەوشەدا، پەیوەندی ڕێزمانی لە لێکدان و خستنە پاڵ کەرتەکانی دەستەواژە و وشەی لێکدراو دەوری سەرەکی وەردەگرێ. وا لە خوارەوە

(١) د.نەسرین فەخری، دەم، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٣ - ١٠٤، ١٩٨٤.
د. نەسرین فەخری، دەست، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ١٩٨٥.



هەندێ لەو پەیوەندییە واتاییانە دەخەینە ڕوو کە کەرتەکانی جووتەوشە بەیەکترەوە دەبەستێ.

١- پەیوەندی هاوواتایی یان نزیک واتایی:

پەیوەندی هاوواتایی بەو جۆرە پەیوەندییە واتاییە دەگوترێ کە کاتێک لە نێوان دوو وشەدا پەیدا دەبێ کە لە هەموو شوێنێکدا بتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە، بێ گومان ئەم جۆرە هاوواتاییە کەمە چونکە زۆر بەدەگمەن ڕێک دەکەوێ کە دوو وشە لە هەموو ڕوویەکی واتاییەوە یەک بن، ئەگەر وشەی هاوواتایی تەواو زۆر بن لە زمانێکدا ئەوا توانستی زمانەکە کەم دەکەنەوە چونکە ئەرکێکی گەورە و قورس دەخەنە سەر فێرخوازانی زمانەکە ئەوەی زۆری هەیە لە زماندا هاوواتایی (ناتەواوە) واتە: هەندێ وشە لە هەندێ دەوروبەردا دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە نەک لە هەموو دەوروبەردا.

پەیوەندی هاوواتایی نێوان کەرتەکانی جووتەوشە لە جۆری ناتەواوە، واتا جووتەوشەمان هەیە کە کەرتی یەکەم تیایاندا دەتوانێ لە هەندێ دەوروبەردا جێگەی هەموو وشەکە بگرێتەوە بێ ئەوەی واتای ڕستەکە زۆر بگۆڕێ. نموونەی ئەم جۆرە جووتەوشانە زۆرن وەک:

خزم و خوێش، شۆخ و شەنگ، ورد و خاش، سووک و ڕیسوا، لەڕ و لاواز، کۆت و زنجیر،... هتد بڕوانە ئەم ڕستانە:

١) أ- کوڕەکە لەڕ و لاوازە.
ب- کوڕەکە لاوازە.
ج - کوڕەکە لەڕە.

٢) أ- پیاوێکی سووک و ڕیسوایە.
ب- پیاوێکی سووکە.
ج- پیاوێکی ڕیسوایە.

ڕستەی (١) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەنیا یەک کەرت لە جووتەوشەدا دەتوانێ جێگەی جووتەوشەکە بگرێتەوە، بەڵام لە ڕستەی (٢) ئەو هەڵە ڕاست دەبێتەوە چونکە هەردوو کەرتەکە دەتوانن جێگەی لێکدراوەکە بگرنەوە بێ ئەوەی گۆڕانی واتایی گەورە بێتە کایەوە. دیارە ئەو لاسەنگییەی (٢) دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتییەکی وشە (لەڕ) کە لە خۆیدا زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکار دێ.

ج- پەیوەندی دژواتایی:

دژواتایی لە خۆیدا پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و چەندین جۆری هەیە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

أ- دژواتایی پێچەوانە: ئەم جۆرە لەو وشانەدا دەبینرێ کە دەتوانن پلەی بەراورد وەرگرن ونکردنی یەکێکیان تاکیدکردنی نییە ئەم جووتەوشانەی پەیوەندی دژواتایی پێچەوانە پیشان دەدەن لە کوردیدا ژمارەیان زۆرە وەک: (چاک و خراپ، سەر و خوار، بەرز و نزم، گەرما و سەرما، کشت و کاڵ، سارد و گەرم، گەرم و سارد) کەرتەکانی ئەم جووتەوشانە بەراورد دەکرێن بڕوانە ئەم ڕستانە:

١- پیاوەکە چاک و خراپ لە یەکتر جیا ناکاتەوە.

أ- تۆ لە من چاکتری.

ب- من لە تۆ خراپترم.

ج- تۆ چاکی.

د- من چاکترم.

ب- تەواوکردن: جۆرێکە لە پەیوەندی دژواتایی کە تێیدا هەریەکە لە وشەکانی جەمسەرێک دەگرن و بەرامبەر یەک دەوەستن و هیچ خاڵێک لە نێوانیاندا ناهێڵێتەوە، واتا بەراورد ناکرێن و تایبەتییەکە کەرت ناکرێت و کەمترن لە کۆمەڵی پێشوو بەڵام هەر دەبینرێنەوە وەک ژن و



ماڵ، بووک و زاوا... هتد ئەمانە لە کوردیدا کە بەراورد بکرێن دەبنە ئاوەڵناو زۆر جاریش هەر بۆ پێکەنین پلەی بەراورد دەکەن... بڕوانە:

أ- ژن و مێرد زۆر لەیەک دەچن.

ب- ئەو ژنترە لە تۆ.

ج- ئەو ژنتر نییە.

ج- گۆڕینەوە[١]:

ئەم جۆرە دژواتاییە کاتێک دەبێ کە بەشدارەکانی کارەکە بتوانن جێگەی خۆیان بگۆڕنەوە بێ ئەوەی کاروبارەکە تێک بچێت بۆ نموونە لە کاری (کڕی) دژواتایی (فرۆشتنە) چونکە بەرکار و بکەری ئەم کارانە دەتوانن جێگەی خۆیان بگۆڕنەوە بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بگۆڕێ.

أ- من کتێبەکەم بەتۆ فرۆشت.

ب- تۆ کتێبەکەت لە من کڕی.

نموونەی جووتەوشەکە پەیوەندی گۆڕینەوەی کەرتەکانی بەستن بن لە کوردیدا کەمە بەڵام (هاتوچۆ) یەکێکە لەمان هەرچەندە کارەکەی تێنەپەڕە نموونەیەکی چاکتر (بگرە و بەردە)یە بڕوانە:

١) أ- من کوڕەکەم گرت.

ب- کوڕەکە منی بەردا.

دیسان لێرەشدا دەبێ دان بەوە دابنێین (١-أ) مانای تەواوی (١-ب) نادات چونکە لەوانەیە یەکتریان گرتبێ.

٣- پەیوەندی گرتنەوە[٢] (Inclusion)

ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان وشەکانی زماندا زۆر بڵاوە و لە پۆلکردندا

(١) بێخاڵ عەبدوڵڵا، واتاسازی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٩٣.

کەڵکێکی زۆری لێ دەبینرێ، بۆ نموونە وشەی (ئاژەڵ یان چوارپێ) لە کوردیدا هەموو ئەم وشانە دەگرێتەوە: (مەڕ، گا، کەر، بزن، گیسک، کار... هتد). هەروەها وشەی (میوە) بۆ هەڵوژە، هەنار، هەرمێ، هەنجیر، مێو... هتد دەگرێتەوە. (بەمانا بەشە سەرەکییە و ئەوەی پەیوەندی پێوەیەتی). هەندێ جووتەوشەش هەن کە ئەم جۆرە پەیوەندییە واتاییە کەرتەکانی لێکدراون وەک: ماڵ و مناڵ، ژن و ماڵ، جێ و ڕێ، قۆڵ و بازوو، لق و پۆپ.

٤- پەیوەندی جیاوازی[١] (Incompatabititg)

بەو پەیوەندییە واتاییە دەگوترێ کە نەگونجاندنێک لە نێوان وشەکاندا دەگەیەنێ، بۆ نموونە، ڕەنگەکان بەوە ڕەنگن کە جیاوازن لە یەکتری و کە یەکێکیان هات ئەویتریان لەگەڵیدا ناگونجێت، ئەم جۆرە پەیوەندییە لە ژمارەیەکی کەم لە جووتە وشەدا دەبینرێت وەک: (پڕ و پووچ، هیچ و پووچ... هتد).

٥- پەیوەندی هۆکار و ئەنجام:

هەندێ جار کەرتی یەکەمی جووتەوشەکە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی یان هێنانەدی کەرتی دووەم، بۆ نموونە جووتەوشەیەکی وەک: (سارد و سڕ) دەتوانرێ بەوە لێک بدرێتەوە کە ساردییەکە (سڕ) بوون دێنێتە کایەوە دیسان هەمان پەیوەندی لە جووتەوشەی (گەرم و گوڕ)دا بەدی دەکرێ بەتایبەتی لە یاری دیارە کە گەرمبوونەوە گوڕ و تین بەئەنجام دەگەیەنێ واتە، (شت کە گەرم بوو) بەگوڕ دەبێ[٢].

(١) محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠، ل ١٦٣.

(٢) نەسرین فەخری، هەندێ زاراوە و ئیدیۆمی کوردی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە، زانستگای بەغدا، چاپخانەی (دار الجاحظ) ژ ١٩٨، ١٩٧٦.



## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی


١- ئاواز حەمە سدیق، ڕێزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.

٢- ئەحمەد سەلام، جووتەناو یان ئاوەڵ وشە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری بەیان، ژ ٤٣ - ٤٤، بەغدا، ١٩٧٧.

٣- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (ناو) چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٩.

٤- بێخاڵ عەبدوڵڵا، واتاسازی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.

٥- تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح الدین ایوبی) چاپی یەکەم، ١٣٤٧.

٦- جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٢.

٧- فەتاح مامە، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.

٨- د. کامل حەسەن بەسیر، زاراوەی کوردی، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، سلێمانی، ١٩٧٩.

٩- محەمەد مەعرووف فەتاح، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٤، بەغدا ١٩٨٩.

١٠- موککەڕەم ڕەشید، جووتەناو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (بەیان)، ژ ٤٠ - ٤١، بەغدا، ١٩٧٧.

١١- موککەڕەم ڕەشید، لیستەیەک جووتەناو، گۆڤاری (بەیان)، ژ ٤٢ - ٤٣، بەغدا، ١٩٧٧.

١٢- مەسعود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، لە چاپکراوی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ١٩٨٨.

١٣- د. نەسرین فەخری، زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی جووتەوشە لە زمانی کوردیدا، عێراق، ڕۆشنبیری کوردی، ژ ١ - ژ ١١، ١٩٨٣.

١٤- د. نەسرین فەخری، فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی کوردی، ژ ١١ چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٤.

١٥- د.نەسرین فەخری، هەندێ زاراوە و ئیدیۆمی کوردی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە، زانستگای بەغدا، چاپخانەی (دار الجاحظ) ژ ١٩، ١٩٧٦.

١٦- د. نەسرین فەخری، لیکسیۆگرافیا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٧، بەغدا، ١٩٨٥.

١٧- د.نەسرین فەخری، دەم، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٣ - ١٠٤، ١٩٨٤.

١٨- د. نەسرین فەخری، دەست، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ١٩٨٥.

١٩- هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگ کوردی، فارسی، یک جلدی سروشت، تهران، ١٣٤٩.




## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی


1- Bolinger D. (1968), Aspects of language, New York: Harcourt, Brace and word.

2- Dressler W. (1985) on the predicativeness of natural morphology.

3- Fattah M. M (1997) A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doactoral dissertation Univeresity of Amsterdam.

4- Fattah M. (1998) Reduplication, (unpublished paper).

5- Katamba F. (1993) Morphology, Houndsmill Basingstake, London: Macmillan press.

6- Lehrer, A (1974) Semantic Fields & Lexical structure. Amsterdum: Nartholland.

7- Lehman, P (1972) Descriplive linguistice New York: Random House.

8- Lyons, J (1969) Introduction to theoretical Linguistics. Combridge: Cambridge University Press.

9- Mackenzie, D. N (1961) Kurdish Dialect studies London OUP.

10- Mc Carthy, J & Prince A. S (1990) Foot & Word in prosodic Morphology. NLLT 8, 269. 83.

11- MCcarus D. (1959) A kurdish grammar, Washington.

12- Sapir E. (1921) Language, New York. Har Court Brace.

13- Stageberg, N. (1993) An Introductory English Grammar (4th. edition). New York Harcourt Brace.

14- Ullmann, S. (1971) “semantics” in Linguistic at. large Minnis N. (ed) London: Victor Vallancz 7787.

15- Williams, E, (1987) On the notion Lexicall and “Head of a word” LI, 12, 234 - 74.

# سەرچاوەی نموونەکان

١- فازڵ نیزامەدین، ئەستێرە گەشە، فەرهەنگی کوردی - عەرەبی، وەزارەتی ڕاگەیاندن ١٩٧٧.

٢- عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٧.

٣- تاهیر سادق، ڕێنووس، چۆنێتی نووسینی ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٦٩.

٤- محەمەد ساڵح دیلان، دیوانی شیعر، چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان ١٩٨٧.

٥- محەمەدئەمین هەورامی، فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩.

٦- مەعرووف قەرەداغی، پەروەردە و زانست، بەغدا، ١٩٧٢.

٧- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٧.

٨- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، بەرگی دووەم، ١٩٦٤.

٩- دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەد مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٧.

١٠- د. نەسرین فەخری، فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی کوردی، چاپخانەی مەعارف، ژ ١٨، بەغدا، ١٩٧٤.

١١- نیعمەت عەلی سایە، گەوهەری گەرمەسێر، فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی زاری کەلهوڕی، دەزگای ڕۆشنبیری کوردی، بەغدا، ١٩٨٨.

١٢- د. نەسرین فەخری، یاری لە کوردەواریدا، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

١٣- هەژار، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگ کوردی و فارسی، یک جلدی، سروشت، تهران ١٣٤٩.



# ئەنجام و کورتەی نامەکە

ئەو بیروڕایانەی کە لە دووتوێی نامەکەدا هاتوون و داکۆکییان لێ کراوە دەمانگەیەننە هەندێ ئەنجام:

١- نامەکە پێناسەیەکی وردی بۆ جووتەوشە دیاری کردووە. بەپێی پێناسەکە جووتەوشە کاتێک بەجووتەوشە دەژمێررێ کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت.

أ- هەردوو کەرتەکە بەیەکەوە یەک واتا بدەن بەدەستەوە (یەکێتی واتایی).

ب- هەمیشە ئەم دوو کەرتە دەبێ بەیەکەوە بێن، واتا هیچ لەم دوو کەرتە لایان فڕێ نادرێ.

ج- بەگشتی دەبێ ئامرازێکی بەستن لە نێوانیاندا هەبێت.

د- دوو کەرتەکە بەزۆری پاش و پێش ناکەن.

هـ- هەردوو کەرتەکە دەبن بەسەرە بۆ ڕۆنانەکە واتە دوو دەرخراو بەیەکەوە دێن لە ڕووی ڕێزمانییەوە.

و- دوو کەرتەکە لە یەکتری ناترازێن، واتە هیچ کەرەسەیەک ناچێتە نێوانیانەوە.

بەم جۆرە نامەکە جووتەوشە لە چەندین ڕۆنانی تر جیا دەکاتەوە کە لە دوو وشە پێکهاتوون، ئەم خاڵە نامەکە لەو گێژاوە ڕزگار دەکا لە هەندێ لە کارەکانی پێشتردا دەبینرێت، بەتایبەتی نامەکە دەتوانێ جووتەوشەیەکی وەک (نەرم و نیان) لە ڕۆنانێکی وەک (دڵ ڕەق) جیا بکاتەوە هەرچەندە لە ژمارە کەرتەکانیشدا وەک یەک بن.

٢- نامەکە پەی بەوە بردووە کە دیاردەی جووتەوشە چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتووە لە کارەکانی پێشتردا، لەمانە، وشەی لێکدراو، ئاوەڵ وشە، جووتەناو، لێکدراوی بەستراو، لێکدراوی ناو بەناو. ئەم زاراوانە هەندێکیان ناگونجێن و تەمومژ دروست دەکەن، بۆ نموونە جووتەناو خۆی جۆرێکە لە وشەی لێکدراو و ناکرێت هەردووکیان یەک ناویان هەبێت: هەندێکی تریشیان جۆرێکن لە جووتەوشە وەک: وشەی لێکدراوی بەستراو. هەر لەبەر ئەمە نامەکە زاراوەی (جووتەوشە) بۆ دیاردەکە پەسەند دەکات.

# فەرهەنگۆکەیەک لە جووتە وشە

## ئـ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاڵ و گۆڕ | ئاخروئۆخر | ئاتاج و موحتاج | ئەنجن ئەنجن |
| ئاڵ و وێڵ | ئاو و خاک | ئاگر و دوو | ئیلا و بیلا |
| ئاڵ و بۆڵ | ئاین و ئۆین | ئاخ و ئۆخ | ئێران و توران |
| ئاسمان و ڕێسمان | ئام و شۆ | ئێسک و پروسک | ئێش و ئۆف |
| ئاسن و پاسن | ئاتار و پاتار | ئەسڵ و فەسڵ | ئۆین و ماجەران |
| ئاشنا و ڕۆشنا | ئاگر و پەنگر | ئیش و کار | |
| ئاشقە و ماشقە | ئاڵ و وێر | ئیلان و بیلان | |
| ئاخ و داخ | ئاخر و عاقیبەت | ئێرە و ئەوێ | |

## ب

| | | | |
|---|---|---|---|
| باس و خواس | بگرە و بەردە | بەزم و ڕەزم | بانە و بان |
| بست و قولانج | بنج و بناوان | بەژن و باڵا | بەند و بەستەڵەک |
| بارگە و بنە | بنە و بنەچە | بەر و بوخچە | بەین و بەینەڵڵا |
| بار و بارخانە | بۆن و بەرام | بەند و باو | بار و بو |
| بڕ و بیانوو | بەتاڵ و حەتاڵ | بەلاش و حەلاش | بۆن و برینگ |
| بانگ و سەلا | بوون و نەبوون | بەیت و بالۆرە | بەرد و بناغە |
| با و بژ | بریق و هۆڕ | بینە و بەردە | بێز و قێز |
| با و بۆران | بڵقە بڵق | بیر و باوەڕ | |
| برسی و تێنو | بەخت و یخباڵ | بن و بارگە | |
| بڕک و ژان | بەدڵ و داو | باق و بریق | |

## پ

| | | |
|---|---|---|
| پەنا و پشت | پیس و پۆخڵ | پووش و پەلاش |
| پڕ و پووچ | پینە و پەڕۆ | پچڕ پچڕ |



| | | |
|---|---|---|
| پرتە و بۆڵە | پەیتا پەیتا | پرس و ڕا |
| پێ و قەدەم | پەڕ و پووت | پوخت و پاراو |
| پێچ و پەنا | پان و بەرین | پیر و پێشینان |
| پەرش و بلاو | پەنا و پەسێو | پەل و پۆ |
| پڕ و پیرێژن | پێوپل | |

## ت

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاس و لووس | تف و لەعنەت | تەشک و دامەن | تاق و جووت |
| تاک و تەرا | توخم و تۆ | تەڕ و تووشی | تام و بۆن |
| تاق و لۆق | تۆز و خۆڵ | تەفر و تونا | تەخت و تاراج |
| تەپ و تۆز | تەبا و ڕەبا | تەق و تۆق | تەرەح و دیدار |
| تەپ و هۆڕ | ترش و تاڵ | تەق و لۆق | تەڕ و بەڕ |
| تەڕ و تازە | تفت و تاڵ | تەم و مژ | تەڕ و وشک |
| تروتۆپ | تەخت و بەخت | تەنگ و تار | تۆزە تۆزە |
| توند و تۆڵ | تەڕ و وشک | تێکە و لێکە | ترپەترپ |
| توند و تیژ | تیر و بانە | تین و تاو | |
| تیژ و پڕ | تاک تاک | تین و تەوژم | |
| تیر و توانج | تیف تیفە | تەسک و تریسک | |
| تێک و پێک | تۆپ تۆپێن | تەنگ و چەڵەمە | |
| تاوتوو | تریقە و هۆڕ | تک تک | |
| تاریک و تنوک | تەخشان و پەخشان | تەمبەڵ و تەوەزڵ | |
| تاک و تەنیا | تاخم و تەدارەک | تاو تاو | |

## ج

| | | | |
|---|---|---|---|
| جار و بار | جەرگ و هەناو | جۆر و جۆبار | جیر و هۆڕ |
| جاڕس و وەڕس | جێ و ڕێ | جێ و مەکان | جلک و ملک |
| جرت و فرت | جوولەجوول | جام و مام | جەور و جەفا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جڕ و جانەوەر | جار جار | جل و بەرگ | جومعە و جەماعەت |
| جیا جیا | جەم و دەم | جوست و جۆ | |
| جم و جۆڵ | جلّقە و فلّقە | جوان و لەبار | جبە و عەبا |
| جۆش و خرۆش | جوان و جحێڵ | جل و جۆڕ | |

## خ

| | | | |
|---|---|---|---|
| خان و مان | خرچەخرچ | خەم و خەفەت | خێر و بێر |
| خاوخێزان | خڕەخڕ | خێر و خۆشی | خێل و خوار |
| خاتر و خۆتر | خوار و خێچ | خەو و خەیاڵ | خولەخول |
| خاو و خلیچک | خزم و کەس | فرت و پرت | خەست و خۆڵ |
| خەت و خاڵ | خانم و خاتوون | خلت و خار | خوورەوشت |
| خاڵ و بۆر | خڕ و خۆڵ | خەنە و مەنە | خەم و خەفەت |
| | | | خڕ و پڕ |

## د

| | | | |
|---|---|---|---|
| داب و نەریت | دڕک و داڵ | دەم و پل | دەستومست |
| داد و بێداد | درۆ و دەلەسە | دەم و جەم | دوگمە و دۆلاب |
| دار و دیوار | دەما و دەم | دێزە و دەرخۆنە | دێو و درنج |
| داد و فیغان | دەستا و دەست | دێ و دێهات | دەقاودەق |
| دار و بەرد | دەغڵ و دان | دزی و حیزی | دەنگ و باس |
| دار و دەوەن | دەستە وەستان | دەرد و بەلا | دۆست و دوژمن |
| دار و درەخت | دەم و دەست | دەرس و دەور | دەر و پشت |
| دامودەزگا | داودەرمان | دەر و دراوسێ | دوور و نزیک |
| داش بەداش | دەرد و ئێش | دەستوبرد | دەریا و دۆڵ |
| دابڕ دابڕ | دوور و درێژ | دوعا و نزا | دەم و چاو |
| دادڕ دادڕ | دەست و بازوو | دڵ و دەروون | |



## ڕ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕا و تەگبیر | ڕێگاوبان | ڕێ و بان | ڕێ و جێ |
| ڕاو و شکار | ڕێ و شوێن | ڕەگ و ڕیشە | ڕەنگاوڕەنگ |
| ڕاوەڕووت | ڕێک و پێک | ڕاستە و ڕێ | |
| ڕاست و ڕەوان | ڕەش و ڕووت | ڕەنگ و بۆن | ڕەشوبرش |
| ڕاست و دۆست | ڕووت و قووت | ڕەق و تەق | ڕەند و مەند |
| ڕاز و نیاز | ڕووت و ڕەجاڵ | ڕۆ ڕۆ | ڕێز و حورمەت |
| ڕاست و چەپ | ڕەنگ و ڕوو | ڕیشکە و پێشکە | ڕیس و گوریس |

## ز

| | | | |
|---|---|---|---|
| زاوزێ | زرمەزرم | زۆر و بۆر | زەوی و زار |
| زاق و زریق | زەبر و زەنگ | زۆر و زەند | |
| زرم و هۆر | زوڵم و زۆردار | زگ و زار | |

## ژ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژن و ژان | ژن و ماڵ | ژن و مناڵ | ژەهر و ژەنگ |
| ژار و ژەنگ | ژان و پێچ | ژەنگ و ژار | ژیر و زەبەر |

## س

| | | | |
|---|---|---|---|
| سارد و سڕ | سەر و سەکوت | سینگ و بەرۆک | سات و کات |
| سارد و سەرما | سەر و گێلاک | سیس و پیس | ساغ و سەلیم |
| ساز و سەمتور | سەرەولێژ | سەیر و سەفا | سادە و ساکار |
| ساف و لوس | سەرەوژوور | سولح و سەلام | سڕ و تڕ |
| سەرما و سۆڵ | سەر و سامان | سووچ و تاوان | سپی و سۆڵ |
| ساز و سەما | سەیر و سەمەرە | سەر و چاو | سۆرا و سپیاو |
| سفت و سۆڵ | سێ و دوو | سەڵت و قوڵت | سووک و چرووک |
| سەرانسەر | سەر و پێ | سەنگ و مەنگ | سوور و سپی |

## ش

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاخ و داخ | شڵپەشڵپ | شل و شۆق | شێو و دۆڵ |
| شان و شەوکەت | شڕ و وڕ | شەرم و حەیا | شین و شەپۆڕ |
| شان و شکۆ | شۆخ و شەنگ | شل و شێواو | شیر و تیر |
| شا و گەدا | شەڕ و شۆڕ | شەقە و پەقە | شت و مەک |
| شل و مل | شەڕەشەق | شڕ و شێت | شڕ و شۆڵ |
| شل و شۆڕ | شەلە شەل | شێت و شەیدا | شان و پیل |
| شرە و شیتاڵ | شەنە و بێڵ | شێت و وێت | شڕ و دڕ |
| شلق و هۆڕ | شەل و گێڕ | شڕە و بڕە | شەنگ و شۆخ |
| شلپ و هۆڕ | شێت و هار | شل و کوت | |
| شلقە شلق | شەڕوهەڵڵا | شین و گریان | شەش و بێش |

## ع

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەرش و قورش | عەقڵ و ماریفەت | عەیب و عار | عەرد و بەرد |
| | عەیش و نۆش | عەنتیکە و پەنتیکە | عەین و مەین |

## غ

| | | | |
|---|---|---|---|
| غەل و غەش | غەرغەرە | غەڵبەغەڵب | غارغارێن |

## ف

| | | | |
|---|---|---|---|
| فڕ و فێڵ | فشەفش | فینگەفینگ | فڕ و فیشاڵ |
| فش و فۆڵ | فەند و فێڵ | فڵچەفڵچ | فیز و هەرا |
| فاک و فیک | فلق و هۆڕ | فەن و فۆن | |

## ق

| | | | |
|---|---|---|---|
| قات و قڕ | قڕ و قەپ | قەزا و قەدەر | قەوچەقەوچ |
| قاپ و قاچاغ | قاچ و قۆڵ | قڕ و قەپۆز | قاچ و قووچ |
| قاڕ و قۆڕ | قوڕ و چڵپاو | قەوم و قیلە | قەدر و قیمەت |



| | | | |
|---|---|---|---|
| قایش و قرووش | قەرز و قۆڵ | قەوس و قەزەح | قەدر و گیپاڵ |
| قاو و قیژ | قەد و باڵا | قیڕەقیڕ | قیژ و هۆڕ |
| قرچ و هۆڕ | قێز و بێز | قیر و سیا | قیژە و هەرا |

## ک

| | | | |
|---|---|---|---|
| کار و بار | کەر و بار | کفت و ماندوو | کەند و کۆسپە |
| کرچ و کاڵ | کەژ و کێو | کشتوکاڵ | کون و قوژبن |
| کرێوە و باران | کەس و کار | کورت و کرمانجی | کەم و زۆر |
| کل و کۆ | کەف و کوڵ | کۆچ و کۆچبار | کێشە و گێژە |
| کفن و دفن | کەل و پەل | کۆشک و تەلار | کوت کوت |
| کت و پڕ | کەند و کۆسپ | کچ و کاڵ | کیبە و کەمەر |
| کوڕ و کاڵ | کەین و بەین | کردە و گۆشە | |
| کوشت و بڕ | کت و مت | کێو و تەلان | کرت و هۆڕ |
| کا و با | کز و کوێر | کەرت و پەرت | کەش و فش |
| کا و کۆت | کاسە و کەوچک | کەم و کورت | کوچە و مەجار |
| کۆت و بەند | کەڕ و لاڵ | کت و کوێر | کەچە و پەچە |
| کۆت و زنجیر | کار و پیشە | کەیف و سەیف | |
| کۆچ و بار | کار و کردەوە | کیژ و کار | |
| کۆلەگە و کاریتە | کانی و ئاو | کەند و لەند | |

## گ

| | | | |
|---|---|---|---|
| گا و گۆل | گێرە و کێشە | گۆز و گوجمەت | گێژ و حول |
| گریە و ناڵە | گێژوویژ | گرمەگرم | گردوگۆل |
| گرم و هۆڕ | گێژ و وڕ | گەمە و گاڵتە | گڕ و فڕ |
| گژ و گیا | گیر و گرفت | گێل و وێل | گۆشا و گۆش |
| گفت و گۆ | گاڵتە و گەپ | گڕ و گاڵ | گەشت و گوزار |
| | | گفت و لفت | گرنج گرنج |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گوج و ئیفلیج | گا و گەردوون | گورزە و گۆپاڵ | گڤەگڤ |
| گەرم و گوڕ | گران و سەنگین | گەرما و گەرم | گاسپە و گلێپ |
| گەدە و گیپاڵ | گروگۆ | گەز و مازوو | گۆتەگۆت |
| گەل و هۆز | گرژ و مۆن | گەڵ و گون | گریَ و گاڵ |
| گەند و گو | گەوجەگەوج | گێچەڵ و گۆنگەڵ | گەز گەز |
| گەورە و گران | گیا و گۆڵ | | |

## ل

| | | | |
|---|---|---|---|
| لات و لووت | لەڕ و لاواز | لەت لەت | لستە و پۆستە |
| لار و لەنجە | لەش و لار | لێک و پێک | لوورە لوور |
| لاف و گەزاف | لەنگ و لۆر | لووت و پووت | لۆژە لۆژ |
| لاق و لەتەر | لێدان و کوتان | لێو و پل | لووشە لووش |
| لاڵ و پاڵ | لێرە و لەویَ | لەف و لۆف | لەم و لەو |
| لق و پۆپ | لچ و لێو | لاق و لەتەر | لێرە و لەویَ |
| لووس و پووس | لرخەلرخ | لۆچ و پۆچ | لیتەوپیتە |
| لەت و پەت | لەق و لۆق | لۆقەلۆق | |
| لەت و کۆت | لرچ و لۆچ | لپ و لێو | |

## م

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماچ و مورچ | ماڵ و حاڵ | مەڕ و ماڵات | منجەمنج |
| ماش و برنج | ماڵ و منداڵ | مەکر و ماجەران | مڕ و مۆن |
| مات و پەشێو | ماڵ و ژن | مێروو مێوان | ملّچەملّچ |
| مات و مەلول | مشت و ماڵ | مچ و مۆڕ | مەرگ و ژین |
| مار و مور | مشت و مڕ | مڕ و مۆش | |

## ن

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناز و نووز | نەرم و نۆڵ | ناوناتۆرە | نوێن و بان |
| ناز و نیاز | نەخت و پوخت | نەخش و نیگار | نان و دۆ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| نەدی و بدی | نووزە نووز | نووکەنووک |ناڵە و فیغان |
| نەرم و نیان | نەرم و شل | نم نم | نان و خوان |

## و

| | | | |
|---|---|---|---|
| وتوویێژ | ورتە و بۆڵە | ورد و خاڵ | وڕ و کاس |
| ورد و خاش | وشک و برینگ | ورت و وێران | وڕ و گێژ |
| ورد و درشت | ورتە ورت | وار و وێنج | وت و وریا |
| | | | وشک و برینگ |

## ه

| | | | |
|---|---|---|---|
| هات و هاوار | هەڵتەک و پەڵتەک | هەڵس و کەوت | هیشک و بریشک |
| هات و هووت | هیچ و پووچ | هەوراز و نشێو | هۆش و گۆش |
| هات و چۆ | هەڕەشە و گوڕەشە | هەیت و هوت | هار و بەتەڵ |
| هەڕ و گیڤ | هەست و نەست | هەرزان و تاڵان | هەرچی و پەرچی |
| هەرا و هۆریا | هەڵ و مەرج | هێڕوهوڕ | |

## ی

| | | | |
|---|---|---|---|
| یار و یاوەر | یار و ئەغیار | یاغر یاغر | یەواش یەواش |

# هۆنراوەی کوردی بە بەکارهێنانی جووتە وشە

## پێشەکی

ئەم چەند لاپەڕەیە کە بەشێکە لە کۆمەڵێک نموونەی شیعری شاعیرە نەمرەکانمان و ئێمە گەلێک جووتەوشەمان لێ هەڵهێنجاون. لێرەدا ئەو بەشە دەخەینە ڕوو کە ئەم جووتەوشانە بەسانایی و ئاسانی وەک هەر وشەکانی تر ڕژاونەتە ئەو دێرە شیعرانەوە لەو جێیانەن کە (پڕ بەپێستی خۆیانە) و ئەو شاعیر و نووسەرە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرانە نووسینەکانی خۆیان بەجووتەوشەی ڕەسەن زاخاو داوە وەک بەڵگەیەک کە ئەوەی لە باوەشی سروشتی ڕەنگینی پڕ بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەیدا گەورە بووبێت و گوێی بەو وشانە زرنگابێتەوە و لێوی بەوان هاتبێتە گۆ دەبێت نووسین و شیعرەکانیان بەڵگەی ئەو ڕاستییە بێت.

بۆیە جێی داخە زۆر هەن دەڵێن کە ئەم جووتەوشانە لەسەر زمانی خەڵکی و وتووێژی ڕۆژانە باو و بڵاوە، بەڵام لە زمانی لاوان و گەنجان و نووسین و نووسەران کشاوەتەوە جا تاوانی کزبوون و کشانەوەی ئەم گەنجینە بێ هاوتایە و ئەم بەشە گرنگە لە کەلەپووری زمان دەکەوێتە ئەستۆیان و بەرپرسیاری مێژوو دەبنەوە با پێش (کار لە کارترازان) ببنە نموونەی ئەوانەی گەرمی و نەرمی ئەو سروشت و زمانەیە هێزی تایبەتییان بەتامتر و بەگوڕتر دەکات. پێش ئەوەی لەگەڵ سنگی ئەوانەی نووسەر نین و بەساڵیشدا چوون زیندەبەچاڵ بکرێت.

بۆیە د. نەسرین بە(فەرهەنگی میللی)ی سێکوچکەی زمان و وێژە و



ڕەوانبێژی داناوە چونکە لە هەرسێکیاندا شوێنی پڕشنگدار و بەپێزی خۆی تۆمار کردووە و دەکات.

| | |
|---|---|
| دار و بەند | من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە |
| لەت لەت | لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن(١) |
| شۆخ و شەنگ | کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ |
| | تا کەنگی دەبێ وابێ هەست و دەنگ(٢) |
| قیت و قۆز | لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ |
| | ئەگەر کووڕە وەگەر گۆجە و شەل و گێڕ(٣) |
| توند و تۆڵ | هەموویان توند و تۆڵ و گورج و گۆڵ و چوست و چالاکن |
| گورج و گۆڵ | |
| فڕ و فێڵ | هەموویان بێ فڕ و فێڵ و بەکار و سادە و پاکن(٤) |
| تاڵ و تفت | |
| سارد و گەرم | بەتاڵ و تفت و سارد و گەرم و ناخۆشی ژیان ڕادێن |
| بەفر و باران | بەگژ تین و بڵێسە و بەفر و باران و هەوردا دێن(٥) |
| قات و قڕە | لە لایەک قات و قڕە(٦) |
| کوشت و بڕ | لە لایەک کوشت و بڕە |
| | هەموو کەس حاڵی شڕە |

---

(١) هێمن، تاریک و ڕوون، ١٩٧٤، ل ٤٩.

(٢) هێمن، تاریک و ڕوون، ١٩٧٤، ل ٥٠.

(٣) هێمن، تاریک و ڕوون، ١٩٧٤، ل ٥١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٩٧.

دوژمن نان و دۆ بڕە

سارد و سڕ — ئەی زێڕی زەردی سارد و سڕ
گەرم و گوڕ — چۆنت برد دڵی گەرموگوڕ[١]

ئاخ و داخ — بەفر ئەڕژێتە گۆڕستانی شاخ
ناوێرێ هەرگیز بکا ئاخ و داخ

ڕەنگا و ڕەنگ — ئاوی قەڵبەزەی سپی و ڕەنگاوڕەنگ
لە گەرووی کەژا، ئەیکا بەئاهەنگ[٢]

نەرم و نۆڵ — وا گوڵاڵە شەونمی نواند بۆ مەلانی نەرم و نۆڵ
چۆڵ و هۆڵ — بوو بەئاهەنگ لەو چیای دوێنێمان بوو، چۆڵ و هۆڵ[٣]

پەڕ و باڵ — نە شوانم بە، نە شوانت بم، بەشمشاڵ
بۆ دڵێکی وشک، بکەین پەڕ و باڵ[٤]

کوت کوت — وەرە ئەی دڵ بەسییە، بیدە سەگانی دەری بار
لەت لەت — دڵەکەی کوت کوتی من یا جگەرە لەت لەتی خۆت[٥]

قەدر و قیمەت — قوطبی زەمانە خالید ئاوارە بوو وەکو من
خانومان — بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خانومان و بێ نان[٦]

---

(١) کامەران موکری، ل ٦٧، ١٩٨٧.
(٢) کامەران موکری، ل ٧٦، ١٩٨٧.
(٣) کامەران موکری، ل ١٠٢، ١٩٨٧.
(٤) کامەران موکری، ل ٥٢، ١٩٨٧.
(٥) حاجی قادری کۆیی، ل ٥٩، ١٩٨٧.
(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٨٧، ١٩٨٧.
(٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦، ١٩٨٧.



صەوم و صەلات — لە ڕەهنی وی بێ دەبن صۆفی وەکو من
بکا پێشکەش هەموو صەوم و صەلاتی[٧]

ڕەش و ڕووت — لە بۆ ئەم یەک دوو ئەشعاری ڕەش و ڕووت
هەتا پەیدا بوو ڕۆحم گەیییە سەر لووت[١]

شێخ و مێخ — دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا
هیچ کەسێ ڕزقی هیچ کەسێ نادا[٢]

ڕەنگ و ڕەنگ — گوڵ لە باغاندا جۆشاوە،
ڕەنگ ڕەنگ صەف صەفیان کێشاوە
صەف صەف — لالە دەڵێی دڵ ئێشاوە، کە نارە جۆیباری گرت[٣]

ورد ورد — دوشمن ڕێی تەنیون بەداوی ورد ورد
دوشمنی گەورەی کورد ئیستعماری پیر[٤]

تاک و تووک — تاک و تووک دێی دوور دووکەڵی چین چینی
چین چین — بەرزی کاتەوە بۆ ئاسمانی شین[٥]

قڕەقڕ — ئەم قڕەقڕە قڕی انسانە
ڕاستت پێ بڵێم فیتی شەیتانە[٦]

---

(١) حاجی قادری کۆیی، ل ٢٣٠، ١٩٨٦.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.
(٣) وەفایی، ل ٢٥، ١٩٧٨.
(٤) گۆران، ل ١٢٥، ١٩٨٠.
(٤) گۆران، ل ١٢٥، ١٩٨٠.
(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.
(٦) پیرەمێرد، ل ٢٤٣، ١٩٧٠.
(٧) پیرەمێرد، ل ٢٤٢، ١٩٧٠.

| | |
|---|---|
| کەسوکار | لەگەڵ ئاوەڵان تێر پڵاو ئەخۆم |
| | تێر کەسوکارم ئەبینم بۆ خۆم[٧] |
| زرم و هوڕ | هەر زرم و هوڕ و هەرا هەرایە |
| هەرا هەرا | سەیرێکی خۆشە وەک سینەمایە[١] |
| ئاخ و داخ | خەڵکی بۆ گەڵای بەئاخ و داخە |
| | لەگەڵ پێ گەیشت باوی یاپراخە[٢] |
| مار و مێروو | دەیبەنە سەربان لەوێ هەڵیەخەن |
| | سفرە بۆ مار و مێروو ڕائەخەن[٣] |
| شیر و تیر | من برۆی پەیوەستی ئەو نازدارە شیر و تیرمە |
| کۆت و زنجیر | پرچی لوول و زوڵفی ئاڵۆز کۆتە و زنجیرمە[٤] |
| گێژ و وێژ | شەوێ جاران شەوگاری پایزی درێژ |
| | تا سۆرایی ئەپەڕیە چاوی گێژ و وێژ[٥] |
| گەرم و گوڕ | بێ باوەشی گەرم و گوڕ |
| | بێ دڵی بەزەیی پرت[٦] |
| جموجووڵ | باڵندە دێتە جموجووڵ |
| کەف و کوڵ | ئەچریکێنن لەگەڵ نزار |
| | ئەکەونە جۆش و کەف و کوڵ[٧] |

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣.

(٤) دیلان، ل ٥٢ ، ١٩٨٧.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٥.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ١١٢.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٩.

# ناوەڕۆک


ناونیشانی باسەکە ..... 5
مەبەستی باسەکە ..... 5
بایەخی باسەکە و ڕادەی پێویستی ..... 7
ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ..... 7
سەرچاوەی نموونەکان ..... 9
بەشەکانی نامەکە ..... 9
بەشی یەکەم ..... 13
پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر ..... 13
کارەکانی موککەڕەم ڕەشید ..... 14
ئەحمەد سەلام ..... 22
د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ..... 25
د. کامل بەسیر ..... 25
د. نەسرین فەخری ..... 27
محەمەد مەعرووف فەتاح ..... 27
تەها فەیزی زادە ..... 29
م. مەسعوود محەمەد ..... 31
ئاواز حەمە سدیق ..... 33
بەشی دووەم ..... 35
ڕێزمانی (سینتاکسی) جووتەوشە ..... 35
هێماکان ..... 35
سەرەتای بەشی دووەم ..... 35
پێناسەی جووتەوشە ..... 36
سنووری جووتەوشە و جوداکردنەوە لە دیاردەکانی نزیکی ..... 37
أ- جووتەوشە و دەستەواژە ..... 37
ب- جووتەوشە و لێکدراوی تر ..... 42





پەیوەندی نێوان أ و ب لە هاوکێشەی جووتەوشەدا ..... 49
پەیوەندی شێوەیی ..... 49
جۆرەکانی جووتەوشە ..... 54
١- جووتەوشەی دووبارە ..... 54
أ- ئەرکی دووبارە ..... 56
ب- چەشنەکانی دووبارە ..... 57
ج- پۆلکردنی واتای دووبارە ..... 59
د- بەرهەمهێنانی دووبارە ..... 59
هـ- هەندێ لایەنی تیۆری دووبارە ..... 62
٢- جووتەوشەی بەستراو ..... 67
٣- هەندێک تایبەتی ئامرازەکانی جووتەوشە ..... 71
٤- ڕیزکردنی کەرتەکانی جووتەوشە ..... 77
أ- گرنگی شوێنی یەکەم لە جووتەوشەدا ..... 77
ب- پڕکردنەوەی شوێنی یەکەم لە جووتەوشەدا ..... 81
١- هۆکاری وەسفی ..... 82
٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی ..... 83
٣- هۆکاری دوور و نزیکی لە شوێن و کاتدا ..... 84
٤- هۆکاری خواستن ..... 84
٥- هۆکاری شێوەیی (شکلی) ..... 84
شوێنی جووتەوشە لە ڕستەدا ..... 87
پاش و پێش خستنی جووتەوشە ..... 90
شوێنی نیشانەی نەرێ لە جووتەوشەدا ..... 92
بەشی سێیەم ..... 93
واتاسازی جووتەوشە ..... 93
١- تاریک و ڕوونی جووتەوشە ..... 93
أ- پۆلکردنی واتای جووتەوشە ..... 99

پۆلکردنی واتای دووبارە ... 99
أ- واتای گشتی جووتەوشەی دووبارە ... 99
ب- واتای گشتی جووتەوشەی بەستراو ... 100
جووتەوشە و ئیدیۆم ... 102
ب- پۆلکردنی واتای جووتەوشەی لێکدراو و بەستراو ... 105
١- پەیوەندی واتای ستوونی ... 105
٢- پەیوەندی سینتاکسی یا ئاسۆیی ... 106
پەیوەندی واتایی ... 107
پەیوەندی هاوواتایی یان نزیک واتایی ... 108
پەیوەندی دژ واتایی ... 109
أ- دژ واتایی پێچەوانە ... 109
ب- تەواوکردن ... 109
ج- گۆڕینەوە ... 110
پەیوەندی گرتنەوە ... 110
پەیوەندی جیاوازی ... 111
پەیوەندی هۆکار و ئەنجام ... 111
سەرچاوەکان بەزمانی کوردی ... 112
سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی ... 114
سەرچاوەی نموونەکان ... 115
ئەنجام و کورتەی نامەکە ... 116
فەرهەنگۆکەیەک لە جووتەوشە ... 117
هۆنراوەی کوردی بەبەکارهێنانی جووتەوشە ... 125